





سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- **عومەر باڵەکی:** سنووربەزاندنەکانی ئێران لە وڵاتەکانی تر لە ڕوانگەی یاساوە.... **دیمانە: شەهلا حاجیڕەحیمی** .... ٤

٢- **شەونم هەمزەیی:** سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی نەماوە و دەنگی ژنانی ئێران گەیشتووەتە هەموو جیهان...... ........................................................................................ **دیمانە: گۆڤاری ژنان** ..... ١١

٣- **شنە درودگەر – موژگان عەلیپوور:** لە «حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان»، هەتا «شۆڕشی ژینا»................. ........................................................................................ **دیمانە: شەهلا حاجی ڕەحیمی** ..... ١٦

٤- **د. کوێستان گادانی:** خەبات و شۆڕشی ژنان لە ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات لە ماوەی "شۆڕشی ژینا"........................ ........................................................................................ **دیمانە: نەشمیل عەبدی** ..... ٢٠

٥- **شنە درووودگەر:** هیوادارم بانگەوازی هاوبەشی ٦ حیزبەکەی ڕۆژهەڵات، ببێت بە بەستێنێک کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا لایەنەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانیدا.............................................. **دیمانە: قەندیل پرێس** ..... ٢٩

٦- **شلێر باپیری:** ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی تا ساڵڕۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا.......... ........................................................................................ **دیمانە: نەشمیل عەبدی** ..... ٣٤

٧- پێویستی بەشداربوونی ژنان لە ڕێزەکانی پێشمەرگەدا هەتا ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان................. ........................................................................................ **دیمانە: شاماران** ..... ٤٠

٨- **گوڵاڵە شەرەفکەندی:** وێژمانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، وێژمانێکە ئێستاش کلیلی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی پێیە................................................................................. **دیمانە: شەهرام سوبحانی** ..... ٥١

٩- **فاتمە عوسمانی:** ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بەشداری کردن لە بازنەی سیاسەتدا لە چوارچێوەی یاساکانی کۆمار ئیسلامی ئێراندا................................................................................. **دیمانە: شاماران** ..... ٥٨


١٠- یاسای گەڵاڵەی نور و سەپاندنی زیاتری حیجابی زۆرەملی لە دژی ژنان.......................... **دیمانە: شاماران** ..... ٦٢

١١- **گوڵان هیجری:** ڕوانگەی د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو سەبارەت بە مافی ژنان و بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەتدا................................................................................. **دیمانە: شاماران** ..... ٧٣



سەرچاوە Serchawe

١٢- **گوڵان هیجری:** دووهەمین ساڵوەگەڕی بزوتنەوەی ژن ژیان ئازادی و بەشداری ژنان لەم بزوتنەوەیەدا...................
........................................................................................ دیمانە: شاماران ..... ٧٧
١٣- **د. لەیلا مرەوتی:** بزووتنەوەی ژینا هاوسەنگیی هێزی تا ڕادەیەک لە بەرژەوەندیی کوردستان گۆڕی.....................
........................................................................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٨٣
١٤- **د.ئارەزوو نەستانی:** شەڕ و لێکەوتە دەروونی و توندوتیژیەکانیدژی ژنان و منداڵان......... دیمانە: شاماران ..... ٨٩
١٥- **دکتۆر فەوزیە:** بوارە دەروونییەکانی کاتیسووڕی مانگانە لە ژنان و کچاندا........... دیمانە: جیهان بێتووشی ..... ٩٤



# عومەر باڵەکی: سنووربەزاندنەکانی ئێران لە وڵاتەکانی تر لە ڕوانگەی یاساوە.
## دیمانە لەگەڵ ئەندامی ڕێبەریی حدکا



**دیمانە: شەهلا حاجیڕەحیمی**

**شەهلا حاجیڕەحیمی: لە ڕۆنگەی بەڕێزتانەوە چ لە ڕووی ئەمنی و چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی دۆخی ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ پێتان وایە ئێران وەک وڵاتێکی ئاسایی بەڕێوە دەچێ یان نا؟**

**عومەر باڵەکی: نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ئێران هەتا ئێستاکە نەیتوانیوە لە بواری سیاسیی وئابووری وتەنانەت کۆمەڵایەتیەوە سەقامگیربێ. هۆکاری ناسەقامگیری سیاسیی وئابووری نیزامی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی تێروانی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ پرسە سیاسیی وئابوورییەکان کە ئەو شێوە تێڕوانینە لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوو دا هەم لە نێو خۆی ئێران وهەم دەرەوەی سنوورەکان کێشەی سیاسیی وئابووری بۆ گەلانی ئێران دروست کردووە بە چەشنێک کە لە بواری سیاسییەوە لە پێوندییە نێو دەوڵەتییەکان بە چاوی گومانەوە دەروانە کارو کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران وئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر باردۆخی ژیانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران، بە واتایەکی دیکە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی هەناردە کردنی شۆرش بۆ دەرەوەی سنوورەکان و دەست وەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دووروبەر ودروست کردن و پێکهێنانی تاقمی تێرۆریستی بناژۆخواز وای کردووە کە سەرمایەگوزارانی وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی هیچ هەنگاویەک بۆ سەرمایەدانان لە نێوخۆی ئێران هەڵنەگرن و لە**

هەمان کاتدا پرۆژەی دەست وێراگەیشتن بە چەکی ناوەکی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا وای لە کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەتی وڵاتانی رۆژئاوایی کردووە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئابلۆقەی ئابووری بخەنە سەر ئەو وڵاتە کە راستەوخۆ کاریگەری کردۆتە سەر ژیانی ئاسایی خەڵک وبۆتە هۆی ناسەقامگیری ئابووری لە نێو خۆی ئێران بە چەشنێک کە بە پێی ئامارەکانی خودی حکومەت لە حالی ئێستادا نزیک بە ٧٠لەسەدی خەڵکی ئێران لە ژێر خەتی هەژاری دا دەژین و کۆمەڵگەیەکی بەو جۆرە بەهەزاران نەخۆشی کۆمەڵایەتی وەک جیابوونەوەی ژن ومێرد، گیرۆدە بوون بە ماددە هۆشبەرەکان، پەرەگرتنی دیاردەی لەش فرۆشی، پەرەگرتنی شەروئاژاوەی جۆراوجۆر لە نێو تاک وکۆی کۆمەڵگە.... سەریان هەڵداوە. بۆیە ئێران وەک وڵاتێکی ئاسایی بەرێوە ناچێ چونکە لە ڕاونگەی دەسەڵاتدارانی تارانەوە کۆمەڵگەی ئێران سەغیرە واتا پێویستی بە چاوەدێر وسەرپەرەست هەیە بۆیە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەری ئیمامی زەمانەولە ڕێگای ئەوەوە نوێنەری خوایە لەسەر زەوی ووەلی ئەمری موسوڵمانانە وتەنیا ئەوە مافی بیر کردنەوە وبریار لەسەر دانی بۆ چارەنووسی خەڵک هەیە.

**شەهلا حاجیڕەحیمی**: سیستمی سیاسی کە لە ئێران کاری پێ دەکرەێ چ جۆر سیستمێکە؟ پێتان وایە ئەو سیستمە وڵامدەرە یان وڵامدەر بووە و دەبێ بۆ ئەو هەمو پێکهاتەیەی وا لە ئێران دەژین؟

**عومەر باڵەکی**: هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو سیستمە بۆ هەموو دنیا سیستمێکی نا ئاشنا بوو، بە چەندین هۆکار یەکەم لە گەڵ سیستمە جیهانی یەکانی باو لەو سەردەمەدا زۆر جیاوازی هەبوو بە چەشنێک کە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی ناموو بوو. دووهەم بنەماکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە سەر پایەکانی ئاین ومەزهەبێکی دیاری کراو دارێژاوە کە ئەو جۆرە سیستمە بە چەندین سەدەیە لە لایەن کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە بە مێژوو سپێردراوە. واتا لە سەدەکانی ناوەراست ودوای شۆرشی ڕێنسانس لە ئوروپا ئاین ومەزهەب بە شێوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی لە هیچ وڵاتێک دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە نەبووە. سێهەم لە نیزامی ئێستای ئێران دا سیستمی کۆماری وئیسلامی بەدوای یەک دا بوونە پێناسەی سیستمی سیاسیی ئێران کە هەر ئەو پێناسەیە لە بنەرەتەوە ناتەبایی تێدایە چونکە سیستمی کۆماری لە سەر ئەساسی باوەردار بوون بە دەسەڵاتی خەڵک دادەمەزرێ واتا لە سیستمی کۆماری دا دەسەڵات لە لایەن خەڵکەوە دەست نیشان دەکرێ ولە هەمان کاتدا هەر لە لایەن خەڵکەوە پرۆسەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات بەرێوە دەچێ، بەڵام لەو سیستمە کە لەسەر بنەماکانی دین ومەزهەبێک دامەزراوە هەموو یاسا وڕێساکان کە کۆمەڵگە لەسەریەتی بەرێوەیان بەرێ لە دەسەڵاتی مرۆڤەکان بەدەرە ولەو سیستمەدا قانووندانەر بە پێی ئەو یاسایانە قانوون دادەرێژێ کە بە هەزاران ساڵ لەوە پێش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کاریان پێ کردوون و لەبەر ئەوە بە قانوونی ئیلاهی ناسراون مرۆڤەکان مافی ئەوەیان نییە دەست کاریان بکەن ئەو لە حاڵێک دایە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە رادەیەک پێشکەوتووە کە بۆ تەنزیم کردن ونەزم پێدانی کۆمەڵگە هەموو ساڵێک پێویستی بە قانوونی نوێ دەبێ. چوارم سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بواری ساختاری



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتەوە بە تایبەتی دەسەڵاتەکانی ڕێبەری ئەو نیزامە هیچ جیاوازیەکی لە گەڵ نیزامی پێش خۆی واتا نیزامی پاشایەتی نییە. لە هەر دوو نیزام دا ( پاشا وڕێبەر) بە پێی ئەسل وماددەکانی قانوونی بنەرەتی ئێران نوێنەری خوا لەسەر زەوین ولە بەرانبەر قانوون دا بەرپرسیار نین وقسە وکرداریان قانوونەو دەبێ جێبەجێ بکرێ وتەنیا خۆیان سەلاحییەتی ئەوەیان هەیە ئەو قانوونانە هەڵبوەشێننەوە. بۆیە ٤٤ ساڵ لەوە پێش گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی راپەرین وڕوخاندیان ولە حاڵی ئێستاش دا دەبینین دوای ٤٣ ساڵ دەسەڵاتداریەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە گەلانی ئێران ڕاپەریوەن وخوازیاری لابردنی دەسەڵاتداریەتی نیزامی کۆماری ئیسلامین، چونکە نیزامی کۆماری ئیسلامیش وەک نیزامی پاشایەتی وڵامدەری نیازەکانی گەلانی ئێران نەبووە.

**شەهلا حاجیڕەحیمی**: سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەو نیزامە چییە؟ وەک دەزانین لە دوو نیزامی سیاسی یەک لە دوای یەکدا نەیانتوانیوە مەشرووعیەتی خۆیان لە کوردستان وەرگرن و حیزبی دێموکراتیش وەک حیزبێکی بە ئەزموونی نیزیک بە یەک سەدەی کاری سیاسی بە چ هۆکارێک لەگەڵ ئەو سیستمانە ناگونجێ؟

**عومەر باڵەکی**: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی دامەزرانییەوە بە پێی هەموو بەڵگەکان ومێژووی پڕ لە هەورازونشێوی سەلمێنەرەی ئەوەیە کە باوەری بە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کورد بووە وهەیە وبە پێی هەلومەرجی خەبات لەو چوارچێوەدا ستراتیژی خەباتی خۆی دارشتووە وبۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو کات لەسەر ئەو باوەرە بووە کە چارەسەر کردنی پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە ڕێگای ئاشتیانە پێویستە چارەسەر بکرێ، بەڵام بە داخەوە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان بە گشتی ودەسەڵاتدارانی تاران بە تایبەتی بە جیگای ئەوە لە ڕێگای ئاشتیانەو لەسەر میزی وتووێژ پرسی کورد لە گەڵ لایەنی کوردی تاوتوی بکەن ورێگا چارەی بۆ بدۆزنەوە، ڕێگای شەر وسەرکوتی نیزامیان دەرحەق بە ویست وداخوازییەکانی گەلی کورد گرتۆتەبەرو ماوەی ٤٣ساڵە بە فتوای خومەینی ئەو شەرە ماڵوێرانکەرە بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە وهەتا ئێستا بەردەوامە وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزی سەرەکی بزوتنەوەی کورد لەو پارچە لە کوردستان ئەرکی دیفاع لە مان ومەوجودییەتی گەلی کوردی کەوتۆتە سەر شان وهەتا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠٠ پێنج هەزار کادرو پێشمەرگە و ئەندامی لەو ڕێبازەدا لێ شەهید بووە و تەنانەت لە مەیدانی شەر وبەربەرەکانی زیاتر لە ٣٠ ئەندامی ڕیبەری حیزب شەهید بوون کە لە نێویاندا شەهیدانی ڕێبەر شەهید پێشەوا قازی مەحمەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرفکندی دەبیندرێ.

ئەگەر چاو بە مێژووی خەباتی ئەو ٤٣ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بخشێنین بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە ویست و داخوازیەکانی گەلی کورد هیچ جیاوازیەکیان لە گەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات دا نییە، هەر بۆیە لە دوای ڕوخانی حکومەتی پاشایەتی کاتێک خومەینی ودارودەستەکەی لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە پڕۆسەیەک دا بە ناوی ڕێفراندۆم

سیستمی سیاسیی ئێران بە هێنانی ئەو پرسیارە لە نێوان سیستمی پاشایەتی وکۆماری ئیسلامی، گەلانی ئێران کامیان هەڵدەبژێرن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک حیزبی پێشڕەوی کورد ئەو پرۆسەییە بایکۆت کرد و گەلی کوردیش هاودەنگ لە گەڵی حیزبی دێموکرات پرۆسەی بە ناوی ڕیفراندۆم بۆ دیاری کردنی سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێرانی بایکۆت کرد و ئەوە سەرەتایەک بوو کە هەتا ئێستا نیزامی کۆماری ئیسلامی نەتوانی لە کوردستان سەقامگیری سیاسیی بۆ خۆی دەستەبەر بکا. بە واتایەکی دیکە لە لایەک نیزامی کۆماری ئیسلامی نیزامی دڵخوازی گەلی کورد نەبووە بۆیە ئەو نیزامە هیچ پێگەیەکی لە نێوکۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە و لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بە چاوی ئەمنییەوە هەتا ئێستا ڕوانیوییانە بۆ پرسی کورد لە ئێران. هەر بۆیە ڕۆژلەگەڵ ڕۆژپێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان بە هێزوبەهێزتر دەبێ.

**شەهلا حاجیڕەحیمی**: بۆچوونتان وەک حیزبی دێموکرات بە نیسبەت نیزامی سیاسی داهاتووی ئێران و کوردستان چییە؟

**عومەر باڵەکی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجی دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵە کە لەو سیستمە سیاسییەدا مافی هەموو گەلانی ئێران بێ جیاوازی و بە پێی پێوەرە جیهانییەکان دابین بکرێ ودین وەک کرداریەکی تایبەت بە مرۆڤەکان چاوی لێ بکرێ ولە سیاسەت جیا بێ.

**شەهلا حاجیڕەحیمی**: هەر وەک هەموو دنیا ئاگادارن کۆماری ئیسلامی ماوەی نیزیک پێنج ساڵە زیاتر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کردووەتە ئامانجی هاویشتنی دڕۆن و هاڕەکی خۆی و لەم دوایانەدا لێدان لە حیزبەکانی تریش، بەڕای ئێوە ئامانجی ئەو لەو کارە چییە لەگەڵ ئەوەی تێچووی هەر مووشەکێک بتوانێ ئەم هەڵاوەسین و کێشە ئابوورییەی نێو ساختاری خۆی پێ چارەسەر بکا؟

**عومەر باڵەکی**: هەروەکی پێشتر باس کرا ، نیزامی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتداری ئێران هەر بە قەوانەکەی ڕێژیمی پاشایەتی سەبارەت بە پرسی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێداوە وبە جیگای چارەسەرکردنی پرسەکە بە ڕێگای ئاشتیانە کەوتنە دژایەتی گەلی کورد ولە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا لە هیچ کردەوەیەکی دژە مرۆڤانە دژ بە گەلی کورد خۆی نەپاراستووە ولە زیندانی وئیعدام وتیرۆرەوە بگرە هەتا کەلک وەرگرتن لە چەکی جۆراوجۆر کە هیندێکیان تەنیاوتەنیا لە شەری نێوان دوو دەوڵەت دا بەکاردێن و تەنانەت بەشێک لەو چەکانە بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی چەکی قەدەغەکراوەن کە نابێ بە دژی خەڵکی بێ دیفاع بە کار ببردرێن، بەکاری هێناوە. کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتاوە جیاوازی لە نێوان حیزبی دێموکرات و گەلی کورد دانناوە و ئەو راستییە دەزانی کە ئامانجەکانی گەلی کورد لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات جیاواز نین بۆیە هەر جۆرە کردەوەیەک بە دژی نیزامی کۆماری

ئیسلامی لە نێوخۆ ڕوو بدا، خیرا دەسەڵاتدارانی تاران پێوەندی دەدەن بە حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە، هەربۆیە بیجگە لە سەرکوتی خەڵک لە نێوخۆی کوردستان و بە هەموو توانای نیزامی خۆی دەکەوێتە مووشک بارانی بنکەوکەمپەکانی شوینی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەو مەبەستە کە ڕێبەری هەر نارەزایەتییەک لە نێوخۆی کوردستان حیزبی دێموکرات وهێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

سەبارەت بەو بابەتە کە کە هێرشە مووشکییەکانی کۆماری ئیسلامی قەیرانی ئابووری بۆ ئەو نیزامە دەخوڵقێنی، ئەوە ڕاستە کە هەزینەی مالی بۆ حکومەت دەباتە سەرێ، بەڵام ئەوە لە نیزامێکی دێموکراتێکدا حەتمەن دەبوو بە بابەتی لێکۆڵێنەوە و لێپرسینەوە کە حکومەت بودجە وهەزینەی وڵات بۆ ئاوا بە فیرۆ دەدا، بەڵام لە حکومەتێکی وەک کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە قیوم و سەرپەرستی خەڵک دەزانێ بە فیرۆ دانی سەروت وسامانی خەڵک بە لایەوە گرینگ نییە وتەنیا وتەنیا ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگای هێزەوە هژموونی خۆی بسەپێنێ و بۆ ماوەیەکی زیاترتەمەنی دەسەڵاتداری خۆی درێژ بکاتەوە.

**شەهلا حاجیڕەحیمی**: بە ڕای ئێوە بیری گشتی لە ئاستی نیودەوڵەتیدا دەتوانن ببن بە بەربەستێک کە ئێران ئەو سنوورانە نەبەزێنێ یان هێرش نەکاتە سەر سەروەری عێراق و هەرێمی کوردستان؟

**عومەر باڵەکی**: کۆماری ئیسلامی ئێران بە پێی ئامانجی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هیچ پابەندیەکی بە یاساوڕیسا نێودەوڵەتیەکان بۆ خۆی قائیل نییە. کارو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوودا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو نیزامە بە خوڵقاندنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی هەموو قەیرانە نێوخۆیەکانی ئێرانی پەردەپۆش کردووە. کۆمەڵگەی جیهانی کە لە ماوەی ئەو ٤٣ساڵەدا بە دەست کردەوە قەیران خوڵقینەکانی کۆماری ئیسلامی دەناڵێنی و لە حالی ئێستادا دەیانهەوی بەربەستێکی بۆ دابنین. بەڵام نابێ لە بیرمان بچی کە سەردەمی ئێستا سەردەمی بەرژەوندیەکانە و لە پێوەندیە نێو دەوڵەتیەکان هەر دەوڵەتە بەرژەوەندی خۆی لە بەرچاو دەگرێ و بە پێی بەرژەوەندی سیاسیی و ئابووری خۆی بریار لەسەر ڕووداوە نێو دەوڵەتیەکان دەدا. ئەوەی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەرحەق بە بەزاندنی سنوورەکانی عیراق کردوویەتی بە ئاشکرا پێشێل کردنی سەروەری عیراق و دەسەڵاتداریەتی هەریمی کوردستانە.

**شەهلا حاجیڕەحیمی**: وەک دێموکرات هەزینە و تێچووی زۆرتان داوە لەو هێرشە هاژەکی و دڕۆنییانەی کۆماری ئیسلامی ئێوە تا چ ڕادەیەک پێتان وایە لەو خەباتەتاندا بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی سەرکەوتوو دەبن؟



سەرچاوە
Serchawe

**عومەر باڵەکی**: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تەمەنی ٧٦ساڵەی خۆی دا هەر وەکی پێشتر باس کرا بە هەموو ئەو هەورازونشیوانەی لە رەوتی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان تووشی هاتووە لە خەبات و تێکۆشان نەوەستاوە. کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤٣ ساڵە بانگەوازی ئەوە دەکا کە حیزبی دێموکراتی لە مەیدانی خەبات دەرکردووە وئاسەواریەک لە تێکۆشانی لە کوردستان نەماوە، بەلام دەبینین بە هاتنە ئارای هەر نارەزایەتیەک لە کوردستان، دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە رێگای جوراوجۆرەوە دەکەوێتە خۆ و بە هەر رێگایەکی لە توانای دابێ بە دژی حیزبی دێموکرات و خەباتگیرانی کوردستان دەجوڵێتەوە، جا ئەو جوڵەیە بە تێرۆرکردنی رێبەران و کادر وپێشمەرگەکانی حێزب بێ یا بە هەناردە کردنی ماددەی سەمی و تەقاندنەوەی بۆمب بێ و یا لە رێگای مووشک باران وبۆمبارانی هەوایی بێت بۆ دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی فەرق ناکا ئەو کردەوانە لە کوێ ولە چ قۆناخێکی زەمەنیدا بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کار دێنن، تەنانەت لە کاتی زەربەلێدان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یادیان دەچی کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ساڵە لە راگەیاندنی خۆیاندا بە دائیم رایانگەیاندووە کە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد سەرکوت کراوە و بە یەکجاری تەواو بووە بەلام دەبینین هەر لەو ماوەدا کە گەلانی ئێران راپەرینێکی سەرانسەریان بە دژی دەسەلاتدارانی تاران بە شوعاری» ژن، ژیان، ئازادی» دەست پێ کردووە و چەغماخەی ئەو راپەرینە بە شەهید کردنی «ژینا ئەمینی» بە دەستی پۆلیسی ئەخلاق لە تاران و لە کاتی بە خاک سپاردنی لە شاری سەقز دەستی پێ کرد بە تایبەتی کە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بانگەوازیدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بۆ دەربرینی نارەزایەتی بە شەهید کردنی «ژینا» دوکان و بازار دابخەن و لە بە خاک سپاردنیدا بە شێوەیەکی بەربەرین بەشدار بن کە بەخۆشێیەوە خەڵکی کوردستان وەک هەموو جارەکانی دیکە پێشوازیان لە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئەو ناوەندەیە وبەو جۆرە یەکەم هەنگاوی ئەو راپەرینە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و لە ماوەیەکی کەمدا سەرانسەری ئێرانی گرتەوە، بە چەشنێک کە دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران و کوردستان توانای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو راپەرینە بەربەرینەیان نەبوو بۆیە کەوتنە خولقاندنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکان ویەکەم هەنگاویان مووشک بارانی بنکەوشوێنی ژیانی بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وحیزبەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی بوو بەو ئامانجە کە حیزبی دێموکرات لە مەیدانی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بەدەر بکەن و یا بە چەشنێک لاوازی بکەن کە توانای بەرێوەبردنی خەباتی نەبێ و لە خەڵکی کوردستانی دابرن، بەلام مێژووی حیزبی دێموکرات پێچەوانەی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنی کە حیزبی دێموکرات سەرچاوەکەی گەلی کوردە لە رۆژهەلاتی کوردستان و هەتا ئەو گەلە زیندوو بێ حیزبی دێموکراتیش لە سەر پێیە و لە جاران بە گوروتینتر درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدا.

**شەهلا حاجیڕەحیمی**: ئێران هەتا ئێستا هاژەکی زەمین بە زەمین و دوورهاوێژی هەیە بەڕای ئێوە ئەگە دەستی بە چەکی

**ناوکی ڕابگا دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی بپێکێ وەک ئەوەی کە دەیهەوێ هیلالی شیعی دروست بکا و ئێستاش دەیهەوێ چەکی ئەتومی دروست بکا ئێوە پێتان وایە بۆ ئامانجە درێژخایەنەکانیان ئەو هەوڵانەیان بەسوود دەبێ یان وەک بەشێک لە لێکۆڵەران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران خەریکە بەرەو لە نێوچوون دەچێ و ئەوە دوایین پەلەقاژەکانی ژیانێتی؟**

**عومەر باڵەکی**: هەر وەکی پێشتر باس کرا نیزامی کۆماری ئیسلامی نیزامێکە لە بواری ساختارییەوە وەک هیچ سیستمێکی سیاسیی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە ناچی و لە بواری بەرپرسایەتیش مێژووی ئەو ٤٣ساڵەی دەسەڵاتدارایەتی ئەو نیزامە ئەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی سەلماندووە کە کۆماری ئیسلامی ئێران نیزامێکی بەرپرسیار نییە، واتا یاخی لە یاسا و ڕێساکانی باوی نێو دەوڵەتییە، بۆیە دەست ڕاگەیشتنی بە چەکی ناوەکی دەتوانی مەترسێکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی بە گشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوراست بە تایبەتی دروست بکا. بۆیە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە ئیزن نەدەن کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بە چەکی ناوەکی بگا و هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵگەی جیهانی لە گەڵ ئەودا بە هەستیارییەوە دەڕواننە نارەزایەتییەکانی نێو خۆی ئێران بە دژی کۆماری ئیسلامی، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە ناکەن بزانن ئەو نارەزایتیانە دەبنە هۆکار بۆ ڕوخانی ئەو ڕێژیمە یانا، بەڵکوو پرسی چەکی ناوەکی و دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئێران بەو چەکە وەک پرسێکی سەربەخۆ ولە هەمان کاتدا مەترسی داردەبینن بۆیە ئیزن نادەن کۆماری ئیسلامی دەستی بەو زانستە رابگا.

**شەهلا حاجیڕەحیمی**: **کاک عومەری بەڕێز سپاس بۆ ئامادەبوونتان**

**عومەر باڵەکی**: سپاس بۆ ئێوەش و سەرکەوتن بۆ گۆڤارەکەتان

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## **شەونم هەمزەیی**: سەردەمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی نەماوە و دەنگی ژنانی ئێران گەیشتووەتە هەموو جیهان



**دیمانە: گۆڤاری ژنان**

**لە کۆتاییەکانی هاوینی ئەمساڵدا و بەدوای کوشتنی "ژینا ئەمینی"، کچە کوردی خەڵکی شاری سەقز، لە تارانی پێتەختی ئێران بەدەستی پۆلیسی "ئەخلاق"، زنجیرە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانێکی بەرین، هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی گرتەوە و ئێستاش هەر بەردەوامە. بە مەبەستی تاوتویکردنی ئەم بابەتە لە لایەن گۆڤاری ژنانەوە وتووێژێکی کورتمان لەگەڵ «شەونم هەمزەیی»، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چالاکی سیاسی و مەدەنی پێکهێناوە؛ دەقی وتووێژەکە بەم شێوەیە:**

**گۆڤاری ژنان: ئێوە ئەم ڕاپەڕینەی کە بەدوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی لە کوردستان و ئێران سەری هەڵدا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**شەونم هەمزەیی: بەکورتی وڵام بدەمەوە، دەبێ بڵێم بێوێنەترین ناڕەزایەتییەکان بوو کە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی بووەوە لە مێژووی ئەم چلوئەوەندە ساڵ دەسەڵاتەیدا. شەهیدبوونی ژینا ئەمینی بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی**

ڕاپەڕینی ئێراندا. ئەم ڕاپەڕینەی ژینا جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ هەموو ناڕەزایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران هەبوو. لە بزووتنەوەی مەشرووتەوە تا ساڵی ٨٨یش ئێمە شایەدی ناڕەزایەتی، ڕاپەڕین، کوودەتا و شۆڕش لە ئێراندا بووین، لە هەمووشیاندا ڕۆحانیەت ڕۆڵی هەبووە و بەشداریی تێدا کردووە و هاواری ئیسلامی سیاسی بەرز بووە و هاتووەتە گوێ. ئەمە بۆ یەکەم جارە شۆڕش لە ئێراندا بەتەواوی سێکۆلارە و لە دروشمەکانیدا دەردەکەوێ (مەلا ون بە لە پێش چاوان) لەو دروشمانەیە کە ئاخوند و مەلاکان دەتارێنێ، بەڵام تاراندنێک بەرەو شوێنی تایبەت بە خۆیان، واتە نابێ لە گۆڕەپانی سیاسی‌دا بمێننەوە. لێرەدا مەبەستم لە ئاخوند وەک نیشانەی دەسەڵاتە و ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە ئاخوند و مامۆستایانی ئایینیی سوننەوە نییە. بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی‌دا ناڕەزایەتییەکان لەگەڵ ئەوەی سەراسەرین، ئامانجی سەرەکییان نەمانی کۆماری ئیسلامییە. خەڵک وەک پێشتر ناڕەزایەتییەکی بەتەنیا ئابووری یاخود سیاسییان نییە، بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و... خوازیاری نەمانی ئەو ڕێژیمەن و خوازیاری چاکسازی و شتی لەو بابەتەش نین. لەم شۆڕشەدا ئێمە چینی بەرفراوانی پەراوێزخراوانی کۆمەڵگە دەبینین کە دەنگیان بەرزتر و دلێرترە لەوانەی وا لە بوارە جیاوازەکاندا لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگەن، بۆ یەکەم جارە هەموو کەمینەکان، بە هاودەنگییەوە دەیانەوێ ڕیشەی هۆکاری هەڵاواردنە فرەڕەهەندەکان هەڵکەنن. لەم ڕووەوەیە کە من ناوی شۆڕشی لێ دەنێم ئەم ڕاپەڕینەی کە ئێستا لە ئارادایە.

**گۆڤاری ژنان**: قەبارەی تێوەگلان یان بەشداریی ژنان لەم ڕاپەڕینەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی – ژنان بەگشتی و ژنانی کورد بەتایبەتی؟

**شەونم هەمزەیی**: ئاماژەم کردووە کە ئەم شۆڕشە، شۆڕشی پەراوێزخراوان و لەبیرکراوانی کۆمەڵگەی ئێرانە. جا کەواتە کێ دەتوانێ لە ژن لە گشتیەتی خۆیدا پەراوێزخراوترین پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران بێت؟ بێگومان بوونی نییە. جا بۆیە ژنان لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان بە باشترین شێوەی مومکین لەم دەرفەتە و لەم کەشە تێگەیشتوون و بۆیەش بە هێز و وزەیەکی بەرچاوەوە ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و پێیانوایە شەڕی مان و نەمان و شەڕی ڕزگاریی یەکجارەکی دەکەن، ئەوەیە کە هاندەریانە و بووەتە هۆی دەرکەوتن و بەشداریی بەرچاویان. ئەوان بەدروستی تێگەیشتوون کە ئەم دەرفەتە، دەرفەتێکی مێژوویی و نایابە. ڕۆڵی ژنان تەنیا بە بەشداری بەرتەسک نەبووەتەوە، بەڵکوو ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕن و ئەمەش دیسان خاڵێکی جیاوازە و لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا نموونەی نییە، بۆ یەکەم جارە کە ژن پاشکۆی پیاو نییە. کوردستانیش دۆخەکەی جیاوازترە، ئێمە دەزانین کوردستان لە باقیی بەشەکانی تر ئێران - تەنانەت ناوەندیش - سیاسیترە، کولتووری حیزبایەتی و پلۆرالیزم لە کوردستاندا پڕڕەنگە، حیزبە سیاسییەکان لە نزیک بە هەشتا ساڵ لەمەوبەرەوە باس لە مافی ژن دەکەن و هەوڵی گشتگیری بۆ دەدەن، ژنان لە کوردستان سیاسین و دێنە مەیدانی سیاسیی خەباتەوە، بۆیە ڕۆڵی ژنان لە کوردستان زەقتر دیارە لەچاو شوێنەکانی تر. ئەم دەرکەوتنە پێشخانێکی سیاسیی بەهێزی

لەپشتە، بێبەشییەکانی ژنانی کوردستانیش هۆکارێکی بەهێزی ترە بۆ ئەم پێشوازییەیان لەم ڕاپەڕینە.

**گۆڤاری ژنان**: ڕای ئێوە چییە لەسەر ئایندەی ئەم ڕاپەڕینە؟ چۆن کاریگەریی لەسەر دۆخی ژنان لە ئێران دەبێت؟

**شەونم هەمزەیی**: ڕای من ئەرێنییە. ئەم ڕاپەڕینە بەهۆی ئەوەی کە سەراسەرییە، بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی دروشمی پێشکەوتووە، بەهۆی ئەوەی کە فرەڕەهەندە و لە بوارێکی تایبەتدا قەتیس نەماوەتەوە و هەموو چوارچێوەی ڕێژیمی ئێرانی کردووەتە ئامانج، سەرکەوتوو دەبێت و هەر هەتا ئێستاش سەرکەوتوو بووە. ئەم ڕاپەڕینە ئۆتۆریتەی ڕێژیمی ڕووخاندووە، ترسی خەڵکی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ڕشتووە، ڕێژیم دەستەوەستان بووە و لە هەموو بوارە سیاسی، ئایدۆلۆژی، کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و هتددا تووشی دارمانی قورس بووە. کۆماری ئیسلامی ڕەوایی نەماوە و نەک وەک دەسەڵاتێکی یاسایی و خەڵکی، بەڵکوو وەک داگیرکەرێکی سەرکوتکەر و بیانی چاو لێدەکرێ. مادام ڕوانگەی زۆربەی خەڵک بگۆڕێ بۆ ئەم ڕوانگەیە، ئەوە یانی دەسەڵات شکست دێنێ، جا ئەمڕۆ بێ یا کاتێکی تر، بەڵام وەک خۆم دڵنیام کە نە کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامیی پێشوو دەمێنێ و نە خەڵکیش خەڵکی ڕابردوو؛ لەم چەن ساڵەدا خوێنێکی زۆر ڕژاوە و دوژمنایەتییەکەی پڕگڕتر کردووە.

لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ژناندا، ئەگەر ئەگەر کۆماری ئیسلامی بشمێنێ، ناتوانێ ئەو زەبروزەنگەی بەردەوام بێ، نەک لەبەر ئەوەی بڵێین دەگۆڕێ، نا بە هیچ شێوەیەک، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ناوێرێ تێچوو بدا، چون لێی قەبووڵ ناکرێ، ژنان و پیاوانیش بە ئاستێک لە تێگەیشتن گەیشتوون کە هیچ زۆرێک قەبووڵ ناکەن و نارەزایەتییان لەدژی دەبێ. لەگەڵ ئەوەش هەر هەتا ئێستا ئێمە شایەدی دەنگۆی کۆمەڵێک پاشەکشە، بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی حیجابی زۆرەملی و دەرکرانی کۆماری ئیسلامی لە کۆمیسیۆنی پێگەی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و... هەین، ئەمە یانی گۆڕاوە سەردەمی دەسەڵاتداریی ڕەهای کۆماری ئیسلامی و دەنگی ژنانی ئێران، بە گوێی هەموو جیهان گەیشتووە.

**گۆڤاری ژنان**: لە ساڵی ٨٨ لەگەڵ بزووتنەوەی سەوز، هەروەها ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨ـیش خۆپیشاندان هەبوو لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، ئایا ئێستا دۆخەکە هاوشێوەیە یان جیاوازی دەبینیت؟

**شەونم هەمزەیی**: ئەوکات خۆپیشاندانەکان لە چەن شاردا قەتیس مابوون، هەموو ئێرانی دانەگرتبوو. نارەزایەتییەکە لە چوارچێوەی داواکارییەکی سیاسیدا بوو، داواکارییەکە ڕوون بوو، ئەویش ئەوە بوو کە «دەنگی من کوا؟» بە هیچ شێوەیەک تەواوەتی کۆماری ئیسلامی نەکرابووە ئامانج. داواکارییەکە تەنیا سیاسی بوو، تەنیا لە چوارچێوەی ڕێفۆرمیستیدا بوو، تەنیا بەردەنگ وەزارەتی ناوخۆی وڵات بوو، خودیخۆپیشاندەران دەترسان لەوەی پێیان بوترێ ڕووخێنەر، بەتوندی ڕەدیان

دەکردەوە، بەڵام ئەمڕۆ خەڵک کۆماری ئیسلامیی ناوێ، بە هەر دوو باڵی دیاریەوە کە ئەوکات دەیانتوانی کاریگەرییان هەبێ لەسەر بەشێک لە ڕای گشتی و ئەو ناڕەزایەتییانەش شەڕی نێوان ئەو دوو باڵە بوو (واتە ڕیفۆرمیستەکان و کۆنسێرڤاتڤارەکان) کە خەڵک ئێستا چەن ساڵە لەم قۆناغە پەڕیونەتەوە و چوونەتە قۆناغێکی یەکلاییکەرەوە. لە ساڵی ٩٦ و ٩٨ خەڵک بە قۆناغی تێپەڕین لەوان گەیشتن. ئەوکات ڕێژیم توانی بە دەسبەسەر کردنی ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەکە کۆ بکاتەوە، ئەمڕۆ کێ ڕێبەرە؟ هەمووان ڕێبەرن، ئەوەی لە شەقامدایە خۆی ڕێبەرێکە. ئەو هەمووە دەسبەسەر کراون لە شارە جیاوازەکانی ئێراندا، بەڵام ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین هەر نەنیشتووەتەوە، چونکە ئەم ڕاپەڕینە تاکڕەهەندی نییە و وەک چەن جار ئاماژەم پێ دا هەموو ڕەهەندەکانی شۆڕشێکی گرتووەتەوە و لە ناڕەزایەتی و داواکاری و... تێپەڕیوە و چووەتە قۆناغی گۆڕینی ڕێژیم و لە هەمان کاتدا داهاتوویەکی سیاسیی دیاریکراویان بۆ داهاتووی وڵاتی ئێران دەوێ، نەک تەنیا نەمانی کۆماری ئیسلامی. ئەم داهاتووەش بەکورتی دەتوانم بڵێم بەشداریی سیاسیی بەرچاوی هەموو کەمینەکانە، لەوانە کورد و ژن و...

**گۆڤاری ژنان: بەهۆی پچڕانی ئینتێرنێتەوە پێوەندی گرتن بە ئێرانەوە دژوار بوو، ئێوە زانیاریی وردتان لەسەر دۆخەکە هەیە؟**

**شەونم هەمزەیی:** بەڵێ لە ئێران پێوەندیی ئینتێرنێتی تووشی پچڕان بووە و کۆماری ئیسلامی ئینتێرنێتی لەسەر خەڵک داخستووە بۆ ئەوەی دەنگی ناڕازییان بە کۆمەڵگەی جیهانی نەگات. سەرەڕای ئەوەش ئێمە لە ڕێگەی ئەندامانمان لە نێوخۆی وڵاتەوە، ئاگاداری دۆخەکە هەین و دەزانین چ باسە. لە کوردستان ڕاپەڕینەکە بەگوڕوتین و وشیارییەوە بەڕێوە دەچێ، لەگەڵ بەلووچستان - کە ئەوانیش کەمینەیەکی نەتەوەیین - زیاترین قوربانی داوە، دەسبەسەرکرانەکان لە کوردستان زۆر زۆرە. ژمارەی برینداران گەیشتووەتە ئاستێکی یەکجار زۆر، هەموو کوردستان میلیتاریزە کراوە و بەبێ پشوودان هێزە سەرکوتکەرەکان بە چەکی قورس و نیوەقورسەوە ڕۆژانە و شەوانە مانۆڕ دەدەن و هەندێک جار تەقە دەکەن و کەشێکی ترسێنەر و شەڕیان زاڵ کردووە، هێرش دەکەنە سەر قوتابخانەکان و قوتابییان دەتۆقێنن و دەیانگرن و لە قوتابخانەکان پاش داخرانیان، وەک شوێنی مانەوەی خۆیان کەڵک وەردەگرن، ئەمە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ڕووی داوە. هەر بەم بۆنەیەوە لەلایەن ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانەوە سێ ڕۆژ مانگرتن ڕاگەیەندرا.

بەگشتی دۆخەکە دۆخێکی ئەمنی و شوێنەکان میلیتاریزەکراون. لە چەند شاردا هێرش کراوەتە سەر ماڵی خەڵکی ئاسایی و کەلوپەلیان لەنێو بردووە، گرتنەکان بەردەوامن، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنێکی تریشی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە ناڕەزایەتییە پەنگخواردووەکانیش هەر دێ و زیاتر دەبێ، هەموو ئەمانە لە کۆتاییدا بە قازانجی خەڵک تەواو دەبێ نەک دەسەڵات، من لەم بارەیەوە دڵنیام.



سەرچاوە
Serchawe

**گۆڤاری ژنان**: ژینا ئەمینی ژنێکی کوردە و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دروشمێکی کوردییە. ئایا شتێکی تایبەتی کوردی لەم ڕاپەڕینەدا هەیە؟ ڕاتان چییە لەسەر پێگەی کورد لەناو ئەم ڕاپەڕینەدا؟

**شەونم هەمزەیی**: بەڵێ ژینا ژنێکی کورد بوو و هەر لە ڕۆژی ناشتنیدا لە گۆڕستانی ئایچیی شاری سەقز، ئەم دروشمە بەرز کراوە و ئێستا لە هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە. ئەم دروشمە پێناسەی سێ تەوەری گرینگە، تەوەری دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی کە لە وشەی ژندا ڕەنگی داوەتەوە، تەوەری دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردنی چینایەتی و ئاستی خۆشگوزەرانیی خەڵک کە لە وشەی ژیاندا بەرچاو دەکەوێ و تەوەری دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆرییەت کەوا لە وشەی ئازادیدایە. ئەم ڕاپەڕینەی وا هەموو گەلانی ئێرانی هێناوەتە سەر شەقام، قەرزداری گیانبازیی کوردستانە. کوردستان ڕۆڵی بەرچاو و زەقی چ لە دەسپێک و چ لە بەردەوامیی نارەزایەتییەکاندا گێڕاوە. لە کوردستان هاوکات کە دژی ڕێژیمن و خوازیاری نەمانی کۆماری ئیسلامین، چاوێکیان لە داهاتووش هەیە و شەڕی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتییش دەکەن، هێما کوردییەکان، دروشمە کوردییەکان و ... نیشاندەری ڕۆحێکی کوردیی مافخوازانەیە.

**گۆڤاری ژنان**: سپاس بۆ ئامادەبوونتان خاتوو شەونم

**شەونم هەمزەیی**: سپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە گۆڤاری ژنان - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## لە «حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان»، هەتا «شۆڕشی ژینا»



**دیمانە شەهلا حاجی ڕەحیمی**

**لە بەرەبەری ٢٤ی ڕەشەمە و ٧٧ ساڵ تێپەڕین بەسەر دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی ژناندا لەلایەن پێشەوای مەزن قازی محەمەد و هاوژینی خاتوو مینا ئەسکەندری لەلایەن گۆڤاری «ژنان»ـەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوونان شنەدروودگەر و مۆژگان عەلیپوور سکرتێر و ئەندامی ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە دەبێ**

**شەهلا حاجی ڕەحیمی**: ٧٧ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی ژنانەدا تێدەپەڕێ و هەتا ئێستا ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر پێ بووە، بەبڕوای ئێوە کاری ئەو کاتی بەڕێوەبەران و پێکهێنەرانی ڕێکخراوەیەکی ئاوا کە ژنان بێنێتە گۆڕەپانی ژیان و لەماڵێیان بێنێتە دەرێ چ سەختی و ئاستەنگگەلێکی بووە؟

**شنە درودگەر**: بە بڕوای من لە ڕوانگەی پێشەوا قازی محەممەدەوە، زەروورەتێکی جڤاکی بووە بۆ ئەو سەردەمە، واتە ٧٧ ساڵ لەوە پێش، کە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان دامەزرێنن.

چونکە کۆمەڵگەیی کوردی لە ٧٧ ساڵ پێش ئیستادا، کۆمەڵگەیەکی تەواو پیاو سالار و سوننەتی بووە و ژنان تێیدا هیچ

شارەزایی و ئاشنایەتیەکیان لەسەر مافە سەرتایەکانی خۆیان نەبووە.

لەڕاستیدا لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و یەکیەتیی ژناندا، جیهانبینی تێگەیشتنی وڵاتانی پێشکەوتوو گەیشتبوو بەو ئاستە کە، پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگە بە بێ بەشداری ژنان ئەستەمە. هەر بۆیە لە کۆماری کوردستانیش دەرک بەو واقعییەتە کراوە یەکیەتیی ژنان دامەزراوە تا بتوانێ لەو سەردەمەدا ژنانی کورد لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە و وەکوو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی سەردەم، لەگەڵ ماف و ئەرکەکانیان ئاشنا بکات و چیدی ژن لە چوارچێوەی ماڵ و منداڵدا قەتیس نەکرێتەوە.

ئەو هەنگاوەی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد لە ڕاستیدا وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی کورد و ئێراندا، چوونکە  نیزیک بە ١٧ ساڵ دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان و یەکیەتیی ژنان، حکوومەتی رەزا شا مافی دەنگدانی لە ئێران بە ژن دا.

بۆیە بە بڕوای من دامەزرانی یەکیەتیی ژنان بوو بە بنەمایەک بۆ هاتنەدەری ژنان لە بازنەی ماڵەوە و هاوکات ئاوێتەبوون بە جیهانی کار و سیاسەتدا. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە ژنانێکی بوێر و کاریگەر سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە، ژنانی کورد گەیشتن بەو ئاستە کە جگە لە کاری ڕێکخراوەیی، لە شوێنە ئیداری و گەشتیارییەکاندا کار بکەن و تەنانەت وەکوو مامۆستا وانە بڵێنەوە و لە نەخۆشخانەکاندا کاری پەرەستاری بکەن تەنانەت لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا بنووسن و پەنجە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان دابنێن.

**مۆژگان عەلیپوور**: دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی تایبەت بەژنان لەو سەردەمە کە ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگە بۆ بەشداری ژنان لە کاروباری وڵاتدا زۆر لەخوارێ بووە، شاکاری یەکەم حکومەتی کوردی و زانایی سەرۆککۆماری ئەو حکومەتە، پێشەوا قازی محەممەد بووە.

بێگومان دامەزرانی ڕێکخراوێک کە ژنان لەکومەڵگەیەکی پیاوسالار هان بدات بۆ هاتنە دەرەوە و خوێندن و بەشداری لە کاروباری سیاسی، ئاسان نەبووە و یەکەم بەربەست ئەو بیرە کۆنە و چەقبەستوویە بووە کە بە ئاسایی نەبینراوە کە ژنان کاروباری ڕێکخراوەیی بکەن، بەڵام ئەوەی پێشەوا قازی محەممەد لە بنەماڵەی خۆیەوە ئەو هەنگاوەی هەڵگرت و ڕچەشکێنییەی کرد توانی کاریگاری باشی هەبێ بۆ پێوەستبوونی ژنانی دیکە و ئەگەر بیتوانیبایە بەردوام بێ و درێژە بە چالاکییەکانی بدا بێگومان پەلوپۆی دەهاویشتە شارەکانی دیکەی کوردستانیش و هەنگاوی گەورەی هەڵدەگرت.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهلا حاجی ڕەحیمی**: بەبڕوای ئێوە لەم سەردەمەی ئێستادا ڕێکراوی «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران» لەو شۆڕشەدا کە بەناوی شۆڕشێکی ژنانە و شۆڕشی ژینا ناسراوە، توانیویێتی هاوسەنگ لەگەڵ ویست و خواستی ژنانی کوردستان و ئێران جێی خۆی لەنێو ئەواندا بکاتەوە؟ و تا چەندە لەو بوارەدا سەرکەوتوو بووە؟

**شنە درودگەر**: ڕێکخراوەیی یەکیەتی ژنان بە درێژایی تەمەنی پر لە فەخر و شانازیی خۆی، کە پێی نایە ٧٧ـەمین ساڵی دامەزرانییەوە، وەکوو یەکەمین ڕێکخراویی مۆدێرن و سازماندراو لە سەردەمی خۆیدا دێتە ئەژمار. دەتوانم بڵێم دامەزرانی ئەم ڕێکخراوەیە، بنەما و دەسپێکی خەباتی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

بە بڕوای من ئەو خەباتەی کە ئیستاش ژنان دریژەی دەدەن و بەڕێوەی دەبەن، درێژەی ئەو خەباتەیە کە ٧٧ ساڵ لەوە پێش بەردی بناغەی بۆ داندراوە و مەیدانداری بۆ کراوە.

کەوابوو، ئەو ڕابردووە دوور و درێژ و پڕ ئەزموونەیە وای کردووە کە، لەم قۆناغەی خەبات کە ژنانی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران تێیدا دەجەنگن، ژنی کورد بە چاونەترسی و ئاگاهییەوە، پێشەنگایەتی شۆڕش بکات و زیاتر لە هەرێمەکانی دیکەی ئێران بێتە مەیدان و داوای مافی خۆی بکات و لەو پێناوەشدا بێ باکانە قوربانیی بۆ بدات.

دەمهەوێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە، راستە ریکخراوی یەکیەتی ژنان لەم قۆناغەی شۆڕشدا، واتە لە شۆڕشی ژینادا، لە ناوخۆ و بە شێوەی فیزیکی حزووری نیە، بەڵام هۆکار و پاڵنەر بووە لە بردنەسەری ئاستی ڕۆشنبیری ژنی کورد و هەر ئەوەش وایکردووە کە ژنانمان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا و تەنانەت لە کاری رێکخراوییدا، سەرۆگەردنێک سەروی ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بن و تا گەیشتن بە ئامانجەکانییان هیچ ئاستەنگێک نەتوانێ هەنگاویان پێ شل بکاتەوە.

**مۆژگان عەلیپوور**: شۆرشی ژینا شۆرشێکی هەمەلایەنگیربوو و تەنیا تایبەت نەبوو بە ژنان و مافەکانی ژنان و دەتوانین بڵێین شۆرشێکی ژنانە بوو کە بە سیما ژنانەکەی ویست و داخوازییەکانی هەموو چین و توێژەکانی لەخۆگرتبوو و هەرئەوەش بووە هۆی گشتگیربوونی ئەو شۆرشە.

ژنانی کوردستان لەو شۆرشە مێژوویەکی جیهانییان تۆمارکرد و زۆر باش توانیان ویستە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان لەو شۆرشە بێننە گۆڕێ و زۆرێک لە سنووربەندییەکانیان شکاند و توانیان خەباتی یەکسانی و مافخوازی پێکەوە گرێ بدەن و ئەو داواکارییانەش بگەیێننە ئاستێکی نێودوڵەتی و ئولگویەکی باشیش بوو بۆ ژنانی ئێران ونەتەوەکانی دیکە کە ئەوانیش



سەرچاوە
Serchawe

خواستەکانیان بەرۆژتربکەن و بیهێننە گۆڕێ.

ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان لەهەموو ئەو دەرفەتانەی کە لە وێستگە جیاوازەکانی خەباتی خۆی هەیەتی، کەڵکی وەرگرتووە تا خزمەت بە شۆڕشی ژینا و پەیامەکانی ژن ژیان ئازادی بکا.

بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە و هاوسەنگ بوون ڕێگەیەکی دوورودرێژمان لەپێشە کە ڕێکخراوی یەکیەتی ژنان بەپێی پلان و بەرنامەکانی دەچێتە پێشێ و هەوڵ دەدا جێ پەنجەی بە ڕووداوەکانەوە دیاربێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## د. کوێستان گادانی: خەبات و شۆڕشی ژنان لە ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات لە ماوەی "شۆڕشی ژینا"




**دیمانە: نەشمیل عەبدی**

**زیاتر لە نۆ مانگە لەسەر شۆرشی ژینا واتە شۆرشی ژن،ژیان،ئازادی تێدەپەرێ ، هەڵسەنگاندنی ئەو ماوەیە و هەروەها هەوڵەکانی ژنان و رێکخراوەکان و لایەنە سیاسیەکان هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوەی وەڵات بۆ گەیاندنی دەنگی ئەم شۆرشە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری "ژنان"ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ دکتۆرە کوێستان گادانی بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات دەبێ.**

**نەشمیل عەبدی: دوکتور کوێستان با بەو پرسیارە دەست بە گفتوگۆکەمان بکەین، جەنابتان خەبات و شۆڕشی ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەروەها ژن لە ئێران بە گشتی بەتایبەتی لەو نۆ مانگەی شۆڕشی ژینا واتە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

**د. کوێستان گادانی**: پێش ئەو نۆ مانگە و لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ژنانی ئەم وڵاتە بەپێی بارودۆخ و هەلومەرج قەت بێدەنگ و دەستەوەستان نەبوون و تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو مۆرکی خۆیان لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەو وڵاتە داوە. زۆریش ئاساییە کە بە هۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە لە ئاستی جیهانیدا، ژنان لە ئێرانیش بە شێوەی سەردەمیانە لەگەڵ ئەوەی دەستەویەخەی زۆر بەربەست و بەرگژەی یاسایی و کولتووری بوون، بەڵام لە خەبات و مافخوازییان بەردەوام بوون. ئەم خەبات و تێکۆشانی ژنان کە تێچووی قورسیشیان بۆی داوە، لە هەموو ڕەهەندەکاندا بەردەوامە.

بەڕوونی لە بارەی ڕۆڵ و شوێنپەنجەی ژنان لە ڕووداوەکانی نۆ مانگی ڕابردوودا دەبێ بڵێم هەڵسەنگاندنی هەر بابەتێک پێویستە لە چوارچێوەی زەمەنی و بارودۆخی کاتی ڕوودانی بابەتەکە بێت. بەو مانایە کە ئەگەر باس لە شۆڕشی ژینا لە ٩ مانگی ڕابردوودا دەکەین، زۆر ئاساییە کە سەرەتای دەستپێکی ئەم شۆڕشە لەگەڵ ٩ مانگ دواتری هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە بینیوە و دەتوانی هەڵسەنگاندنی جیاوازی بۆ بکرێت. بەڵام زۆر بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ئەم شۆڕشە هەر بەم دەسکەوتانەی تا ئێستا بوویەتی، مۆرکی ژنانەی بەخۆیەوە دیتووە و مێژوویەکی پڕ بەها و بایەخ ودەسکەوتی بۆ خەباتی ژنان نەک تەنیا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە تەواوی جیهاندا بۆ خۆی تۆمار کردووە. ئەمە پێشەنگایەتی، ئەرکوەخۆگری و کۆڵنەدانی ژنان بوو کە دەنگی ئەم شورشەی گەیاندە کۆمەڵگەی جیهانی و بووە خاڵوەرچەرخانێک کە ئێران قەت نەگەڕێتەوە دۆخی پێش ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١. تەنانەت لە ئێستاشدا ئەوە ژنان و دایکانی شەهیدن کە بە هەوڵە سیمبولیکەکانیان پێمان دەڵێن شۆڕشی ژینا زیندووە و هەنگاوەکانی بەرەوپێش دەنێت.

**نەشمیل عەبدی**: ئەگەر بێینە سەر ڕۆڵ و کاریگەریی خەباتی ژنان بەگشتی لە دەرەوەی وڵات، مەبەستم دوای شۆڕشی ژینایە، دەور و ڕۆڵی ژنان لە دەرەوەی وڵات لەم ماوەیەدا چۆن دەبینن؟

**د. کوێستان گادانی**: ژنان لە دەرەوەی وڵات دەتوانین بە سەر چەند گرووپیان دابەش بکەین:

- ئەو ژنانەی وەک ئەندامی حیزب و ڕێکخراوەکان هەن و چالاکن
- ئەوانەی بە هەر هۆکارێک لە دەروەی وڵات دەژین و ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن و چالاکییەکی تایبەتیان لە حیزب و ڕێکخراوەکاندا نییە.
- هەروەها نەوەیەکی نوێ بە پاشخانێک لەو دوو گرووپە، لە هەمان حاڵدا بە ڕوانین و مێتودی کاریی جیاوازەوە.

ئەم سێ تەیفە هەر هەمووی خۆی بە پشتیوان و یارمەتیدەری ژنانی نێوخۆی کوردستان دادەنێت و هەر لایەنەی بە شێوەی خۆی چالاکیی کردووە و بەدەنگ شۆڕشی ژیناوە چووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجەکان لە دەرەوەی وڵات

بەگشتی خەباتی ژنان لەو جوغرافیا کاریگەرەدا وەڵامدەری چاوەڕوانییەکانی نێوخۆی وڵات نەبووە. ئەوە کە چاوەڕوانییەکان زۆر بوون یان دەرکەوتن و شێوەی خەباتی ژنان و جۆری پشتیوانییەکان لەو ئاستەدا نەبوو بێت ڕەنگبێ لە گۆشەنیگای جیاوازەوە جێگای باس و مشتومڕ بێت. بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئێمە چەندە واقعبینانە دەروانینە بابەتەکە و چۆنی لێکدانەوە بۆ دەکەین و چەندە بە شێوەی ئۆبژێکتیڤ تاوتوێی پرسەکە دەکەین. سەرەڕای هەموو ڕەخنە و بۆچوونە جیاوازەکان بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و خەباتی ژنان لە دەرەوەی وڵات و پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا بابەتێک نییە حاشای لێ بکرێت و وەلا بنرێت.

**نەشمیل عەبدی**: باسمان لە پێشەنگایەتی و ڕۆڵی بەرچاوی ژنان لە شۆڕشی ژینادا کرد. ئێوە پێتان وایە ئەو بەشداری و پێشەنگایەتییە چ دەستکەوت و کاریگەرییەکی هەبووە؟

**د. کوێستان گادانی**: هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەمە یەکەم جار نییە ژنان شانبەشانی پیاوان بەشداری لە ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتیدا دەکەن و مۆرکی خۆیان لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و جڤاکییەکان دەدەن. بەڵام تا ئێستا بەم جۆرەی لە شۆڕشی ژینادا بینیمان وەک پێویست بوو نەخش و ڕۆڵیان دەرنەکەوتبوو. دەزانین کە ئاڵوگۆڕەکان کتوپڕ ڕوو نادەن و پەروەردە و کاریگەریی درێژخایەنی فەرهەنگی، سیاسی و کولتووری و هتدی... دەوێ. ئەم ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی، کولتووری و سیاسییە کە ئێمە لە نێوخۆ بەگشتی و لەنێو ژناندا بەتایبەتی دەیبینین زۆر بەرچاوە و ئەوەش سەرنجمان دەباتە سەر ڕاستییەک کە ئێمە ناتوانین باسی خۆ پێگەیاندن و چوونەسەری ئاستی شعووری نەتەوەیی ئەوان بکەین بەڵام ڕۆڵی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی نەبینین. یان ئێمە ناتوانین وەزاڵەهاتن و بێزاریی ژنان لە دەزگای یاسایی و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ببینین، بەڵام سیلەی چاومان لەسەر قانوونەکانی دژەژنی ئەو ڕێژیمە نەبێت. ئێمە ناتوانین ڕوانین و شێوەی بیرکردنەوەی نەوەی نوێی ئێران ببینین و بەئاسانی لە تەنیشت کاریگەریی تێکنۆلۆژیی سەردەم و سۆسیال‌میدیا تێپەڕین. ئێمە ناتوانین هەژاری و بێ‌ئەنوایی خەڵکی ئێران ببینین، بەڵام بەتاڵانچوون و قوتدانی سامانی گشتیی وڵات و گەواستنەوەی بۆ دەرەوەی وڵاتمان لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە بەر چاو نەبێت. هەروەها ئێمە ناتوانین ئاستی چوونەسەر و تێگەیشتنی ژنان لەسەر مافەکانیان هەست پێ بکەین، بەڵام باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ ئەو مەبەستە نەکەین. هەموو ئەوانە و زۆر نموونەی دیکە وای کرد کە باوەڕبەخۆ بوونی ژنان ئەم سنوور و کلێشەیانە ببەزێنێت کە بۆ ژنان داندرابوو، و هەروەها زۆر تابۆ کە ژنان شکاندیان. زانست سەلماندوویەتی کە ژنان لە بواری کاری بەڕێوەبەری و پرسی بڕیاردانەوە دەتوانن لە هاوکات چەندین بوار و ڕەهەندی جیاوازەوە هاریکاریی یەکتر بکەن. کاراکتەری ژنبوون لە زۆر بارەوە لەسەر شێوەی خەبات و هەماهەنگیی زیاتر شوێنی داناوە، بۆیە دەبینین بەگشتی ئەم بەشدارییە و ئەم پێشەنگایەتییە زیاتر بێت و دەسکەوتەکانیشی هەم بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان و هەم جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان پتر بێت.

لەم ڕاپەڕینەدا ژنان بە تێگەیشتنی زیاترەوە، نەک وەک پاشکووی پیاوان و لە ڕووی خۆشەویستی بۆ مێرد و برا و هاوڕێ وەکوو پێشوو تێکەڵ بە شۆڕشەکە نەبوون، بەڵکوو ئەم جارە وەک "سۆبژە"یەک عاملییەتی خۆیان پێشان دا و لە ڕیزی ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینەکەدا جێیان گرت. ئەمە هەنگاوێکی گەورە و قەڵەمبازێک بۆ پێشەوە بوو. ئەوەی ئێمە لەو ماوەیەدا لە ژنانمان بینی، لەنێو دڵی شۆڕشەکە و ئاراستەبەخشینی، لە پەراوێزی شۆڕشەکە بۆ شوێندانەریی زیاتر، لە هاندان بۆ خۆڕاگری و لە ئێستاشدا کە بە شێوەی جۆراوجۆر ژنان بەشیان بە ڕەمزەکانی بەردەوامی و بەرخودانی کۆمەڵگەوە هەیە، دەسکەوتێکی یەکجار مەزنە کە هەر خۆی هەوێنی سەرکەوتن و دەسکەوتی پتریش بۆ بزووتنەوەی مافخوازیی ژنانە.

**نەشمیل عەبدی**: بەڕای جەنابتان کۆمەڵگەی نێودەڵەتی وەک خۆی و لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا کردووەوە؟

**د. کوێستان گادانی**: پێش لە وەڵامدانەوەیەکی ڕوون بەو پرسیارە، دەبێ لە خۆمان بپرسین کە ئێمە چ چاوەڕوانییەکمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە. داواکانمان چ بوون و چۆن و لە چ کات و بە چ شێوەیەک خستوومانەتە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەت؟ لەلایەکی دیکەوە دەزانین کە لە هەر دامودەزگایەکی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی بڕیارات و کۆنڤانسیۆن و گرێبەستی دوولایەنە و چەندلایەنە هەیە. بۆیە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو خاڵەی داخوازییەکانی ئێمە چەندە واقعبینانە و لاقیان لەسەر عەرزی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر شۆڕشی ژینا بە هەستیارییەوە جووڵایەوە. سیاسەت و توندوتیژییەکانی ڕێژیمی ئێرانی مەحکووم کردووە، پشتیوانیی لە شۆڕش و نارەزایەتی و مافەکانی خەڵکی ئێران کردووە و هاتنە سەرشەقام و داواکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتەیان بە ڕەوا زانیوە. بەڵام لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی بەرتەسکی گرێبەست و پەیمانەکانی نێوان خۆیان، تەنیا لە گۆشەنیگای مافی مرۆڤەوە جووڵاونەتەوە و لە مەیدانی کردەوەدا بڕیارەکانیان لە ئاستی چاوەڕوانی شۆڕشی خەڵکی ئێراندا نەبووە. ئەگەر ئاکامگیرییەک لەو باسە بکەم دەتوانم بڵێم ناتوانین پشتیوانییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی نەبینین و هاوکات ناشتوانین بڵێنی کە پشتیوانییەکانیان لەو ئاستەدا دەسکەوتێکی ئەوتۆ و زۆر دیار و بەرچاوی بۆ خەڵکی ئێران و ڕاپەڕینەکەیان بووە.

**نەشمیل عەبدی**: ئەوەندەی بۆ قورسایی ڕۆڵی ژنان لە کوردستان و ئێران لەو بزووتنەوەیەدا دەگەڕێتەوە، ئاخۆ ئەوان توانیویانە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و سەرکوت و کۆشتارەی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ هەبێت؟

**د. کوێستان گادانی**: زۆربەی زۆری کاریگەرییەکان و ئاڵوگۆڕەکان سەرەتا لە بازنەکانی یەکەمەوە دەست پێ دەکەن. بۆ



سەرچاوە
Serchawe

نموونە ئەم ئاڵوگۆڕانە لەنێو بنەماڵەوە بۆ دراوسێ، لە گەڕەکێکەوە بۆ شارێک و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر و ئەو بازنەیە بەردەوام بڵاو و بڵاوتر دەبێتەوە. بەو پێیە خەباتی ژنان بۆتە هۆکاری هێندێک ئاڵوگۆڕ لە ئاستی ئێراندا و دەنگدانەوەی زۆریشی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بووە. بەڵێ ڕاستە دەنگ و ئیرادەی ژنانی کوردستان و ئێران دنیای ڕاچڵەکاند و ئیستاش ئەو دەنگ و ڕەنگ و کاریگەرییە لە زۆر بواردا دەبینین؛ بەڵام ئەمە ڕاستەوخۆ نەبووەتە هۆی ئاڵوگۆڕێک تا وڵاتانی دەرەوە و دامودەزگایەکی نێودەوڵەتی بڕیارەکانی بۆ بگۆڕێ.

بۆ نموونە ئەگەر باس لە حیجابی زۆرەملێ دەکەین، باس لە دەستبەسەرکردنەکانی ژێر ١٨ ساڵ دەکەین، ڕەوشی زیندانییەکانمان مەبەستە و باسی سڵامەتی و پێڕاگەیشتنی پزیشکی بە بریندرانی خۆپێشاندانەکان دەکەین و، ئەگەر سەرنجمان لەسەر ئێعدامی بەندکراوان لە ئێرانە؛ دەبێ بڵێم مخابن هەتا ئێستا لە هیچ بارێکەوە دامودەزگای نێونەتەوەیی نەیتوانیوە ببێتە هۆکاری ئاڵوگۆڕ و کەمکردنەوە، یان یەکلاکردنەوەی ئەم خاڵانەی ئاماژەیان پێ کرا. مخابن هەتا ئێستا کۆمەڵگەی جیهانی ئەم پرس و بابەتانەی بەستۆتەوە بەوەی ئەمانە هێندێک بابەتی نێوخۆیی وڵاتێکن، کە ئێمە دەتوانین زارەکی فەقەت مەحکوومیان بکەین، لە حاڵێکدا بەپێی هێندێک پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی کە ئێرانیش ئیمزای کردوون؛ ئەگەر وڵاتێک پێشێلی ئەم ڕێوشوێنانە بکات دەبێ لێپرسینەوەی لێ بکرێت. ئێمە بینیمان کە ئێرانیان لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان لادا، ڕاستە ئەمە دڵخۆشکەر بوو، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر شێوەی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژنان لە نێوخۆی وڵات دانەنا. یان هەموومان دەزانین کە سپای پاسداران بەتەواوی بەرپرسە لە سەرکوت و توندوتیژییەکان لە نێوخۆی وڵات و قەیرانخوڵقێنییەکان لە دەرەوەی ئێرانیش، بەڵام هەتا ئێستاش هەموو دژکردەوەی کۆمەڵگەی جیهانی سزادان و تەحریمکردنی چەند کەس لە سپای پاسداران بووە کە ئەمە شوێندانەرییەکی لەسەر بنەڕەتی بابەتەکە دانەناوە. بۆیە هەڵوێستی کۆمەڵگەی جیهانی لەو ئاستەدا نەیتوانیوە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ و ئەمە سووچ و تاوانی ژنان لە ئێران و کوردستان نییە کە قوربانیدان و قورساییەکەیان کاریگەری نەبووە؛ بەڵکوو ئەمە پێوەندیی بە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە و ساتوسەودای ژێربەژێریان لەگەڵ ڕێژیمەوە هەیە کە ئەوان نەیانویستووە ئەو بەرژەوەندییانە بۆ خەڵکی ئێران بخەنە مەترسییەوە.

**نەشمیل عەبدی**: ئەگەر بە ڕوونی باس لە پێگەی ژنانی کورد لەنێو دیاسپۆرای کورد و ئێرانی بکەین، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ کارکردی ژنان و ڕێکخراوە کوردییەکانی ژنان لە دەرەوەی وڵات چییە؟

**د. کوێستان گادانی**: لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووشدا باسم لەوە کرد کە ژنانی کورد لە دەرەوەی وڵات چ وەک تاکی سەربەخۆ، یان سەر بە ڕێکخراو و حیزبەکان چالاکن. هاوکات نەوەیەکی نوێش کە نە سەر بە حیزب و ڕێکخراوەکانن و نە تا ئێستاش بوونەتە خاوەنی ئەو ستاتویەی کاریگەری بڕیاریان لە هاوکێشەکاندا هەبێت و بەپێی ئەو قورساییە

بناسرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پشتیوانییان لە خەڵکی ستەملێکراوی نێوخۆ و گەیاندنی دەنگی ئەوان بە شەقام و بیروڕای گشتیی وڵاتان، بە تێکەڵاوییەک لە هەستی نەتەوەیی و بگرە بڕوابەخۆبوون و ویست و داخوازی فێمێنیستیشەوە لەسەر شەقامەکان بوون و وێڕای ئەندامانی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان چالاک بوون. ئەم گرووپە لە کچان و ژنان لە ڕوانگە منە لە ئەرکی گەیاندنی دەنگی ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵات بە چەند هۆکار لەچاو گرووپ و لایەنەکانی دیکە سەرکەوتووتر بوون: یەکەم؛ بە زمانی بێگانە و کولتووری وڵاتی نیشتەجێیان ئاشناتر بوون و لە گەیاندنی پەیامەکاندا بەباشی دەرکەوتن. دووهەم؛ لە باری کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوییەوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەکرابوون کە لەگەڵ کێ و کەی و بۆچی و لە کوێ کار دەکەن و هەول دەدەن. سێهەم؛ پتر دەرکی دۆخی هاوتەمەن و نەسلی خۆیان لە نێوخۆی وڵاتدا دەکەن و لە زمان و ویست و خولیاکانیان تێ دەگەن. چوارەم؛ لە دنیای دەرەوە واتە لە دامودەزگای دەوڵەتی و نێودەوڵەتیدا باشتر وەردەگیران لە، ڕووەوە کە وڵاتان و ڕێکخراوەکان نەدەکەوتنە بەر لۆمەی دەوڵەتی ئێران کە مەسەلەن بۆچی لەگەڵ نوێنەری فلان حیزب و ڕێکخراوە یان کەسایەتیی سیاسی دانیشتنتان بووە و... . هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە حیزبەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان یان کەسایەتییە سەربەخۆکانی دی وەپاش کەوتبێتن. بەڵکوو سەرنجی ئێمە دەبێ لەسەر ئەوە بێت کە کەی و لەکوێ و بە چ کانالێکدا دەنگی خەباتی ژنان لە ئێران بگەیەنینە شوێنی خۆی کە کاریگەری دابنێت. بۆیە لەم بارەوە ئەم نەسڵە نوێیە لە قەدەر کەمئەزموونیی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و تەنانەت بەشێکیان ڕەنگە لە ئێران و کوردستانیش نەژیابن، توانییان کاریگەریی باشیان هەبێت. هاوکات کەسایەتییە سەربەخۆیەکانیش لە زۆر لایەنی وەک کاری مەیدانی و ڕایەڵە و ماددیشەوە دەستیان دەگیرا و ئەوانیش بە ڕێگای خۆیاندا کە بە مەبەست کانالیزە کرابوو، توانییان تا ڕادەیەک سەرنجی دامودەزگای نێودەولەتی ڕابکێشن. بەڵام ئەوەش خۆی جێگای پرسیارە کە لە دەرەوەی مانۆڕ و ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەوە و دەرکەوتن لە کۆنفرانسەکان توانییان و کرا دروویەک لە قالبی خەلکی ئێران و ژنان لە نێوخۆی وڵات دەربێنن؟ کە دیارە ئەمە باسێکی دیکەیە و کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاوێ زۆر دەبات.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژناندا. ڕێکخراوەکان زۆرن، بەڵام هەمووماندەزانین کە ڕێکخراوەی سەربەخۆی ژنان یان زۆر کەمن، یان ئەگەر هەن ئەم بڕشت و توانا و زەرفییەتی شوێندانانیان لانیکەم لە قۆناغی هەستیاری شۆڕشی ژینادا نەبووە. ڕاستە ئەوانیش ئەوەندەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە، لە بەشداری لە خۆپێشاندانەکاندا، لە پەیوەندی گرتن و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ دامودەزگای دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، لە بەشداری لە کۆنفرانس و تەنانەت پێکهێنانی کۆنفرانسەکانیشدا؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک باسمان کرد دەوڵەتان لەسۆنگەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیانەوە لەئاست گەورەیی ڕاپەڕینەکە لە نێوخۆ و هەوڵی ڕێکخراوەکان لە دەرەوە نەجووڵانەوە. ئەگەر کۆبەندی ئەو باسە بکەم، دەتوانم بڵێم لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێکخراوەکانی ژنان بەپێی زەرفییەتەکانیان دەیانتوانی چالاکتریش بن، بەڵام دیسانەکەش هاوکێشە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا شتی دیکە دەخوازن کە لە ئیرادەی ئەو ڕێکخراوانە بەدەرن.

**نەشمیل عەبدی**: ئەی ئەگەر ئاوڕ لە ڕۆڵی حیزبە سیاسییە کوردییەکان بدەینەوە. ئاخۆ ئەوان توانیویانە دەنگی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بن و توانیویانە پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێنن؟

**د. کوێستان گادانی**: ئێمە دەزانین چەند حەوتوو پێش لە کوژرانی ژینا و دەسپێکی شۆڕشە بووین کە دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بە یەکگرتنەوەی خۆیان و وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانیان هەم ئاواتێکی گەورەی خەڵکی کوردستانیان بەدی هێنا، هەم ئاسۆی گوڕوتین بەخشین بە خەباتی سیاسیی کورد لە ئێرانیان ڕوونتر کرد. ئەو یەکگرتنەوەیە و گوتاری حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا و لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام و ڕاپەڕینەکەدا بەتەواوی ڕەنگی دابۆوە. سیاسەت و ڕەفتاری حیزبەکانیش کە من زیاتر باسی حیزبی دێموکرات دەکەم، لە هەمبەر شۆڕشی ژینا و دۆخی خەڵک و ڕاپەڕینەکە لە نێوخۆ بەرپرسیارانە بووە.

لە ڕەوتی شۆڕشەکەدا کە دواتر یەکگرتنەوەی دوو باڵی کۆمەڵەشی بەدوودا هات، حیزبەکان لە بەرامبەر هەست و بە دەنگەوەهاتنی خەڵک ئەرک و بەرپرسایەتیی زیاتریان لەسەر شانی خۆیان هەست پێ کرد و ئەوانیش بە یەکگرتوویی نێوانیان توانییان لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییشدا ببنە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ. بەو مانایە شۆڕشی ژینا بووە هۆی ئەوەی لایەنە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی ئاراستە و گوتاری سیاسیی خۆیان بەئاشکرا بۆ خەڵک بخەنە ڕوو. ئەمن لام وایە حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت ناوەندی هاوکاری لەو دۆخەدا باش جووڵانەوە و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری هەم پرستیژی بە خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران بەخشی و هەم توانی سەرنج و پشتیوانییەکان پتر بۆ دۆزی کورد لە ئێران ڕابکێشێت. لە ماوەی ئەو ٩ مانگەدا هەوڵی دیپلۆماتیکی باش لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە دراوە. کۆبوونەوە و هاودیتنی زۆر بۆ لێکتێگەیشتن و ساغبوونەوە لەسەر خاڵە هاوبەشە جەوهەرییەکان لە نێوان حیزبە کوردییەکان (پتر مەبەستم حیزبی دێموکراتە) و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆندا کراون. چالاکیی هاوبەش لە فۆرمی خۆپێشاندان، کۆنفرانس و بەشداری دیبەیت و وتووێژەکان، دیداری تایبەت و پەیوەندیی تایبەت بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان بووە کە بەشێکیان بەمێدیایی کراون و بەشێکی نا. بەڵام بێگومان کارکردی حیزبە سیاسییە کوردییەکان لە گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و ئێران بە دەوڵەتان و دامەزراوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە باش و ئەرێنی بووە. پێشتر باسی پێوەندیی وڵاتانی دەرەوە لەگەڵ ئێرانمان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانیان کرد، بەڵام ئەو بەرژەوەندییانە بەردەوام دەکرێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت و ئەوانیش بە نیسبەتی داهاتووی ئێران هەستیارن و بەوپێیە لەسەر خەتن. بۆیە لەو چوارچێوەیەدا حیزبە کوردییەکان بەجێ نەماون و کاری خۆیان کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئاکامی زۆر بەرهەستی لێ نەکەوتۆتەوە، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبەکان دەبێ میکانیزمێک ببیننەوە کە ببنە

فاکتەری سەرەکی و وڵاتان بەرژەوەندیی ڕاستەقینەی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا ببینەوە کە نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد دەکەن؛ نەک ڕێژیمی ئێران کە ئەمەش دیسان کەمایەسییەکی دەگەڕێتەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن. ئەگینا هەم جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە نێوخۆی وڵات و هەم پێگەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا تەعبیر لە پێشەنگایەتیی کورد لە ئێران و بەها و بایەخە شۆڕشگێڕانە و دێموکراتیکەکانی جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێراندا دەکەن.

**نەشمیل عەبدی**: دوکتور کوێستان دەمەوێ بزانم ئێوە ئاسۆی ئەو شۆڕشە چۆن دەبینن و قۆناغەکانی دوایەی ئەم بزووتنەوەیە چۆن لێکدەدەنەوە؟

**د. کوێستان گادانی**: گەشبینی لە هەموو کاتدا کە فاکتەری سەلمیندراو و ئارگۆمێنتی لە پشت بێت باشە و جێگا پەسەندە. بەپێچەوانەی ئەوانەی دەیانگوت ڕێژیم هەتا سەری ساڵی نوێ دەڕووخێ، من قەت سەقفی زەمانییم تا سەری ساڵ بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران دوای دەستپێکی شۆڕشی ژینا دانەنا، بەڵام ئێستاش لەم بڕوایەدام کە ئێران تازە قەت ناگەڕێتەوە دۆخی پێش کوژرانی ژینا و ٢٦ی خەرمانان کە ژینا لە سەقز بەخاک سپێردرا و چەخماغەی ئەو شۆڕشە لێ درا. ئەم شۆڕشە لە هەناوی خۆیدا زیندووە و سەرەڕای بێدەنگییەکی ڕێژەیی کە ئێستا بە شەقامەکانەوە دیارە، بەڵام خەڵکی ئێران بە ئەزموون وەرگرتن لە پاییزی ساڵی ڕابردوو خۆیان بۆ شەپۆلێکی نوێی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان ڕێک دەخەن. ئەم پرۆسەیە دەبێ قۆناغەکانی خۆی بە وشیارییەوە ببڕێت و لەبیرمان نەچێت هەموو خەڵکی وڵاتان وەک یەک ناچن و کولتوور و کار و ئاستی تێگەیشتنیان و پێکهاتەی کۆمەڵگەکان لێک جیاوازن. هەر بەو پێیەش هەموو ڕێژیمە سیاسییەکان وەک یەک و بە یەک شێوە ناڕووخێن. ئێمە سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دەناسین و دەزانین کە ٤٤ ساڵە ئەم ڕێژیمە وەک هەموو نیزامێکی سیاسیی دیکتاتۆر هەموو زەرفییەتە مرۆیی و ئابووری و ژێئۆپۆلۆتیکییەکانی وڵاتی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە نێوخۆی وڵات و تەنانەت لە دەرەوەش بەکار هێناوە. بۆ خەڵکێکی وەک خەڵکی ئێران کە بەردەوام و ساڵ بە ساڵ خەبات و تێکۆشانی خۆیانیان لەدژی ڕێژیم پەرە پێ داوە و خوازیاری ئێرانێکی سێکۆلار، دێموکرات بە دەستەبەری مافی وەکیەکی بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەن؛ هەر سەرکەوتن چاوەڕوان دەکرێت. ئەمن بە داهاتوو گەشبینم و دەبینم کە شۆڕشی ژینا گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینیوە و بەردەوام دەژێیتەوە، و چ لە ئاستی نێوخو، چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا زیندانیان و قوربانیان و بنەماڵە دلسۆزەکانیان لەبیر نەکروان و ناکرێن و ڕقێکی پیرۆز هەموو وڵاتی بەدژی ڕێژیم یەک خستووە. ئێستا ئیدی تەنیا کورد نییە کە لە سەنگەری خەبات دژی ڕێژیم دابێت، بەڵکوو هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە گۆڕەپانەکەدان. ئەوەش کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر ئاراستەی شۆڕشی ژینا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی دابنێت شتێک زیاتر لە یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەگشتی و کورد بەتایبەتی و هەروەها پەیوەندیی پتەوتری نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و کاری هاوبەش نییە. واقعێک کە بە خۆشییەوە شۆڕشی ژینا یارمەتیدەر بوو، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

ئیستاش کاریکی زۆرمان لە پێشە و هەرئیستاش وەدرەنگ کەوتووین. هەمووان دەبێ بەوە گەیشتبێتین کە تەنیا بە یەکگرتوویی و کاری هاوبەش دەتوانین ئەو خەباتە هاوبەشەمان بۆ ئامانجە هاوبەشەکانمان سەر بخەین و لەم بارەوە ژنان بەگشتی و ژنی کورد بە تایبەتی درێخییان نەکردووە.

بۆ من وەک ژنێکی کورد جێگای دەستخۆشی و پێزانینە کە ژنانی کورد مێژوویەکی نوێیان بۆ کورد و کوردستان تۆمار کرد و هیوادارم هەردەم لە پێشەنگی و پێشەوەچوون دابن و ماندوو نەبن لە درێژەدانی خەبات. بەدڵنیاییەوە ژنان دەتوانن شانبەشانی پیاوان کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و بە مافی وەک یەک و یەکسانەوە بۆ نەتەوەکەیان دەستەبەر بکەن. ئەو ڕۆژەش دوور نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی ژنانی دێموکرات - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٧٢٣

## شنە دروودگەر: هیوادارم بانگەوازی هاوبەشی ٦ حیزبەکەی ڕۆژهەڵات، ببێت بە بەستێنێک کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا لایەنەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانیدا پشتیوانی و بەشداری لە شۆڕشی ژینادا بکەن




**قەندیل پرێس:**

**ئەوە لە یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە. بەم هۆیەوە ڕێکەوتی ١٥ی خەرمانان، ٦ حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بانگەوازێکی هاوبەشیان بۆ مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان بڵاو کردەوە. بۆ تاوتوێی ئەم و بابەتە و چەند باسێکی تر، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز "شنە دروودگەر"، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران پێک هێنا.**

**قەندیل پرێس:** ئەوە لە یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا نزیک دەبینەوە، لە ئێستادا دۆخی سیاسیی ئێران بە گشتی و دۆخی

رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی چۆن دەبینن؟

**شنە درووودگەر**: لە ئێستادا کە تەنیا چەند رۆژمان ماوە بۆ ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی (ژینا)، دۆخی رژێمی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی خراپیی خۆیدایە. لە هەموو رەهەندەکانەوە بشێویی تێکەوتووە و بۆی کۆ ناکرێتەوە. لە بواری نێوخۆییدا دەبینین کە برسێتی و هەژاری و هەڵاوسان پشتی خەڵکی شکاندووە و هەموو هەوڵ و تەقەلای خەڵک بە درێژایی رۆژ، تێرکردنی سکی خۆیانە. لەلایەکی دیکەوە گرانی و کەمبوونی پێداویستییەکانی رۆژانە لە بازاڕەکاندا، تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، خەفەقان و زەبروزەنگ و سەرکوت بەرامبەر بە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆ، ئەوەندەی دیکە خەڵکی ئێرانی بەرامبەر بە رژێم رقئەستوورتر کردووە.

لە بواری دەرەکییەوە دەبینین کە رژێم بە تەواوی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا تەریک کەوتووە و ئیزۆلە بووە. کۆماری ئیسلامی هیچ متمانەیەکی لە ناوچە و جیهاندا نەماوە. هیچ وڵات و رێکخراوێکی نێودەوڵەتی باوڕی پێ ناکەن. هەروەک چۆن لە پرسی پیتاندنی ئورانیۆم و پشتیوانی لە گرووپە توندئاژۆ و تێرۆریستییەکاندا لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا درۆ و ناپاکیی کرد، ئێستاش دەرکەوتووە کە بە دانی درۆن و مووشەک و تۆپ و دەیان جۆری دیکەی چەک بە رووسیا، راستەوخۆ لە شەڕی ئۆکراین گلاوە و لە قەڵاچۆکردنی خەڵکی ئۆکراییندا بەشدارە.

تەنانەت لەم چەند رۆژەدا دەرکەوتووە کە بە ناردنی زرێپۆش و تۆپخانەی قورس و دەیان جۆر چەکی دیکە بۆ ئەرمەنستان، ئاگری شەڕی ئەرمەنستان و ئازەربایجان خۆش دەکات.

لە سووریەش دەبینین کە لەلایەک چۆن ئاگری شەڕی تایفیی لە دێرەزوور خۆش کرد، بەڵام بۆی نەچووە سەر و شەڕەکە کۆنترۆڵ کرا و لەلایەکی دیکەوە، خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، لە دژی حکوومەتەکەی خۆیان و دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی رژاونەتە سەر شەقامەکان و داوای رووخانی رژێمی بەشار ئەسەد دەکەن. لە عێراقیش دەبینین کە لە رێگەی حەشدی شەعبی و دەستوپێوەندییەکانییەوە هەموو هەوڵی ئەوەیە کە قەوارەی هەرێمی کوردستان تێک بدات و شەڕی تایفی و مەزهەبی لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە خۆش بکات، کە من پێم وایە لێرەش بۆی ناچێتە سەر، هەر وەک لە یەمەنیش بۆی نەچووە سەر و یەمەنی لە رووی هەژموونەوە رادەستی عەرەبستانی سەعوودی کرد. ئەو جیا لەو هەموو مووشەک و درۆن و تۆپبارانانەیە، راستەوخۆ خەریکی پێشێلکردنی سەروەریی عێراق و کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکانە.

کەوابوو هەم لە رووی نێوخۆیی و هەم لە رووی دەرەکییەوە رژێمی کۆماری ئیسلامی لە لێواری رووخان و نەماندایە.

بەڵام لێرەدا ئەوەی کە بەشێکی پرسیارەکەتانە و من دەمهەوێ لەسەری بدوێم، دۆخی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. کوردستانی ڕۆژهەڵات و نەتەوەی کورد، بە بڕوای من چەند پلە لەپێشە بە بەراورد لەگەڵ نەتەوە و ناوچەکانی دیکەی ئێران. بۆ؟ چونکە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد نەچووە ژێر باری ئەو دەسەڵاتە پاوانخواز و ناوەندگەرایە و قۆڵی خەبات و بەربەرەکانێی لێ هەڵماڵی. واتە بە درێژایی تەمەنی خۆی، کۆماری ئیسلامی وەکوو خاکێکی داگیرکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردستان کردووە و لە ڕاستیدا کوردستانی بە زەبری پووتین و ئاگر و ئاسن ئیدارە کردووە. ئەوەش بووە هۆی ئەوە خەڵکەکەمان خۆڕاگر و شارەزای شێوەکانی خەبات لە دژی ڕێژیم بن و هەم حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان ببنەوە خاوەن هێز و بەم شێوەیە بتوانن ببنە خاوەنی ڕێکخستنی تۆکمە کە دەبینین چلۆن بە بانگەوازێک هەموو دووکان و بازاڕەکانی کوردستان دادەخەن. جا لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە ئەم تایبەتمەندییانەی کە لەسەر کوردستان باسم کردن، بوونەتە هۆکار کە هەموو نەتەوە و دانیشتوانی ئێران لە ئێستادا چاو ببڕنە کوردستان و حیزبە کوردییەکان و بۆ بەشداری لە ساڵڤەگەڕی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا، کوردستان و نەتەوەی کورد بکەن بە ئەزموون بۆ بەشداریی چالاکانە و زیاتریان لە فازی نوێ و دووهەمی شۆڕشدا.

بۆیە بە بڕوای من بەستێن بۆ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو بارێکەوە ڕووخاوە و تەنیا هێزی سەرکوتی ماوە لەسەر شەقامەکان. هێزێکی ماندوو و برسی کە لە ڕووی داراییەوە لە دۆخێکی خراپدان. هێزێک کە دڕزی تێکەوتووە و دەسەڵاتدارانی نیگەران کردووە کە ڕەنگبێ چیدی خەڵکمان بۆ سەرکوت نەکەن. هەر بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو خامنەیی دانیشتنێکی لەگەڵ فەرماندەکانی سپا هەبوو و لێیان دپاڕایەوە کە دەبێ هەوڵ بدەن نەخزێن و خۆڕاگر بن. بەڵام خاڵی گرینگ و یەکلاکەرەوە ئەوەیە کە دەبێ ڕێکخستن بۆ ڕووخانی لەسەر ئاستی هەموو ئێران بکرێت.

**قەندیل پرێس**: ڕێکەوتی ١٥ی خەرمانان، ٦ حیزب و ڕێکخراوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتن لە ٢٥ی خەرمانان بانگەوازێکی هاوبەشیان دەرکرد. بە ڕای ئێوە ئەم بانگەوازە هاوبەشە چ کاریگەرییەک لەسەر بەردەوامبوونی شۆڕشی ژینا و وره و ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵات دادەنێ؟

**شنە درەوودگەر**: لە ڕوانگەی منەوە کاریگەریی باشی بوو. بە دوو هۆکار:

**یەکەمیان**؛ ئەوە بوو کە هەندێک لایەن ناویان لەو بانگەوازەدا هاتبوو کە یەکەمجارە لە وەها بانگەوازێکدا بەشدار دەبن و ئەوە بۆ خۆی هێما بۆ یەکدەنگییەکی گشتیی کوردە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵات.



سەرچاوە
Serchawe

**دووهەمیان؛** ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو یەکدەنگییەیە لەسەر خەڵکی خۆمان لە ڕۆژهەڵات و کۆی جوغرافیای ئێران بە هەموو نەتەوەکانەوە. بێگومان ئەو کۆدەنگییە دەبێتە مێتۆدێک بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخراو و حیزبەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هاوکات پەیامێک بوو بۆ هەموو لایەنێکی ئێرانی کە ئاگادار بن کوردستان لە ئامادەباشیی تەواودایە و زەرفییەت و کاریگەریی باشی لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک لە ئێراندا دەبێت.

**قەندیل پرێس:** ئەم بانگەوازە هاوبەشە چ کاریگەرییەک لەسەر پەیوەندی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێ؟ پێتان وایە ئەمە هەنگاوێکە بۆ پێکهێنانی بەرەیەک؟

**شنە درووگەر:** بێ شک هەر ئێستا و لە یەکەم بانگەوازی لەم چەشنەدا کاریگەریی ئەرێنی خۆی بوو و ڕەهەندە بەهێزەکانی کاریگەریی لەم چەشنە بانگەوازانە لە داهاتوودا دەردەکەوێ. چوونکە عەزم کردن قەت هەنگاوی لەم چەشنە نەهاوێژراوە. لایەنی سیاسیی تێدا هەیە کە یەکەمجاریانە لە وەها پرسێکی نەتەوەییدا بەشدارن. من هیوادارم و پێموایە ئەو هەنگاوە ببێ بە بەستێنێک کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا لایەنەکان کۆ بکاتەوە و لە چوارچێوەی بەرەیەکی کوردستانیدا پشتیوانی و بەشداری لە شۆڕشی ژینادا بکەن و بەرەوڕووی سیاسەتەکانی ڕێژیم ببنەوە.

**قەندیل پرێس:** ئێوە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە شۆڕشی ژینادا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**شنە درووگەر:** ڕاستە شۆڕشی ژینا دەرەنجامی سیاسەتی غەڵەتی ئیداری و ئابووریی کۆماری ئیسلامی بوو کە خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستانی وەزاڵە هێنابوو و ستارت یان جەرەقەیەکی پێویست بوو کە شۆڕش بتەقێتەوە. ئەوەبوو کە شەهید ژینایان ئاوا مەزڵوومانە بێکەسکوژ کرد. بەڵام من پێموایە کە حیزبی دێمۆکرات ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ عامل یان هۆکاری سەرەکیی شۆڕش بوو. کاریگەریی ناڕاستەوخۆ ئەوە بوو کە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات تازە وەسەر یەک خرابوونەوە و ئەو یەکگرتنەوەیە (کۆمەڵەش بەرەو یەکگرتنەوە دەچوو) کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی گەشاندبۆوە و ئامادە بوون هەموو فیداکاری و گیانبازییەک لە پێناو حیزب و نەتەوە و نیشتمانەکایاندا بکەن.

کاریگەریی ڕاستەوخۆش ئەوە بوو کە دەستبەجێ دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدکردنی ژینا و ئاڵۆزبوونی دۆخی شاری سەقز، حیزبی دێمۆکرات لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانییەوە دەستبەکار بوو و شۆڕش دەستی پێ کرد تا هەموو شەقامەکانی کوردستانی گرتەوە و "ژن ژیان ئازادی" و "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" بوون بە دروشمی شەقامی کوردی و دواتر دیتمان کە هەموو ئێرانی تەنی.

**قەندیل پرێس:** ئێوە وەک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆڵی خۆتان لەم شۆڕشەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**شنە دروودگەر**: ئێمە وەکوو یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەوڵمان داوە کە بارتەقای تەمەن و متمانەی ڕێکخراوەکەمان کە لەگەڵ تەمەنی حیزبی دێمۆکراتە، کاریگەریمان لەسەر شۆڕشی ژینا هەبێت. هەر لەو ڕاستایەدا ئێمە سەرەتا ڕێکخستنەکانمان لە نێوخۆ وەگەڕ خست تا بە بەشداریی چالاکانە لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بن. ڕێکخستنەکانمان ڕاسپارد کە ژنان بە لیباس و هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بەشداری بکەن و لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی شەهیدانی شۆڕشدا بەشدار بن و هەتا بۆیان دەکرێ بنەماڵەی شەهیدان بەسەر بکەنەوە.

پاشان هەر لە ڕاستای وەگەڕخستن و سەرخستنی شۆڕشدا بە دەیان کۆبوونەوە و سیمینارمان لەسەر ئاستی کوردستان و سەرانسەری ئێران پێک هێناوە کە دوایین کۆنفرانسمان چەند ڕۆژ لەوە پێش لە وڵاتی نۆرویژ گیرا و نوێنەری نەتەوەکانی بەلووچ و ئازەری و فارس و سکرتێر و جێگری ڕێکخراوی ژنانی ئینێرناسیۆناڵ سۆسیالیست تێیدا بەشدار بوو و لە پانێڵی جۆراوجۆردا لێدوانیان لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران و شۆڕشی ژن ژیان ئازادی دا.

**قەندیل پرێس**: وەک خۆتان چ پێشبینییەک بۆ داهاتووی ئەم شۆڕشە دەکەن؟

**شنە دروودگەر**: ئێمە پێمان وایە شۆڕش سەردەکەوێ. کۆماری ئیسلامی هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات، بەڵام پێم وایە کرۆڵ بووە و بەرگە ناگرێ و لە کۆتاییدا شۆڕش سەردەکەوێ. هیوادارم بتوانین لە دوای نەمانی ڕێژیم لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ڕێگە نەدەین جارێکی دیکە شۆڕشی گەلانی ئێران بەتاڵان ببردرێت و ئەمجارە سیستمێکی سیاسی و ئیداری بێتە دامەزراندن کە هەم خەڵکی بێت و هەم دونیاپەسەند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## **شلێر باپیری**: ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی تا ساڵڕۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا



**دیمانە:نەشمیل عەبدی**

**لە بەرەبەرەی ساڵرۆژی دەستپێکی شۆرشی ژینا واتە شۆرشی ژن، ژیان، ئازادیداین، هەڵسەنگاندنی ئەو یەک ساڵە و هەروەها ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان هەم لەناوخۆی وەڵات هەم لە دەرەوەی وەڵات لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، هەروەها ئایا دەکرا ئەم شۆڕشە بەهێزتر با، ئایا ساڵرۆژی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی دەبێتە قۆناغێکی نوێی شۆڕش، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو شلێر باپیری ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مافەکانی ژنان دەبێ.**

**نەشمیل عەبدی**: با بەو پرسیارە دەست بە گفتگۆکەمان بکەین، وەک دەزانین لە بەرەبەرەی ساڵرۆژی دەستپێکی شۆرشی ژینا یان شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی داین، وا ساڵێک بەسەریدا تێدەپەرێ، دەتوانن کورتەیەک لەسەر چۆنیەتی دەستپێکردنی ئەم شۆرشە و هەروەها چۆنیەتی تەشەنەسەندنی بۆ تەواو ئێران بکەن؟

**شلێر باپیری**: هەروەک دەزانن دەستگیرکردنی کچە کوردێک ژینا، مەهسا/ئەمینی لەسەر شێوەی سەرپۆشەکەی لەلایەن گەشتی ئێرشادەوە و پاشان لێدان و ئازاردانی کە بوو بەهۆی گیانلەدەستدانی دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، توانی جەرەقەی ئەو شۆرشە لێبدا. ئەگەرچی دوو ڕۆژی سەرەتای بڵاوبونەوەی هەواڵەکە زۆرتر نارەزایی لەملاوئەولا بوو. بەڵام لە



سەرچاوە
Serchawe

گەیاندنەوەی تەرمەکەی بۆ سەقز و ئەوددەمەی کە ژنانی کورد زۆر بوێرانە لە گۆرستانی «ئایچی» سەرۆپۆشەکانیان لادا و گوتیان نا بۆ حیجاب، بەرگێکی دیکە بەبەر ئەو نارەزایەتیانەدا کرا و جەرەقەی شۆرشێکی لێدا کە هاوکات پیاوانیش پشتیوانییان لێکرد و شەقام خرۆشا.

ئەوەی کە سەرەتای ڕووداوەکە لەسەر گەشتی ئیرشاد و باسی حیجاب بوو، دەکرێ هۆکارێکی گرینگ بێ کە دەنگی چالاکوان و ژنانی ئێرانی بەرز کردەوە و هاوکات لە دەرەوەش زۆر زوو کاردانەوەی لەسەر درا و سەراسەری ئێرانی گرتەوە کە دواتر ڕەوتەکە تەواو بوو بە ڕەوتی ئینقلابی و لە خواستی نەمانی حیجابەوە گەیشتە جێیەک کە لە قوتابخانەکان کچانی قوتابی دەیانکوت دروشمی دژ بە خامنەای دەگوتەوە و زانکۆکانیش بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» ناڕاستەوخۆ داوای نەمانی ئەو حکومەتەیان دەکرد.

**نەشمیل عەبدی**: ئەگەر بە دیاریکراوی بێینە سەر ڕۆڵی ژنان لە نێوخۆی نیشتماندا، ڕۆڵ و کایگەریان چۆن هەڵدەسەنگێنن، لە ڕەوتی شۆرشی ژن، ژیان، ئازدی دا؟

**شلێر باپیری**: ڕۆڵی ژنان لەو ڕۆژەی ژینا ئەسپەردەکرا و لەوێ بوێرانە جەرەقەی شۆرشێکیان لێدا، دەرکەوت کە ژنانی ئێستای ڕۆژهەلاتی کوردستان بوێرن و هۆشیارن. بێدەنگ نابن و دەیانهەوێ خاوەن گۆرانکاری بن لە ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتی. ڕۆڵی ژنان ڕۆڵێکی گرینگ بوو لە بەشداریان لە نارەزایەتییەکانی سەرشەقام لە شارەکانی ڕۆژهەلات و سەرانسەری ئێران. لەبیرمان بێت تەنانەت ئەوانەی ئازیزترین ڕۆڵەکانیان لەدەستدا وەک باری سوننەتی کۆمەڵگە لە دەرەوەی گۆرستان ڕانەوەستان و لە چوارچێوەی ماڵ و گەرەک و شاریاندا شین بۆ ئازیزانیان بکەن، ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی دەستەبەدەستە خەڵکی شارەکاندا بوون کە چوونە سەرقەبران و شینیان گێرا و پڕ بە دەنگ هاواریان کرد کە تۆڵەتان دەستێنین، بە چاوی گریان و دڵی پڕ لە غەمەوە، گوتیان کە ئەوە کۆماری ئیسلامیە بکوژی ڕۆڵەکانمانە. هەر ئەوەش پێمان دەڵێ کە گوتەی دایک، خوشک، هاوژینی شەهیدەکان بوێرییەکی زۆری دەوێ لە کۆماری ئیسلامییەک کە لە بەرکاهێنانی توندوتیژیترین ڕێگاکان، ناسلەمێتەوە. ئێمە لەبیرمان بێ لەو شۆرشەدا شەهیدی ژنمان داوە کوبرا شێخە، مینو مەجیدی، سارینا ساعیدی، فریشتە ئەحمەدی، نەسرین قادری و زۆرانی کە پێمان دەڵێن ئەو شۆرشە ڕۆڵێکی سەرەکی ژنان گێرایان.

**نەشمیل عەبدی**: لەم پەیوەندیەدا حەز دەکەم ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری ژنان لە دەرەوەی وەلاتیش بکەم، هەم ئەوانەی کە لەباشوری کوردستان نێشتەجێن و هەمیش ئەوانەی کە لە دەرەوەی کوردستانن، ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر شۆرشی ژینا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا لە ئاست پێویست بووە؟



سەرچاوە
Serchawe

**شلێر باپیری**: دیارە چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە دیاسپۆرا کە دەرگاکان زۆرتر بۆ چالاکی واڵاتان، ژنان هەوڵیاندا هاودەردی،

هاوپشتیوان و دەنگی ژنان و بەگشتی شۆرشی ژینا بن. لە ڕوانگەی خۆمەوە لەئاستی پێویستدا نەمدیتن، ڕاستە بەشداری چالاکانەی خۆپێشاندانەکان بوون، بەڵام دەیانتوانی ڕۆڵی بەهێزتر و کاریگەریان لە درێژماوەدا زۆرتر بێت. کار و چالاکی ژنان و ناوەندەکانیان زۆرتر کورتماوە بوو. قوڵ نەبۆوە لە ئاستی چالاکی باڵاتر بۆ بوون بە دەنگی ژنی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و یان ئاستی ئاکادیمی. هەر بۆیە دەتوانین لەو لایەنەوە خەسارناسیەک بۆ ئەوە بکەین.

**نەشمیل عەبدی**: وەک دەزانین ژنان پێشەنگ و سەرکردایەتی ئەم شۆرشە بوون، هەم لە کوردستان و هەم لە ئێران بەگشتی، بێ گۆمان ئێران شۆرشی زۆری بە خووە بینیوە، بەڵام دەمەوێ بپرسم ئەم شۆرشە کە وا یەک ساڵ بەسریدا تێدەپەرێ جیۆازی نێوان شۆرشی ژینا لەگەڵ شۆرشەکانی تری پێشووی ئێران چی بوون؟ جیۆازیەکانیان چین؟

**شلێر باپیری**: دیارە نارەزایەتی و جوڵانەوەکانی پێش شۆرشی ژینا بە شۆرش پێناسە ناکەم. چونکە ڕووداوەکانی پێشتر لە هیچ حاڵەتدا سەرانسەری ئێرانی نەگرتەوە، یان جوڵانەوەی خوێندکاری بوون لە ئاستی زانکۆ، یان نارەزایەتی لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ کە زۆرتر مەرکەزی گرتەوە، یان نارەزایەتی ئابانی ٩٨ کە زۆرتر ڕووی ئابووری هەبوو. ڕەنگبێ لێرە ئەستەم بێ لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو جوڵانەوە و نارەزایەتیانە بکەم، بەڵام جیاوازیان بەرچاو بوو، شۆرشی ژینا شۆرشی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوو کە پێشتر ڕووی نەدابوو. لە مێرمنداڵی ١٥ ساڵە بۆسەرەوە بگرە تا لاو و وەک پێیان دەڵێن جیلی Z تا دەگاتە ژن و چینی بەتەمەن داچوو.

**ئێمە لە جوڵانەوەکانی پێشوو ئەوەمان کەم دی یان بەجۆرێک نەبون بەتایبەت لە بەشداری ژنان دا.**

**نەشمیل عەبدی**: ئەگەر ئاورێک لەو یەک ساڵەی شۆرشی ژینا بدەینەوە، ئەم شۆرشە دەستکەوت و خاڵی بەهێزی هەبوون. چۆن دەتوانن ئەم دەستکەوتانە یان خالە بەهێزەکانی شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی پۆلێن بەندی بکەن؟

**شلێر باپیری**: یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەوە بوو، کە ئێمە وەک بزوتنەوەی ژنان، حیزبەکان و ناوەندی ڕاگەیاندن و ناوەندە جیاوازەکانی دیکە خاڵە لاوازەکانی خۆیان زۆر بە جوانی هەست پێکرد.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی دەکرێ شۆرشی کۆمەڵایەتی لە ئاستی ئێران و کوردستان دابێ. نمونەیەک بێنمەوە ئێمە لە



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان دەگمەن ژن دەبینرا لە ڕۆژی یەکەمی ناشتنی ئەزیزانیان وێنە بگیرێ و خۆیان بەشدار بن. زۆرتر پیاوانە بوو، شۆرشی ژینا ئەوەی گۆڕی و ژنان بە سینبولی شۆرشگێرییەوە بەشداریان دەکرد و دروشمیان دەدا و دەیانکوت تا کوردێک بمێنێ کوردستان دەمێنێ. نمونەیەکی دیکەی باب و برای شەهیدان بوون کە لە ئەستەمترین ڕۆژەکانی ژیانیاندا هاتن و فیمینسترین وتەکانی ئەو شۆرشەیان گوت و کردیان بە دیوی بەهێزی ئەو شۆرشە. ئەودەمی بابی شەهید محەممەد حەسەن زادە دەڵێ «...» زۆر ڕون دەردەکەوێ کە کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا و بۆنی شۆرشێکی کۆمەلایەتی لێوەدێ نەک هەر شۆرشێکی سیاسی ئەگەر بە ئەنجامیش نەگەیشتبێ. کورتی بکرمەوە دەتوانم بڵێم کە خاڵی بەهێزی ئەو شۆرشە بەشداری دیار و بەرچاوی ژنان بوو. بەتایبەت ژنانی کورد. زومی باسەکان، ئانالیز و هەوڵەکان لە مەرکەزەوە هاتە کوردستان کە هەمیشە ژنانی کورد لە پەراوێز دیتراون و لەژێر سێبەری ژنانی فارسدا پێناسە کراون. شۆرشی ژینا خاڵی بەهێزی بۆ ژنی کورد و بزوتنەوەکەی بوو.

**نەشمیل عەبدی**: دەزانین لە پاڵ هەموو دەستکەوت و خاڵە بەهێزەکانی شۆرشێک، بێ گۆمان خالی لاوازیش هەیە. دەکرێ خاڵە لاوازەکانی ئەم شۆرشە پۆلین بەندی بکەن؟

**شلێر باپیری**: یەکێک لە خاڵە بێ هێزەکانی ئەو شۆرشە دەکرێ نەبونی ئۆرگانیزە بێ لە کوردستان و سەرانسەری ئێران. ڕاستە هەوڵ درا و کاری بۆ کرا بەڵام ئاسان نەبوو. هەر بۆیە زۆر جار گروپی چوکە و یان پەرش و بلاویمان پێوە دەدی.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کە لە دەرەوەی ئێران دەتوانین ئاماژەی پێبکەین خودی ئێمە کوردەکان بوین، بە حیزب، ناوەندی سیاسی و ڕاگەیاندنەوە. نەبوونی پلانی تۆکمە، ڕاوێژی باش و یەکنەگرتوویی وای کرد زۆر زوو بدزدررێ و ڕەنگ و بۆنی دیکەی پێوە بلکێنن. لە ماوەی پێنج مانگی سەرەتای شۆرشدا هیچ ناوەند و حیزب و لایەنێک نەهات کۆنفرانس و باسی جیاواز بەسازبدەن، ئەگەریش کرا، کرچ و کاڵ بوو. ڕاستە شۆرشەکە چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام دەرفەت هەبوو کە ئەو چاوەڕواننەکراوییە درێژ نەکرێتەوە. لە خەباتی چالاکی و لۆبی و باسی جیاوازە بچێتەوە سۆسیالمیدیا نەک هەر لە ئاستی سۆسیالمیدیادا بمێنێتەوە.

**نەشمیل عەبدی**: بە لێکدانەوەی ئەم دوو پرسیارە بەوەی کە بەرەو ساڵرۆژی شۆرشی ژینا دەچین، بە ڕای ئێوە دەکرا ئەم شۆرشە بەهێزتر با لەوەی کە هەیە؟ چۆن؟ چی پێویست بوو بکرێ و پێتان وایە نەکراوە، بەگشتی؟

**شلێر باپیری**: لەو باوەڕە دام ئەوەی پێویست بوو بە گشتی لە کوردستان کرا و خەڵک بوێرییەکی سەیریان هەبوو، لە کاتێکدا حکومەت بە چەکی جەنگی بەرانبەریان ڕاوەستا و هەروەها چەکی جەنگیشی بە دژی خەڵکی کوردستان بەکارهێنا.

بەڵام ئەگەر کرابا و لە سەرانسەری ئێرانەوە بەتایبەت شارە گەورەکانەوە وەک کوردستان هەستابان. بێگومان کۆنترۆڵ کردن ئاسان نەدەبوو، بەجۆرێکیش گوشار لەسەر کوردستان کەم دەبۆوە.

هاوکات لە دەرەوەی ئێرانیش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ناوەندە مافە مرۆڤییەکان گوشارێکی ئەوتۆیان بۆ ئێران دروست نەکرد جگە لە چەند مانگی سەرەتای شۆڕشدا نەبێ.

**نەشمیل عەبدی**: ئەگەر بۆمان باسێکی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن کە بەرەو ساڵرۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا دەچین، خەڵک لە ئێستادا دۆخیان چۆنە؟ چونکە دەزانین گۆشارەکانی ڕژیمی ئێران لە لایەک و هەڕەشەکانی و سەرکوتەکانی و ئەوەی ئێستاش دەبینین زۆربەی شارەکانی کوردستان میلیتاریزە کراون لەبەر ساڵرۆژی دەستپێکی شۆڕشی ژینا، پێتان وایە ئەم گۆشارانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەم شۆڕشە دەبێ یا خۆ خەڵک بڕیاری خۆی داوە؟

**شلێر باپیری**: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی ئەو هەموو هێزەی لە کوردستان جێگیرکراوە و هەروەها فشاری زۆر لەسەر خەڵک بەگشتی و چالاکان بەتایبەتی دۆخێکی ئاڵۆزە. دۆخێکە کە دەیهەوێ ترس و گوشاری زۆرتر دروست بکات، بەڵام خەڵکی بڕیاری خۆی داوە کە نەترس بێت و لە شۆڕشی ژینا زۆر بە ڕونی دەرکەوت. لە بیرمان بێ ئەوەی ئێستا خەڵک لە ڕۆژهەڵات و ئێران دەیکا بوێرییەکی زۆری دەوێ و ئازایەتییەکی بێسنور، بەرانبەر بە حکومەتێکە کە لە هیچ کارێکی دڕندە ناپرینگێتەوە.

**نەشمیل عەبدی**: ڕژیمی ئیسلامی دوای یەک ساڵ لە شۆڕشی ژینا دۆخی چۆنە؟ کۆماری ئیسلامی چەندە لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دەترسێ؟ چەند لە هێز و شۆڕشی ژنان دەترسێ؟

**شلێر باپیری**: شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بە ڕونی نیشانی دا کە دەتوانێ جێ پێی کۆمارێکی ٤٤ ساڵە وەلەرزە بخات و پێیان بڵێ کە ڕۆژێک ئەو دەسەڵاتە تا سەر نامێنێت و بەڵام کات و ڕۆژەکەی دیار نییە. ئەوەی ئێستا ئێران پەلامار و هێزی نیزامی لە کوردستان زۆر دەکات بێگومان هی ترسی لە شۆڕشەکە و هەروەها لە شۆڕشێکە کە ژنان پێشرەوی بوون.

ئەگەرچی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی نەیتوانی کۆتایی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بهێنێت، بەڵام بەو واتایە نییە کە نەروخێت و بەو واتەیەش نییە کە شۆرش تەواو بوبێت و بە ئەنجام نەگەیشتبێت. شۆڕشی ژینا خەباتی هێنا قۆناغێکی دیکە و هیوایەکی بەهێزی داوە بە هەمووومان کە بۆ ئازادی و ڕوخانی کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشین.



سەرچاوە
Serchawe

**نەشمیل عەبدی**: گەیشتنە کۆتا پرسیارمان، دەزانین شۆرشی ژینا بەردەوامە و شۆرش تەنیا ئەوە نییە کە خەڵک لەسەر شەقام بیت، بەڵکو شۆرش قۆناغ و شێوازی جێوازی هەیە... ئێوە پێتان وایە شۆرشی ژینا دوای یەک ساڵ بەرەو چ قۆناغێک دەچێ؟ ساڵرۆژی دەستپێکی شۆرشی ژینا قۆناغێکی نوێ لە شۆرش دەبێ؟ دەتوانن هەڵسەنگاندنێک بکەن؟

**شلێر باپیری**: لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و بەپێی بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە ڕەنگبێ هەڵسەنگاندن ئەستەم بێ، بەڵام هەر ئەوەی بنەماڵەی شەهیدان دادخوازان و بەردەوامن لە حەق ئەستاندن، چالاکن بەردەوامن لەگەڵ هەموو گیران و دەستگیرکردن و حوکمەکان، ڕۆژنامەنوسان لە لەقاودان بەردەوامن سەرباقی نەبوونی هیچ ئازادییەک، کەواتە شۆرش بەردەوامە و خەڵکیش لە قۆناغی خەبات دان تا بە ئەنجام گەیشتن و گەیشتن بە ئازادی.

لەو باوەڕەدام ئەو شۆرشە بەجۆرێک لەجۆرەکان لە کات و ساتێکی کە سەرهەڵدەداتەوە درەنگ یان زوو ڕەنگبێ ئەستەم بێ ئێستا پێشبینی بکەین، چونکە زۆر فاکتۆر دەتوانێ ڕۆڵ لەو دووبارە بونەوی شۆرشێکی سەراسەری دا ببینێت.

**خاتوو شلێر باپیری ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی ژنان سپاس بۆ ئامادەبوونتان لەم وتووێژەدا**

**سپاس**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

# پێویستی بەشداربوونی ژنان لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا هەتا ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان



**دیمانە: شاماران**

(وەک دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە دو چەمکی ژن و پێشمەرگە بەتایبەت لەم دواییانەدا کە لە شۆرشی ژینا واتە شۆرشی ژن، ژیان، ئازادی دا روونتر دەرکەوت کە لە هەموو شتێک زیاتر لێ دەترسێ و دەتوانین بلێین کە پایەکانی لەرزاندووە، جا ئەگەر ئەو دو چەمکە بەیەک بگەن، بۆ ئەو دەوڵەتە دەیان بەرابەر مەترسیدارترە. لە ٤ دەیەی ڕابردوودا لە نێو هێزی پێسمەرگەی دێموکرات و زۆر لە حیزبەکاندا هەبوون ژنانێک کە پێشمەرگە بوون و تەنانەت گیانی خۆشتان لەم ڕێبازەدا بەختی ڕزگاری گەلەکەیان کردووە. بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە هەڤپەیڤینەکمان لەگەڵ چەند خاتوونی پێشمەرگەی دێرین دەبێ.)

**شاماران**: پێم خۆشە پێش ئەوەی کە دەست بە گفتگۆکەمان بکەین لە زاری خۆتان، خۆتان بە خوێنەرانی ئێمە بناسێنن، لەگەڵ ئەوەی کە چەند ساڵە پێشمەرگەن و چۆن بوو کە بڕیارتاندا ببن بە پێشمەرگە؟

**کوبرا ئەحمەدپوور**:

من ناوم «کوبرا ئەحمەدپور»ە خەلکی شاری «شنۆ»م و ١٧ ساله پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم. له ڕێگای هاوسەرەکەمەوە ئاشنا به حیزبی دێموکرات بووم و پێم خۆش بوو منیش هەر وەکوو برا پێشمەرگەکان ڕۆلم هەبێ له شۆرش و خەباتی نەتەوەکەم و نیشتماندا. بۆیە بریارم دا ببم پێشمەرگە.

**مەهتاب خزری**:

**پێشەکی ڕێزو سڵاوم هەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنان**

من مەهتاب خزری ساڵی ١٣٥٨ لەبنەماڵەیەکی پێشمەرگە لەدایک بووم. بابم پێشمەرگە بوو ئێمە وەک بنەماڵەی پێشمەرگە سەختی و نەهامەتی زۆرمان بینی بەتایبەت کە بابم شەهید بوو بۆ هەمیشە لە ناز و نیعمەتی باب بێبەش بووین. بویە هەموو ئەوانە بوونە پاڵنەر بۆ ئەوی کە من ببم بە پێشمەرگە و دژی ئەو هەموو ناداتپەروەریە بجەنگم.

ئەو کات لەماڵی ئێمە هەمیشە ڕادیۆی حیزب مان دەگرت و زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە پێوندی بگرم و کار بکەم بەڵام نەمتوانی بۆیە بریارم دا بێمە ناوریزەکانی حیزب و ببمە پێشمەرگە.

**زستانی ساڵی ١٣٨٠ بوو کە لەگەڵ خوشکێکم (سنوور) هاتین بۆ نێو حیزب و تا ئیستا بەردەوامم.**

**گوڵاڵە محەممەدزادە**:

پێش هەموو شتێک گەرمترین پیروزبایی بە بۆنەی ئەو ڕۆژە پیرۆزەوە واتە ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان لە هەموو کادروپێشمەرگەکانی حیزب خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دەکەم. من گوڵاڵە محەممەدزادە خەڵکی ناوچەی سەقز،

لەبنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر پەروەردە بووم ساڵی ١٣٦٠ کاتێک برایەکم بە ناوی توفیق محەممەد زادە شەهید بوو هۆگری

من زیاتر بە لای پیشمەرگەوە بوو دواتر خۆم لەساڵی ١٣٦٨ لە ناوخۆی کوردستان بوومە ئەندامی نەهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ماوی سێ ساڵ لەوێ کارم کرد. پاشان لەساڵی ١٣٧١ هاتمە دەرەوە و ژیانی هاوبەشم لە گەڵ پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر «برایم چووکەڵی» پێک هێناوە. دەمێک بوو ئەو هەستە لەدەڵی من دابوو کە چەکی پێشمەرگە لەشان بکەم لەسالی ١٣٨٤ بەفەرمی وەک پێشمەرگە چەکی حیزبی دێموکراتم لەشان کرد وهەروەها لەمووشەکبارانی ١٣٩٧ لە قەڵا بە سەختی بریندار بووم و برایەکی دیکەم لە شەڕی باشێک لای موسڵ بە ناوی رسووڵ محەممەدزادە لەساڵی ١٣٩٥ شەهید بوو. ئیستاش وەک کادرێک لە بەشی ئیدارەی ناوەندی پەروەردە کار دەکەم.

**مەحبووبە ئیبتکار**:

**پێشەکی سڵاو وڕێزم هەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری ژنان وهەروەها دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە و ئێوەی بەڕێزوخۆشەویست هیوادارم سەرکەوتووبن و پەنجە بخەنە سەر ئەو کێشە و ئاریشانەی لە نێو کومەڵگەدا هەن و دەبنە هۆی پێشێل کردنی مافی، ژنان بنکۆڵ یان بکەن وڕێگاچارەیەکی گونجاویان بۆ پەیدابکەن.**

**من مەحبووبە ئیبتکار خەڵکی شاری سەقزم و کادری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم.**

ئەگەر باس لە چۆنییەتی بڕیاردانم بکەم بۆ پێشمەرگایەتی هەر لەسەرەتای گەنجیم کە هەستم کرد لە دەورووبەرم چی ڕوو دەدات پێشمەرگایەتی بوو بە ئاوات و ئامانجم زۆر حەز و خولیام هەبوو ببم بە پێشمەرگە بە هۆی ئەوەی من لە ناوچەیەک ژیانم دەکرد بەردەوام تێکهەڵچوون هەبوو لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە من زووتر هەست بەو چەوساندنەوەیە بکەم و بیر لەوە بکەمەوە پێویستە کارێک بۆ گەلەکەم بکەم کە لەو وەزعە نەجانی ببێت من پێم وابوو ئەرکی هەرتاکێکی کۆمەڵگەیە بە پێی توانای خۆی لەو خەباتە بەشدار بێت . دەستم بە چالاکی کرد بە هۆی ئەوەی من کادری دەرمانی و سەربە مەرکەزی بێهداشتی دەرمانی بووم کەوتمە بەرچاو و دیدی دەست و پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت حەراسەتی مەرکەز بێهداشت زەخت و گوشارەکانیان دەستی پێکرد و پەرەی سەند لەلایەن حەراسەتی زانکوی علوم پزشکی کوردستانەوە بانگ کرام بۆ کۆتا جاریش لە دادگای ئینقلابی هەمەدان دادگای کرام ئەو زەخت و گوشارانە بە حەدێک گەیشت ژیانم لە کوردستان کەوتبووە مەترسیەوە بۆ کۆتا جار بانگ کرام بۆ ئیتلاعات نەچووم چوونکە دەمزانی ئەو جار نەجاتم نابێ بۆیە بڕیارم دا بێمە نێو ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و شەڕەفی پێشمەرگایەتیم پێ بەخشرا.

**شاماران**: دەزانین کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە دو چەمکی ژن و پێشمەرگە بەتایبەت لەم دواییانەدا لە هەموو شتێک زیاتر دەترسێ و دەتوانین بلێین کە پایەکانی لەرزاندووە، جا ئەگەر ئەو دو چەمکە بەیەک بگەن، وەک پێشمەرگەیەکی ژن چەندە هەبوونی ژن لە ڕیزەکانی پێشمەرگە بە پێویست دەزانن؟ خەبات کردن شان بە شانی پیاوان قورسە؟

**کوبرا ئەحمەدپوور**:

بەبروای من هەبوونی ژن لەهەر سازمان و ڕێکخراو دا ڕۆڵێکی تایبەتی دەگێرێ بەتایبەت لەنێو شۆڕشە کوردیەکان جێ پەنجەیەکی دیاریان هەبووە و لە خەبات کردن دا شان بە شانی پیاوان لە مەیدان دا بوونە. هەر بۆیە بونی ژن کاریگەریەکی بالای هەیە لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان، هەر لەبەر ئەمەیە ڕێژیمی ئێران لە بوونی ژن دەترسێ.

**مەهتاب خزری**:

**هەبوونی ژن لەنێو شۆرش دا لە چەند لاوە گرینگی خۆی هەیە بۆیە کۆمار ئیسلامی زۆری لێدەترسی؛**

**یەکەم**: یاساکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک ژن بێ ماف، دەستەمۆ و چاولەدەست دەکەن بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە بەبوونی ژنی نائاگا و کۆمەڵگەی نائاگا باشتر دەتوانێ حوکمی خۆی بکات. بۆیە کە ژنان لە شۆرش بەشدار بن کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە دەبێت و ئاگایی دەدات بە تاکەکانی کۆمەڵگە.

**دووەم**: کۆماری ئیسلامی هەمیشە کاری لەسەر ئەوە کردووە و دەکات کە ژن وەک بونەوەرێکی لاواز و جێی بەزەیی نیشان بدات کە دەبینێ ژنی کورد نەک لاواز نییە و بگرە زۆر ئازایانە لەبەرنبەر ستمکاری ڕادەوەستێ و بۆتە نموونە بۆ ژنانی ئێران وەک بینیمان لە شۆرشی ژینادا ژنان توانیان هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی بشکێنن. بێگومان ئەوانە هەر وا دروست نەبووە ئەوە خەباتی چەندین ساڵەی ژنان بووە کە ژنانی بەو ئاستە لە ئاگایی و بوێری گەیاندووە.

**سێیەم**: لەنێو خودی شۆرش هەبوونی ژنان زۆر گرینگە چونکە ئەگەر ژنان نەبن و بۆ مافەکانی خۆیان خەبات نەکەن بە دڵنیایەوە خەباتێکی یەک ڕەهەند ناتوانی سەرکەوتوو بێت.

**گوڵاڵە محەممەدزادە**:

بە بڕوای من هیچ شۆڕش و مبارەزەیەک بە بێ بەشداری ژن سەرناکەوێ، کاتێک باس لە نیوەی کۆمەڵ دەکەین دەبێ وەک



سەرچاوە Serchawe

ئەرک ژنـان ئەرکـی خۆیـان لە کـۆمەڵگەدا بەڕێـوەبەرن، وزایفـی پێشـمەرگە لەهەلەمەرجـی ئێسـتا دا جیـاوازە، ئەو ئەرکەی دەکەوێـتە سەرشـان لەهەلـومەرجی ئێسـتا لە هـی پیـاوان قورستر نییە، دبـێ ژنـان خۆیـان بگـۆڕن، گـۆڕین بە واتـای شـان وەبەردان وەک پیاوان، ڕاستە لەباری جسمانییەوە لەوانەیە پیاو بەهێزتر بێ، ئەوە بەو مـانیە نییە کە ژن هیچـی لەدەست نـایە، بەڵکوو بە پێچەوانە ژن دەتوانێ زۆر کـاری گەورەی لەدەست بـێ. شۆڕشی ژن، ژیـان، ئـازدی، لە سەر بنـاغەی ژن دامەزرا، ئەوە واتـایەکی گەورەیە کە بەدوای شەهیدبوونی ژینـا، ژنـانی بەهەسـتی کوردسـتان پێشـەنگەی ئەو بـزووتنەوەیە بوون. لەسەر ئەو بـاوەڕەم ئیـرادە لە هەر زینـدەوەرێک دا بـێ کـاری بـۆ سادەیە، بەو مانـایە، ئیرادە وزەت پـێ دەبەخشـێ، ئێسـتا ژن بـێ یـا پیـاو، جیـاواز نییە، گرینـگ ئەوەیە تـۆ چـۆن کەڵـک لەو ئیرادەیە وەردەگـری، بـۆیە ژن دەتـوانێ نەک شانبەشانی پیاوان ئەرک بەڕێوە بەرن بەڵکوو دەتوانن تەنانەت ئەرکی قورستریش ئەنجام بدەن.

**مەحبووبە ئیبتکار**:

گومان لەوەدا نییە کە چەمکی ژن وچەمکی پێشمەرگە دوو چەمکی تەواو گرێ دراون چوونکە کاتێک ژنێک دەبێـتە پێشمەرگە خەبات دەکات لە پێناو وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتیـی ومرۆڤـایەتییەکـانی. لە دیسکۆرسـی کۆمـاری ئیسلامی دا هەمووکـات بە چـاوێکی کەم ڕوانیـوێتیە پرسـی ژن. پێـی وایە ژن بـوونەوەرێکی لاوازە و نـاتوانێ وەک پیـاو پێداویستیەکانی ژیـانی خـۆی دابـین بکــات و لە دەســەڵات و کــۆمەڵگە بڕیاربــدات.کۆماری ئیســلامی هەر لە ســەرەتای دامەزرانــدنی و پــاوانکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران تاکوو ئێستا کە زیاتر لە چل ساڵە دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەجیا لە سیاسەتی سەرکوت وهەڵاواردن زیاتر هیچ دیـارییەکی بـۆ خەڵکـی ئێران بە تـایبەت بـۆ ژنـان بە دیـاری نەهێنـاوە. ڕۆڵ و بـوونی ژن بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە مەیـدانی خەبـاتی ئـازادیخوازی و یەکسـانیخوازی دا خـۆی سـەلمێنەری ئەو ڕاسـتییەیە کە ژنـیش وەک پیـاو دەتوانی دیفاع لە مافە ڕەواکانی بکات و هەروەها دەتوانێ ڕوانیینی پیاوسـالارانە سەبارت بە پرسی ژن لە نـاو کۆمەڵگەدا بگـۆڕێ و کـاریگەری باشی لە سـەر کـۆمەڵگەدا هەبـێ .ئەمرۆ ژن بە بەشـداری کردنـی لەنێـو حیـزبە کوردسـتانییەکان لە چوارپارچەی کوردستان بەتـایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژئـاوایی کوردستان بەشدارییان لە شەڕی عەفرین و کۆبـانی سەلماندییان ژن چەند بەهێز و بەتوانـایە ئەگەر ئیرادە بکـات ئەو بـاوەڕە لە کۆمەڵگە دروست دەکـات کە ژن و پیـاو هیچ جیاوازییەکیـان نییە و دەتـوانن شـان بەشـانی یەک وهـاوتەریبی یەک بـۆ ڕزگـاری نیشتمانەکەیان خەبـات بکەن و پشت و پشتیوانی یەکدی بـن. خەبـات شـان بەشـانی پیـاوان بە هـۆی ئەوەی ژن ئەرک و بەرپرسیـارەتی زیـاتری لە سەرشـانە وەک دایکایەتی، ژنی ماڵ و هەروەها زۆربەی ژنەکان بۆ بژێوی ژیانیـان لە دەرەوەی مـاڵیش کـار دەکەن. ئەگەر ژن تەنیـا ئەرکـی پێشمەرگایەتی لەسەر شان بێ بە بڕوای من هیچ قورس نییە و زیاتریش دەتوانن خەبات بکەن.

**شاماران**: کاتێ باس لە خەبات و شۆرش دەرکێ ناتوانین رۆڵی ژنان لەبەرچاو نەگرین و تەنانت لە شۆرشی ژینا دیتمان کە

ئەوە ژنان بوون کە پێشەنگ بوون و سەرکردایەتی شۆرشیان دەکرد، بەڵام دەمەوێ بپرسم ڕۆڵی ژنانی پێشمەرگە لە خەباتی ڕزگاری نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینن؟ وەک پێشمەرگەیەکی ژن چۆن هەڵدەسنگێنن؟

**کوبرا ئەحمەدپوور**:

لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا ژنان شوێن پەنجەی خۆیان دەرخستووە و لە شۆڕش و خەباتدا، بەرەنگاری زۆر تەنگ و بەربەست بوونەتەوە بۆ پاراستنی کولتور و فەرهەنگی نیشتمانەکەمان شان بە شانی برا پێشمەرگەکان هاتونەتە گۆرەپانی خەبات و ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان هەیە. هەر بۆیە ژنانی پێشمەرگە پێویستە لەنێو شۆڕش دا هەبن.

**مەهتاب خزری**:

باسکردن لە خەباتی ژن، ژنی کورد لە چەندین لاوە ستەمی لێدەکرێت بۆیە خەباتەکەی فرەڕەهەندە. و زۆر باش چۆتە پێش لە خەباتی پێشمەرگایەتی، کولتوری، زمانەوانی، فەرهەنگی و ژینگەیی... ژنان بە خەباتی بەردەوامیان بە دۆست و دووژمنیان سەلماند کە نەک لاواز نین بگرە ئەوانن کە دەتوانن شۆرش و کۆمەڵگە و وڵات بەرێوە بەرن. بۆیە هەموو ئەوانەم باس کرد ژنێک کە پێشمەرگەیە تەنیا چەکدار نییە. بگرە لە هەموو ئەو خەباتانەدا بەشدارە .من وەک پێشمەرگەیەک بەردەوام لە هەر بوارێک کە پێویستە و بۆم لوابێ کارم کردوە.

**گوڵاڵە محەممەدزادە**:

ڕوانگەی من لەوانەیە جیاواز بێ تا ئێستاش کە لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم ژنان ڕۆلێکی بەرچاویان نەبووە ئەوە بەو مانایە نییە کە نەقشی ژنان بەکەم بگرم، بەڵکوو دەمهەوێ بڵێم ئەوەی وا لە توانایی ژنان دا هەیە کاری بۆ نەکردوە و خۆی بۆ ماندوو نەکردوە، کاتێک دڵێین ژن و پیاو لەکۆمەڵگەدا یەکسانن، تا ئێستا وەک شوعار بریقەی دێ، ئێستا دەبوو ژنان لە ڕیزەکانی حیزب بەشێکی زۆر ئەرکەکانیان لە پیاوان باشتر جێ بەجێ کردبوایە، بە بڕوای من ستراتیژی ژنان بۆ بەشداری خەباتی ڕزگاریخوازانە ڕوون نییە، بەواتەیەکی دیکە ستراتیژی واتە گۆڕین خۆت لە خەباتدا، دەبێ لەگەڵ ڕابردوو شەڕ بکەی و خوڵقێنەر و داهێنەری شتی نوێ بێ هەر لەسەر شێوازی ڕابردوو بەشداری کردن لە خەبات ناتوانێ بۆ ژنان دەسکەوتی بەنرخی بێ. ئەگەر چالاکانە بەشداری بکەی خولقینەری زۆر شتی نوێ دەبی. ئەگەر هەر کاتێک ستراتیژی خۆی لەخەبات دا ڕوون کردەوە، ڕۆلی ژنان پڕ بایخ هەڵدەسەنگێندرێ و تواناکانی ژن وەک نیوەی کۆمەڵە لە خەبات دا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن.



سەرچاوە
Serchawe

**مەحبووبە ئیبتکار**:

بە بڕوای من بەشداری ژنان وەک پێشمەرگە لە مەیدانی خەبات خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دەتوانێ شەڕ بکات لە پێناو ژیان و مافەکانی و دەتوانێ لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات دا زۆر بە باشی بەشداربێ و توانا و هێزی خۆی وەگڕ بخات. بەشداری ئێستای ژنانی پێشمەرگە لە خەبات دا ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵانی پێشوو زۆر زیادی کردووە و هاوکاری و پشتیوانی بنەماڵەکانیان زۆر باشترە لە ساڵانی پێشوو ئێستا کۆمەڵگەی گۆڕانی بەسەر هاتووە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تێگەیشتوو و خوێندەوارە. ئەگەر باس لە ڕەوت و ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دواییانەی ڕۆژهەڵات بکەین وهەڵسەنگێنین بە بڕوای من لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژن ،ژیان،ئازادی، ژینا ئەمینی، ئەگەر ئاناتۆمی ئەو شۆڕشە ئانالیزە و شیکاری بکەین دەبینین ئەگەر ئەحزابی سیاسی مێشکی ئەو ئاناتۆمییە بوون ئەوا ژنان دڵی ئەو ئاناتۆمییە بوون هێز و توانا و بەردەوامیان دەبەخشێ بەو شۆڕشە. سەرەڕای هەموو ئەو ئاڵنگاری و بوونی داب و نەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان ژنان ئاڵاهەڵگری خەباتێکی بوێرانەن بەدژی دیکتاتۆری ودواکەوتوویی و قارەمانانە توانیویانە بەرگری لە مافەکانیان بکەن و پێشەنگی شۆڕشێکی گۆڕانخواز و ئازادی خواز بن.

**شاماران**: لە پاڵ ئەو هەموو هەوراز و نشێوەدا، ئێوە دایکیشن، کە دایکایەتیش بۆتە بەشێک لەو بەشەی ژیانتان، پێم خۆشە بۆم باسی دایکایەتی پێشمەرگەیەک بکەن؟ باسی خۆشیەکانی و سەختیەکانی؟

**کوبرا ئەحمەدپوور**:

پێشمەرگە بوون و دایکایەتی ئەرکێکی سەختە بەڵام پیرۆزترین ئەرکە کە ژن پێکەوە ئەنجامی دەدات. وەکو ژنێک شانازی بەخۆم دەکەم کە توانیومە درێغی لە هیچیان نەکەم.

**مەهتاب خزری**:

باسکردنی ژیانی پێشمەرگەیەکی ژن زۆر جیاو لە ژیانی ژنێکی ئاسایی هەڵبەت هەموو ئەو ژنانەی ناو شۆرش بە سەختی و نەهامەتی زۆر دا هاتون بەڵام بۆ کەسێک کە پێشمەرگە بێت چەند بەرانبەر دەبێت. بەڵێ من هەم پێشمەرگە بووم و هەم دایک و زۆر هەوڵم داوە کە بتوانم ئەرکەکانم بە باشترین شێوە لە ئەستۆ بگرم دیارە هیچ شتێک بێ کەموکوڕی نیە بەڵام کە باورت بە خۆت وخەباتەکەت هەبێ ئامانجت هەبێ دەتوانی بەردەوام و سەرکەوتوو بێ. من بە بیروباوەڕێکی زۆرەوە تا

ئێستاش بەردەوامم. جیا لەئەرکی حیزبی من بەردەوام لە ڕێکخراوی ژنان چالاکیم هەبووە پێموایە هەموو ژنێک دەبێ بۆ مافەکانی خۆی هەوڵ بدا بۆ ئەوەی بۆ منداڵەکانیشی ببێتە نمونەیەکی جوان دیارە لە هەموو ئەو ساڵانە دا لە پێڕاگەیشتن و پەروەردە کردنی منداڵەکانم دریغیم نەکردووە ئیستا زۆر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە توانیومە هەم دایک بم هەم پێشمەرگە و ژنێکی چالاک هەموو ئەوانە ئاسان نەبوون و نین، هەمیشە پێم وابووە کە ژیان بە هەموو کەندوکۆسپەکان فێرت دەکات کە چۆن بژی و ژیانت درووست بکەی، بۆیە من لە ژیانی نێو شۆرش و پێشمەرگایەتی و هاوسەرداری و دایکایەتی توانیمە هاوسەنگی ڕابگرم. بە هەموو ژنانیش دەڵێم ژیان پێویستی بە هەوڵدان بەردەوامی هەیە نابی لە ڕۆژە سەختەکان نائومێد بن. پێویستە بۆ ژیان ئامانجت هەبێ و بۆی تێبکۆشی.

### گوڵاڵە محەممەدزادە:

بە بڕوای من وەرگرتنی دوو بەرپرسایەتی ئەرکێکی قورسە، بۆ؟ کاتێک تۆ لەمیدانی خەبات و بەربەرەکانی دای دەبێ ستراتیژی تۆ وەک دایک ڕوون بێ، لەکاتێک دا دەزانین لەگەڵ دڕەندەترین ڕێژیی توتالیتیری سەردەم تێکەوتوون، ئێمە هەر وەک پێشوو درێژەمان داوە، دایک مانایەکی خۆی هەیە و پێشمەرگە واتای خۆی هەیە. لێرەدا دەبێ ستراتیژی هەر دایکێک ڕوون بێتەوە، ئەگەر وەک دایک هەڵسوووکەوت دەکەی لاوازی بە ئەرکی خەباتەوە دیارە، وەک خەباتکار جووڵە دەکەی ئەرکی دایکایەتی نامێنێ. ئەگەر وەک خەباتکارێکی ڕاستەقینە بڵێم، لە هەلومەرجی سەخت و دژواردا ئەو دوانە کارێکی سەخت و دوور لە واقعییەتە، من خۆم ئەو دەورانەم تاقی کردۆتەوە کە سەختییەکی زۆرم بۆ کیشا، هۆکارەکەشی ناروونی ستراتیژی ژنان بۆ خەبات بوو، بە واتای ئەوە کە ڕێکار و بەرنامەڕێژی نەبوو. ڕوونتر بڵێم لە هەردوو بوار هێندێک جار نەمتوانیوە هەر دوو مەسئولییەت بە یەکەوە ئەنجام بدەم، کەوابوو دەبێ تەفکیکی بکەین، لە قۆناغی خەباتی چەکداری هەردووکیان سەختن، لەوانە لەئێستا دا بە پیی زرووف هەردوکیان بەیەکەوە بکرێن.

### مەحبووبە ئیبتکار:

دایکایەتی لەلای من ئەرکێکی موقەدەس و پیرۆزە و بەرپرسیارتیەکی گرینگە بەتایبەت بۆ ژنێک کە پێشمەرگەش بێ دووقات سەختترە بە واتایەکی دیکە دوو ئەرکی زۆر پیرۆز و قورس و گران بۆ پێشمەرگەیەکی ژن هێز و ئیرادەی زۆری دەوێ و پەروەردە و بارهێنانی منداڵ کات و پلان و بەرنامەی دەوێ. پێشکەشکردنی سۆز و مێهرەبانی و پەروەردەکردنی بە بیر و هەزرێکی نەتەوەی کوردانە و یارمەتیدانی بۆ بەرێوەبردنی ئاستەنگەکانی ژیانی و دابیین کردنی پێداویستییەکانی ژیانی لەلایەن پێشمەرگەیەکی ژن سەختە بەلام بە بڕوای من پێویستە پێشمەرگە ببێت بە دایک چوونکە منداڵەکەی بەسوود دەبێ بۆ نەتەوە و کۆمەڵگەکەی، ئەگەر منداڵ لە دایکێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو لەدایک بێت و بەدەستی ئەو دایکە

پەروەردە بێت لە داهاتوودا کەسێکی بەهیز و بیرکراوە و شوێندانەر دەبێ.

**شاماران**: دوای ئەم هەموو ساڵە کۆلنەدانە و سورِ بوون لەسەر رێبازی «ئازادی کوردستان» و خەبات کردن لە دژی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و وەک دەزانین بەرەو ٢٦ی سەرماوەزیش دەچین کە رۆژی پێشمەرگەی کوردستانە، پێم خۆشە لەم پرسیارە کراوەدا هەستی ئێوە بزانم؟ پێم خۆشە باسی هەستەکانی خۆتانم بۆ بکەن سەبارەت بەم رۆژە و بەو هەموو ساڵە خەباتە و کۆلنەدانە؟

**کوبرا ئەحمەدپوور**:

بەبۆنەی ٢٦ سەرماوەز کە رۆژی پێشمەرگەی کوردستانە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆم بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانانی سیاسی و بەتایبەت کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەکەم ، هیوا دەخوازم کوردستانمان ئازاد بێ و لەم رۆژە پیرۆزە دا بە ئاوات و ئامانجی شەهیدەکانمان بگەین.

**مەهتاب خزری**:

بە بۆنەی ٢٦ سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە. پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو ئەو کەسانەی کە لەو سەنگەرەدا جەنگاون و ئەو خەباتە بەبەردەوامی هێشتۆتەوە و هەم ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی کەمیش پێشمەرگە بوون. دیسان جێی رێز و شانازین کە رۆژێک لە رۆژان چەکی بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستانیان کردۆتە شان.

من کە هەم وەک ژن و وەک دایک لە رێزی پێشمەرگایەتی دا خەباتم کردووە و بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ لەگەڵ هاوسەنگەرانم بەردەوام بووم شانازی بە خۆم و هاوسەنگەرانم دەکەم ، من لەگەڵ کەسانێک هاوسەنگەر بووم کەهەمیشە جێی شانازین و بەداخەوە زۆر هاوسەنگەری ئازیزم لەدەست داوە لە ماوە دوور و درێژە، لەو رۆژە دا سەری رێز و ئەمەگداری دادەنەوێنم بۆ روحی پاکی شەهیدان و هێوای سەرکەوتنی یەک جاری بۆ خۆم وهاوسەنگەرانم.

**شاماران**: لە کۆتایی دا سپاسی ئێوە دەکەم بۆ بەسرکرنەوەی من دەست خۆشی و ماندوونەبوونیتان پێدەڵێم.

**گوڵاڵە محەممەدزادە:**

لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی گەرم لە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان دەکەم هەروەها شانازی بەخەبات و تێکۆشان و سووربوون و خۆڕاگری کادر و پێشمەرگەی حیزبەکەمان دەکەم. ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی سڕینەوە و لەنێوبردنی دام و دەزگایەکی سەرکوتکەری حکوومەتی دیکتاتۆری پاشایەتی و نەمانی بنکەی زوڵم و زۆر و داسەپێنەر، کە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوە چەوساوەکەمان بوو. پێشمەرگە، سوکنایی دەری هەموو ئەوانەیە کە بەدەست زۆڵم و ناعەداڵەتیی ڕێژیمەوە دەناڵێنن. پێشمەرگە بۆ نوێ کردنەوەی بەڵێنی لەگەڵ نەتەوەکەی، نەتەوەی قارەمان بێ بەشی کورد، ئەو بەڵێنی‌یە کە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز داویەتی تا وەدی هێنانی ئازادی بۆ نیشتمان خەبات بەردەوام دەبێت. لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز کە سروشت دەکەوێتە بەر سەرما، لە تەواوی کوردستان سەرما لەبیر دەچیتەوە چونکی ڕۆژی پارێزەری دەسکەوتەکانی کوردستانە.

پێشمەرگەی کوردستان بۆ دیفاع لە مان ومەوجوودییەتی نەتەوەکەی و بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، هاتۆتە گۆڕەپان و لەو ڕێگایەدا تا ئەمڕۆکە، بەسەدان وهەزاران داستانی پڕ لەسەروەری و ئازایەتی، فیداکاری و لەخۆبوردوویی تۆمار کردوە کە لە مێژووی خەباتی خوێناویی نەتەوەکەماندا دەدرۆشێنەوەو دەمێننەوە. بۆیە ئەو ڕۆژەی لێ پیرۆز بێ.

**مەحبووبە ئیبتکار:**

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە چاونە ترس و گیانفیدایەیە کە بە بەخشینی بەهاکانی ژیانی و پێشکەش کردنی گەورەترین سەرمایەی ژیانی کە گیانیەتی خەبات دەکات. پێشمەرگە تەنیا خەباتکارێک نییە کە گیانی خۆی فیدای گەلەکەی دەکات بەڵکوو پێشمەرگایەتی شێوازێکی ژیانە، ژیان بە واتای ژیانێکی سادە، بێ غەل و غەش و ڕاستگۆیانە، پاک و دۆستانە و مرۆڤ پەروەرانە، پێشمەرگە لە ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەدا بووەتە هۆی خولقاندنی زۆر دیاردەی پۆزەتیف لەنێو کومەڵگەی کوردی دا، هەستی باوڕبەخۆ بوون، شکاندنی ئەو تابۆ و سنووورە دەست و پێگیرانەی کە لەسەر بناغەی عەشیرەتی خێڵەکی دانراون.

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە ئازا و بەهێزەیە کە چیرۆکی قارەمانەتی لە مێژوودا نووسراوەتەوە و تۆمارکراوە. پێشمەرگە تەنیا چەکدارێک نییە پێشمەرگە پرنسیپ و دیسپلین و ئەخلاقە کە دەیهەوێ گۆڕانکاری لە دەسەڵات و کۆمەڵگەدا بکات

فەلسەفەی پێشمەرگە بناغەی لەسەر پاراستنی بە هاوکەرامەتی مرۆڤ و مافەکانیان و ڕێزگرتن لە مرۆڤ، ژیاندۆستی و ژینگەپارێزی بونیادنراوە. پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ بۆ پاراستنی نیشتمانەکەی و گەلەکەی لە تواندنەوە لە هیچ فیداکارییەک سڵ ناکەن و پارێزگاری لە بەها وهێما و موقدەساتی گەلەکەیان دەکەن. هەستی من دوای ئەوەی کە ١٨ساڵی تەمەن و گەنجی خۆم بەخشییوە بە ڕێبازی پڕ سەروەری شەهیدان و گەلەکەم جێگای فەخر و شانازییە بۆم و هیچ کات پەشیمان نیم و سەرەڕای هەموو ئەو ناخۆشیانەی لەو ڕێگایەدا چەشتوومە لە هەموویان ناخۆشتر شەهیدبوونی هاوڕێکانمە و هەروەها فەوتی دایکم کە دڵسۆزترین کەسم کە وەک قەڵایەک لە پشتم بوو هەمووکات هاندەر و وەرەبەخش بوو. کاتێک بیر لەوەی دەکەمەوە ئەو ڕێگە سەخت و دژوار و دوور لە کەس و کار و ئازیزان و لە کەمترین ئیمکانات دا تێپەر دەکەم ئەگەر ڕۆژێک ئەو شۆڕش و خەباتە سەرکەوێ کە منیش تێیدا بەشدار بووم بە میلیونان کەس و هەروەها نەوەی داهاتووی ئەو گەلە دەتوانێ ژیانێکی شایستەیان هەبێ کە شایانی ئەوانە زۆر دڵخۆشتر و دڵگەرمم دەکات بەردەوامی خەباتە. ئەگەر هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەست بەو بەرپرسیاریەتییە بکات و بە ئەرکی خۆی بزانێت ڕەوتی ڕزگاری نەتەوەکەمان زۆر زووتر پەرەدەسێنی و سەردەکەوێ.

**لە کۆتایی دا لە ڕێگای گۆڤاری ژنانەوە بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پیرۆزبایی لە هەموو هاوڕێیان و هاوسەنگەرانم و هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەم هیوای ساغی و سڵامەتی بۆ هەموو لایەکیان و ئاواتی زوو بە ئامانج گەیشتیان بۆ دەخوازم. سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. سپاستان دەکەم کە منتان بە سەر کردەووە و ماندوو بوون و زەحمەتەکانی منتان لە بەرچاو بوو.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٣**

## گوڵاڵە شەرەفکەندی: وێژمانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، وێژمانێکە ئێستاش کلیلی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی پێیە



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**لەکاتێکدا پرسی هەڵبژاردنەکان و سیاسەتی هاندان و هەڕەشەی ڕێژیم بۆ بردنەسەرێی ئاستی بەشدارییەکان گەیوەتە تروپکــی خــۆی، چەنــد پرســیارێک گرینــگ دەنــوێنن، وەک: ژنــان و پــرس و مافەکانیــان لەکــوێی هاوکێشــەکانی هەڵبژاردنەکانـدا جـێ دەگـرن؟ هەڵبژاردنەکـان لە چـل و پێـنج سـاڵی ڕابـردووی حـوکمڕانیی ڕێژیمـدا چ شـتێکی لە بەرژەوەندیی پرسی ژنان گۆڕیوە و بەوپێیە ژنان بۆچی دەبێ بەشداری هەڵبژاردنەکان بن؟ ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک بـاس و بـابەتی دیکەمـان لەگەڵ زۆر بەڕێـز خـاتوو گـوڵاڵە شـەرفکەندەی، جێگـری سـەرۆکی ژنـانی سۆسیالیسـت ئینتێرناسیۆنال هێناوەتە گۆڕێ.**

**شەهرام سوبحانی:** چل و چوار هەڵبژاردن لە ئێران کراوە، ئەم هەڵبژاردنانە چ ئاڵوگۆڕێکیان لەسەر پرسی ژنان بە قازانجی ئەوان بووە؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی:** واقعییەت ئەوەیە کە لە تەواوی توولی ئەو ساڵانەدا بێجگە لە یەک دوو جار کە ئەوانە هەوڵیان

داوە کە مەسایلی ژنان بە جۆرێکی باسی بکەن یا لزوم و زەروورەتی وایان دیتووە کە هێندێک خۆیان مۆدێرن نیشان بدەن یا بە عیبارەتێکی لەو مەسەلەی بڕوانێ تەبلیغاتێک بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیستفادە بکەن یەک دوو مەورد بووە ئەو پەڕی سێ مەورد بووە کە لەو حاڵەتانەشدا هیچ وەخت ئەو مەسەلەیە لە مەسەلەیەکی زاهێری تەبدیل نەبووە بە مەسەلەیەک یا باسێکی ئەساسی یا ئێختساسی زەروورەت، ئێمە دەزانین کە میزانی ژنانێک کە ئێستا نوێنەرن لە پەرلەمانی ئێران، ٦ دەرسەدە یانی لەو ٢٩٠ نەفەرە شتێک لە حەدودی ١٦ یا ١٧ ئەندام ژنن لە دەورەهایەکی کە ئەوانە سەعیان کردوە کە ڕێکلامی پێوە بکەن تەنیا مەسەلەکە ئەوە بووە کە سرنجی پێ ڕابکێشن و نیازەکەش بۆ ئەوە نەبووە کە گۆڕانکاری بنەڕەتیی لە کۆمەڵگەدا پێک بێنن یا ئیحساسی نیازیان کردوە سەبارەت بەوەی کە بەڵێ ژنانی زۆرتر لە مەجلیس دانیشن هیچ یەک لەوانە قەزییەکە نەبووە قەزییەکە زۆرتر بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی بووە بۆ ڕاکێشانی سرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە کە بڵێن بەڵێ ئێمەش ئەو ئەرجەعییەتە لە نەزەر دەگرین یا ئەو مەسەلەیە گرینگە بۆمان. بەڵام خۆدی ژنان لە ئێران یەک دوو دەورە وا هەبووە کە ژنانیش ئەو بەحسەیان بە عیبارەتێکی لە نەزەر گرتووە و سەعیان کردوە و هەوڵیان داوە گوتوویانە تەنانەت ئەگەر ژنانێکە دەچنە مەجلیس باوەڕیان بە مەسایلی بەرابەری و یەکسانی جنسییەتیش نەبێ بەڵام با ڕێژەکەی بچێتە سەرێ با تیعدادەکە شەڕ بکەین بۆ ئەوەیکە ڕێژەکە بە ڕێژەیەکی قابلە قەبووڵ بگاتێ بەعێبارەتێکی، لەو مەواردەدا هەبووە کە ژنان زۆرتر بەپیری ئەوە باسەوە چۆن یا سەعیان کردوە بازێک لە ژنان چونکی بە هەرحاڵ بۆ خۆت دەزانی کوردستان قەتی مەشرووعییەتی ئەو نیزامەی قەبووڵ نەبووە و قەتیش لەو شانۆانەی ڕێژیمدا بەو شێوەیە بەشداری نەکردوە بەڵام بە تەوری کولی دورەهایەک هەبووە کە لەو دەورانەدا ژنان هەوڵیان داوە کە تێعدادی ئەندامانی ژنی ئەو مەجلیسە زیاتر بکردرێ سەرەڕای ئەوەیکە دەیانزانی زیاد بوونی ئەو تێعدادە هیچ تەسیرێکی لەسەر کۆالێتی یا لە سەر بڕیارهایەک کە لەو مەجلیسە دێتە دەرێ دانانێ چونکێ ئەو بڕیارانە ناتوانن بە دژی شەریعە یا ئەو تەفسیرە لە شەریعە بن کە لە حەقیقەتدا دژایەتی هەیە و بە تەوری سیستماتیک هەڵاواردنی ڕەگەزی ئیعمال دەکا بە دژی ژنانی ئەو کۆمەڵگەیە لە ئاکامدا ئەوان ناتوانن هیچ هەڵوێستێکی بگرن بە دژی ئەو شەریعەیە، تەنانەت ئەگەر کوو ئەندامانی ژنی پەرلەمانیش زیاتر بێ هیچ فەرقێکی لەو قەزییەدا ناکا ئەوە یەک، دووهەم ئەوەیکە خودی سیستمیش قەت هەموو غەمی نەبووە کە ڕێژەی ئەو ژنانە بەرێتە سەرێ مەگەر ئەو یەک دوو مەوردەش بەحسەکە بۆ ڕاکێشانی سرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە و ئەبەدەن بۆ ئیحساسی زەروورەت و نیاز و ئەو نەبووە یا باوەڕ بەو شتە نەبووە بە هەرحاڵ چوونە مەجلیسێک بەرنامەی هەڵبژاردن یا بەرنامەکەیان ئەوە نەبووە کە لە ڕاستای تەسیرگوزاری یا بەهبوود بارودۆخی ژنان عەمەل بکەن خۆدی ئەو ژنانە لە مەجلیسی ئێرانێ بارەها پاڵپشتیان لە بەرنامەهایەک کردوە کە بۆ خۆشیان دەزانن کە یەکەمین زەربە یا قوربانیان ئەسڵی ئەو بڕیارانە بە عیبارەتێکی ژنان بوون گەرچی مەجلیس لە ئێران بە جۆرێکی قۆدرەتی ئان چۆنانیشی نییە کە ئێمە دەزانین هەر شتێکی کە لەو مەجلیسەش بە عیبارەتێکی تەسوویب بکردرێ قۆدرەتی ئیجرایی نییە تا وەختێکە بە تەئید دەگا و ئەو تەئیدەش بە قەولی وان فۆقەها عۆلەمایەک دەبێ تەئیدی بکەن کە دیسانەکانە بەر ئەساسی شەریعە چاوی لێ دەکەن.

**شەهرام سوبحانی**: ژنان بۆ دەبێ لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگاندا بەشداری بکەن کە چەند مەلایەکی پیاو بنێرنە ئەو مەجلیسە هەتا ڕێبەرێکی پیاوی مادامولعومر بە سەر ئەو کۆمەڵگەیەدا بسەپێنێ؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: ئەوەیکە ژنان بۆ دەبێ بەشداری بکەن! کولی قەزییەکە خۆ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا قەزییەی موشارەکەتی ژنان بەحسەکە ئەوە نییە کە لە سەر حەق دیفاع بکەن بە کێ دەنگ بدەن هیچێک لەو قەزییانە نییە نە بۆ نیزام نە بۆ خەڵکەکە مەگەر مەواردێکی دیکە مەسەلەن کابرا خزمی خۆی بۆ جێگایەکی کاندیدە لەو مواردەی دا فەرق دەکا غیرە ئەو سوورەتەی لە تەواوی توولی ئەو ساڵانەدا باسی ئەوەی نەبووە کە ئەو کەسەی دەچێت مەسەلەن پیاوە یا ژنە یا چ بەرنامەیەکی هیچ تەکیدێکی لە سەر ئەوە نەبووە تەنانەت هەتا ئێستاش کە خراپترین حاڵەت دایە مەعمووڵەن ئەسڵی ترین پەیام بۆ ئەوە بووە کە بڵێن لە دنیای دەرەوە بڵێن ئەوەتا ئێمە خەڵکمان لەگەڵە دوای ئەویش ئەوانە دەیانهەوێ عەدد دروس بکەن خۆ بۆ مەبنای ئەوەیکە بتوانن عەدد دروس بکەن دەبێ نمایەشێک پایەیەک هەبێ لەو پایەیەیدا تەبیعییە ئەوان هەوڵ دەدن کە بڵێن ژن و پیاویشمان لەگەڵە بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا زۆر گرینگە کە ئەوان ژنان نیشان بن نمایش بدەن بە دنیا بڵێن کە نە شۆڕشی ژینا شۆڕێک بوو هیچ شتێک نەبوو و ئێمە ئێستاش مەحبووبین بەتایبەت لەلایەن ژنانەوە مەحبووبین بۆیە دەبێ کەسانێک هەبن کە بچنە سەر سەندووق کە ئەوان ئەوەی بکەنە فیلم و نمایش بە دنیای بفرۆشن ئەوە بەشێکی دیکە وەک هەمیشە بە عیبارەتێکی مەشرووعییەت کرینە یانێ نمایشە لە بەرچاوی دنیا بەڵام ئەو شتەی کە ئەو هەڵبژاردنەی ئەو جارەش جیاواز دەکا لەگەڵ جارهای پێشوو ئەوەیە کە ئەوانە بە هەرحاڵ پێویستیان بەوە هەیە کە میزانی لەنێوخۆیان دا موشکیلیان هەیە و تیکە کەمەی میزانی ئەو کەسانەی کە ئێستاش باوەڕیان بە سیستەم ماوە یا بەجۆرێکی بەرژەوەندییان گرێدراوە بە سیستم زۆر زۆر لە خوارە، تەنانەت یەک ڕەقەمییە، ئەو یەک ڕەقەمییەش بۆ ئەوەیکە بتوانێ پشت نەکاتەوە دەستی بەر نەدا لە حیمایەت لە ڕێژیمێکی کە لەسەر پایەی حیمایەتی وی ڕاوەستاوە تەبیعییە ڕێژیم پێویستی بەو هەیە کە بە هەرحاڵ موشارەکەتێک هەبێ لە هەڵبژاردندا کە بتوانێ ئەوی قانع بکا کە ئێستاش خەڵکەکە جا لە ترس بێ جا بە هەر دەلیلێکی بێ ئێستاش کەسانێک دەچنە سەر سەندووق لێرەدایە کە بەهەر حاڵ نەچوونی سەر ئەو سەندووقەی دەتوانێ دەوری ئەساسی بگێڕێ لەو بابتەیەوە کە ئەوەیکە ئێستاش بەجۆرێکی چ لەڕێگەی بەرژەوەندییەوە چ لە ڕێگەی ترسەوە چ لە ڕێگەی هەر شتێکەوە ئێستاش ئەو حکوومەتە کۆڵەکەکەی لەسەر ئەوەیە لە سەر ئەوەی بە قەوڵێکی ئەو ٧ دەرسەدەیە ئەویش دەبێ بتوانێ ئیحساس بکا کە شتێک ماوە یانێ ئەوەندە لە ڕووخان نزیک نییە کە بەهەر حاڵ ئەویش بەجێی بێڵێ بۆ ویش بێ ئەوان پێویستان بە ئەوە هەیە کە خەڵک بچێ و دەنگ بدا لە ئاکامدا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەوان لە هەر حەربەیەک ئیستفادە بکەن و بەتایبەت ئەوان تەکیدیی تایبەت دەکەن لەسەر بەقەوڵی خۆیان ژنەکان، بنەماڵەکان لەو بابەتەیەوە کە خەڵکەکە بنێرێ یا بنەماڵە مەجبوور بکا یا هەر شتێکی دیکە بۆیە نەتبیستووتە کە ئەو ژنانەی کە دەڵێن بەهەر حاڵ شناسنامەکەی منی وەرگرتووە بەڵێ قەوڵی گۆشتیان پێ دوام نازانم قەوڵی غەزایان پێ داوم قەولی چیان پێ داوم شتێکی دیکەش کە



سەرچاوە Serchawe

ڕنگە زۆر جالب نەبێ ئێمە لێرە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیکە ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی دا مەعموولەن دۆنباڵەڕەوون ئێستاش ساحێبی بە نەزەری وان یا ئەوانیکە حەمایەت لەو سیستمەی دەکەن ئێستاش ساحێبی نەزەری ئیدەی خۆیان نین و تەبیعییە ئەوان ئەو ژنانەیان بەعینوانی سیاهی لەشکەر دەوێ و غیەرز وی شتێکی دیکە نییە بێجگە لەوە شتێکی دیکەیان لەو ژنانە ناوێ ئەو بۆیان گرینگە پەس سێ خاڵ بوو، یەکەم ئەوەیکە دوای شۆڕشی ژینا وانیشان بدەن کە ژنان بەهەر حاڵ شۆڕشی ژینا سەمبوولی ژنانی وان نییە و تەنیا شۆڕشێک بوو کە مەهار کراوە و ئەلعانەکە هیچ موشکیلەیەک نییە و هەموو شتێک فرید و فرۆیدە یەک دووهەم، ئەوەیکە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، سێهەم ئەوەیکە، ئەوانەیکە ئێستاش وەفادارن بەو سیستەمەی نیشان بەن کە آب از آب تکان نخوردە و هەموو شتێک ئارامە و ئێوە دەبێ حیمایەت بکەن و ئەو ڕێژیمە دەبێ بمێنێتەوە، و بەو جۆرە نییە کە ئێمە هیچ پایەگایەکمان نەمابێ.

**شەهرام سوبحانی**: شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی چەندە ڕوانگەی ژنانی کوردستانی بە نیسبەت پرسی هەڵبژاردنەکان گۆڕیوە؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: بەبڕوای من کوردستان لە تەواوی توولی ئەو ساڵانەدا تەکلیفی لەگەڵ ئەو ڕێژیمەی دا زۆر مەعلووم تر بووە چ سەبارەت بە کوردستان، چ سەبارەت بە ژنان، بەڵام لە دەورەهایەکی جیاواز بە بەهانەیایەکی کە ڕەقابەتەکان بەعیبارەتێکی زۆر بکرێ لە بەینی بەعزە بنەماڵەیەکدا بە جۆرێکی ژنان تێ وەردراون کە ئاوری موشارەکەت لە هەڵبژرادن دا بەهەر حاڵ خۆش بکەن بەڵام سەبارەت بە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، ئەوە شتێکی تازە نییە کوردستان فەزایەکە کە بەهەر حاڵ لەگەڵ خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمەی ئاشنایە بەڵام ئەوەیکە دوو خەبات لێک گرێ دەدرێن یەکیان ئەوەیکە خەباتی شوناسی نەتەوەیە، یەکیان خەبات بە دژی سیستمێکی کە هەڵاواردنی ڕەگەزی تا ئەو ئاستەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بازنەیە تەنگتر دەکاتەوە و حازرە بە کوشتاری ژنان بە شێوەهای جۆراوجۆر وەختێکی ئەو دوو خەباتە لێک گرێ دەدرێ لە کوردستان کە هەر دووکی ئەو قەزیانە پاشنە ئاشیلی ڕێژمێکی بە عیبارەتێکی ئەوە دەبێتە باعیسی ئەوەیکە وێژمانێک دروس دەبێ کە ئەو وێژمانی شۆڕشی "ژن. ژیان. ئازادی"، وێژمانێکە کە ئێستاش کلیلی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی پێیە، دروستە کە لەو حاڵەتەی ئەسڵی گەرم و گۆڕی خۆیدا نەماوە، دروستە کە حیمایەتێکە پێویستییەتی لە کولی ئێران وەری ناگرێ، بەڵام ئێستاش بە هەرحاڵ بەجۆرێک مەسئوولی ڕۆنێسانسێکە لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا و ئۆمێدێکە کە تەواوی حەولی ئەو ڕێژیمە ئەوەیە کە دەریچەی ئەو ئۆمێدە ببەستێ و خەڵک لە نائۆمێدیدا بە عیبارەتێکی دیسان مۆنفەعیل بکاتەو بێ هەڵوێست بکاتەو بەڵام کوردستان ئێستاش سەرچاوەی ئەو ئینرژییە و ئەو ئۆمێدە دەڵێن نێوخۆی کوردستان کاملەن تەبیعییە کە ئەگەر ڕێژیم بتوانێ دەسکەوتێکی هەبێ یا نمایشێکی لەو ناوچەیە یا بە لە حزووری ژنان لە سەر سەندووق هەبێ گەورەترین فەخر فرۆشی هەم بە ئێران و هەم بە دنیا و هەم بە کوردستان دەکا بە وەسیلەی ئەو نمایشە بۆیە گرینگتر دەبێ کە تەبیعییە ئەو ژنانەی کە بە هەرحاڵ لە شۆڕشدان ئازیزانیان لە دەست داوە کاملەن تەبیعییە کە ئەوان ناچن بەڵام ئەوانەی دیکەش کە بە هەر بەهانەیەکی ڕازیان دەکەن گرینگ ئەوەیە کە ئەوانەش خیانەت نەکەن بە هەموو



سەرچاوە
Serchawe

ئەو دایکانەی کە جەرگیان سووتاوە خوێنی منداڵیان ڕژاوە بەڵام تەنانەت نەیانهێشتووە ئەو ڕێژیمە فرمێسکیشیان ببینێ یانێ ئەوەندە بەهێزن لە بەرانبەر ئەوە ڕێژیمەدا ڕاوەستاون گرینگ ئێرەیە کە ژنانێکی کە بە هەرحاڵ ڕۆڵەکانیان لە دەست نەداوە و مومکینە بە تەمع یا بە مەجبووری بچنە سەر سەندووقی دەنگدان بە هەرحاڵ ئاوڕێک بدنەوە لە وانەی کە چۆن لە ماوەیەدا بە تایبەت ئەو یەک دوو ساڵی ڕابردوودا چۆن و بە چ شانازییەکی بە چ وەزعییەتێکەوە وەختێک ڕۆڵەکانیان فیدای ئەو شۆڕشە کردوە نەیانهێشتووە فرمێسکیشیان ئەو ڕێژیمە تەنانەت ببینێ.

**شەهرام سوبحانی: ئایا مەجلیس ئەو شوێنە کە بتواندرێ بە گۆڕینی یاساکانی هەڵاواردن و جیاییخستن پرسی ژنان هەنگاوێک بەرەوپێش بچێ؟**

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: مەجلیسی ئێران هیچ کات ئەو هێزەی نەبووە کە بتوانێ شتێک بۆخۆی بە دەسپێکەری خۆی بە ئەساسی بڕێک بەرژەوەندی خەڵک بەرێتە مەجلیس یا تەسویبی بکا، یەکەم مەحدوودییەتی قۆدرەتی وی کۆنتڕۆڵ لە سەر قۆدرەتی وی، ئەوە بەشێکە دووهەم، ئەوەیکە ئەو کەسانەی کە توانیویانە کاندیدی هەڵبژاردن بن بەهەر حاڵ لە فیلتێر گوزەراون و مەعموولەن کەسانێک نین کە باوەڕی خەڵکیان لە پشت بێ یا مەسایلی ویست و خواستی خەڵکیان بۆ گرینگ بێ، ئەوە دوو، سێهەم ئەوەیکە بەتایبەت ئەوە دەورەیە ئەو دەنگۆیە هەیە و چەندین نموونەش هاتۆتە دەرێکە بڵێ تەنانەت کاندیدبوونیش بە پووڵ دەکردرێ ئێستا کە کۆماری ئیسلامی هەموو شتێکی کردۆتە پووڵ و پووڵی لێ دەردێنێ ڕۆژ بە ڕۆژ یانێ خراپتر بووە یانێ ئەو کەسانەیکە دەتوانن خۆ کاندید بکەن ئەسڵەن پێویست نییە کە تەنانەت لە نەزەر ئینسانیییەوە تەنانەت لە نەزەر بە هەر حاڵ لانیکەمی بارودۆخیشیان پێ بێ و شتێکی بە پووڵ دەکڕدرێ دەر نەتیجە ئەوە بەشێک لە وانەی کە خۆ کاندید دەکەن بەشێک لە سەر دەسەڵاتی مەجلیسەکەیە کە دەسەڵاتێک بوونی نییە، ئەوەیکە هەموو شتێک بڕیارێکە هەر بڕیارێک بارها و بارها فیلتێر دەکرێتەوە لە کۆتاییدا هەموو ئەو بڕیارانەی کە تا ئێستا گیراون واقعییەت ئەوەیە قەت قازانجی ئەوە میللەتەی تێدا لە بەرچاو نەگیراوە دەنگی ناڕازی لە مەجلیس مەعموولەن نەیتوانیوە بە هیچ جێگایەک بگا و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بازنانە تەنگتر بووە لە باشترین حاڵەتدا کە مەجلیس بە قەولی خۆی دەنگی ئیعتڕازی تێدا بووە چ تەسیریکی توانیوە لە سەر بارودۆخی ئێران، لەسەر مەسایلی ئێران، لە سەر بە هەرحاڵ چ وەزعییەتی خەڵکی لە نێوخۆی ئێران چ بارودۆخێکی کە بە هەرحاڵ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوروو نەقشێکی کە ئێران دەیگێڕێ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە عیبارەتێکی بتوانێ تەسیر دابنێ یا لە سەر مەسەلەی مافی مرۆڤ یا لە سەر مەسەلەی باشتربوونی بارودۆخی ئابووری خەڵکەکە یا مەسەلەن ئەو سەرمایە و داهاتەی کە بە هەرحاڵ لە ئێران هەیەتی چۆن بتوانێ لە بەینی خەڵکەکەیدا دابەشی بکا ئێمە دەبینین کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵک لە ئێران فەقیرتر بووە، دەست تەنگتر بووە، مەحدوودتر بووە، زوڵم و زۆر لە سەری زۆرتر بووە، یانێ ڕۆژ بە ڕۆژ لە جیاتی ئەگەر وابایە کە مەجلیس بتوانێ جێگایەک بێ کە تەسیری لە سەر ژیان و بڕیارێکی سەبارەت بە ژیانی ئەو خەڵکەدا دەگیرێ دابنێ دەبوو

ڕۆژ بە ڕۆژ ئێمە بە هەرحاڵ شاهیدی باشتر بوونێک یا حەرەکەتێک بەرەو باشتربوون چووباین لە حالێکدا لە تەواوی ئەو ساڵانەدا دیتوومانە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخ لە ئێراندا خراپتر بووە و خەڵک دەستتەنگتربووە و سفرەی خەڵک بە قەوڵی مەعرووف خاڵی تر بووە و خەڵک لە بەرچاوی منداڵەکانی خۆی شەرمەندە بووە چونکە نەیتوانیوە سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵەی کە ڕۆژانە دەیدا نەیتوانیوە ئەو نانەی کە دەبێ بیهێنێتە سەر سفرەی، یا منداڵی خۆی بەو جۆرەیکە دەتوانێ بنێرێ بەر ئەساسی لیاقەت بۆ مەدرسە بۆ دانشگاه و بۆ درێژەدان بە خوێندن تەنانەت لە کاتێکدا کە لە زانکۆی تەواو کردوە بتوانێ هەلی کاری بۆ بڕەخسێنێ، هیچێک لەوانە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو بازنەیە مەحدوودتر و مەحدوودتر بووە ئەوان توانیویانە منداڵەکانی خۆیان بنێرنە دەرەوی وڵات لە باشترین زانکۆەکانی دنیا خوێندنیان پێ بکەن باشترین خانووها و بارودۆخی باشتریان بۆ دابین بکەن ئەوانەیکە بەرپرسانی دەوڵەتین بەڵام خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ مەحدوودتر و بێ دەرەتانتر بووە و بارودۆخی ئابووری کە بۆ خۆمان دەیبینین لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە دەرنەتیجە ئەوە نییە کە تۆ چاوەڕوانیت هەبێ لەو مەجلیسە کە تەنها شتێکی کە ڕێژیم پێویستی پێ هەیە ئەویش ئەوەیە کە شتێکی ساختەگی بە ناوی مەجلیس دەنا خۆ تەنانەت بچن پێشنیاریش بدەن خۆ قانوون لە مەجلیس ناکردرێ لە ئێران بە عیبارەتێکی ئەتۆ بە قەوڵی مەعرووف دیسانەکانە لە شەریعەی دەدەی کە زۆرتر لە شەرعییە ئەوەیە کە چەندە قازانجی وان چۆن دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئەو حکوومەتە یەک دەستەی کە ئەوان دەیانهەوێ یا چۆن دەتوانێ کاریگەری لە سەر ئەوەی دابنێ یا چۆن دەتوانێ بە عیبارەتێکی لەگەڵ بۆچوونی بە قەوڵی خۆیان خامنەایی هەماهەنگ بێ یا ئەو شتانەی کە ئەوان دەیانهەوێ دەستبەر بکا.

**شەهرام سوبحانی**: ژنان نیوەی کۆمەڵگەی ئێران پێکدێنن، ئایا نیوەی ئیرادەی کۆمەڵگەیەک بەس نییە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێک کە هیچ مافێکی بە ژنان نەداوە؟ کەواتە ژنان بۆچی دەبێ دەنگ بدەن؟

**گوڵاڵە شەرەفکەندی**: بەحسەکە لە سەر ئەوەیە کە تۆ باسی کۆمەڵگەیەک دەکەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر فەلەج کراوە، فەلەج کردنەکەی لەو بابەتەوەیە کە تۆ باسی ژنان دەکەی ژنان لە هەموو کۆمەڵگەیەکیدا فەقیرترین ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەن لە کۆمەڵگەی ئێرانی نە تەنیا ئەوەیکە ژنان مافی دەسپێراگەیشتن بە کار، مافی ئەوەیکە لە بواری ئابوورییەوە بتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن، ماڵ بەڕێوەبەرن لە بواری قانوونییەوە لە بەر دەستی پیاوەکاندان بۆ ئەوەیکە بە عیبارەتێکی بۆ خۆیان بڕیاردەری ژیانی خۆیان نین کەواتە ئەوە هەموو دەست و باڵی لێ ئەستاندوون ئەتۆ باسی ژنانێک ناکەی کە ساحێبی ئیرادەی خۆیانن بە خاتری ئەوەش ساحێبی ئیرادەی خۆیان نین کە ئەو هەموو مەحدوودییەتەی کە لە سەر ئەوان ئیعمال دەکردرێ جاروبار مەجبووریان دەکا بە هێندێک کار، ناڵێن هەموویان بە تایبەت بۆ نەسڵی میان سال بۆ باڵا سدق دەکا کە بەشێکی زۆریان بەخاتری بارودۆخی ئابووری بنەماڵە مەجبوور دەبن کە بە هەرحاڵ لە بارودۆخێکدا لەو شانۆوانەی کە ڕێژیم بە هەر حاڵ بەرپای دەکا بەشداری بکەن بە قەوڵێکی جا بە تەمای ئەوەیکە بتوانێ هێندێک

بارودۆخی ئابووری بنەماڵە باش بکەن سەری قەولیان پێ درابێ و ئەو جۆرە شتانە دەتوانێ هۆکار بێ بەڵام ئەو نەسڵە جەوانەی کە ئێستا باوەڕی ڕەهای بەو سیستەمە بەو چوارچێوەیە، بەو ڕێژیمە نییە و داوای ژیانێکی عادی و نۆرماڵ دەکا ئەو تەحتی هیچ بارودۆخێکی ئەو نەسڵە جەوانە ناچێ دەنگ نادا بەو ڕێژیمە، ئەوە هێن نەسڵی جەوانەکە، دەمێنێتەوە میان ساڵەکە یا ئەوەیکە بە هەرحاڵ هێندێک باڵاترە بە هەر دەلیلێکی ئەو ژنە کە دەچێ بەشداری دەکا جگە لە ئەو ٧ دەرسەدی کە ئێستاش بە عیبارەتێکی باوەڕێکی بەو ڕێژیمە ماوە یا بەرژەوەندی گرێدراوە ئەوەی دیکە بە دەلایلێکی دوو دڵە، دوو دڵیەکەی لە چییە؟ لە ئەوەیکە خەڵک هێزی ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەی نییە، کەواتە من دەتوانم چی بکەم لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمەدا کە باوەڕ بەوەی نییە کە ئەگەر نەچوونە سەر خۆدی ئەو حەرەکەتە چکۆلەی ئێعترازییەی کە نەچی دەنگ بدەی تەسیرێکی حاڵەتێکی دیکە ئەوەیە کە بە عیبارەتێکی نیگەرانی کارەکەی منداڵەکانی یا بەجۆرێکی ئەو شتانەی کە سبەینێ تەسیر دابنێ ناڕاستەخۆ لە سەر ژیانی وی، سێهەم ئەوەیکە بەعیبارەتێکی داهاتوو ڕوون نییە، ئاسۆیەکی ڕوون بوونی نییە، تەسیر دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەو ژنە مۆنفەعێل بێ مۆنفەعێل لەگەڵ مەسایلی ئەو کۆمەڵگە ڕەفتار بکا، چوارەم ئەوەیکە ئەوە موشکیلی ئەوانی دیکەیە و موشکیلی من نییە، ئەمن نە کارم بە ڕێژیم داوە نە کارم بە سیاسەت داوە بەڵام وەختێکی دەچێ دەنگ دەدا لە حەقیقەتدا ئەو هەڵوێستی گرتووە و لەو هەڵوێستەدا هەڵوێستی بە دژی ئەو دایکەی کە جەرگی سووتاوە تەنانەت جەسەدی منداڵەکەشی نادەنەوە کە تەنانەت بۆ خۆشی بینێژێ و قەبرێکە بچێتە سەر ئەو قەبرە و بەعیبارەتێکی ئارامش پەیدا بکا ئەو ژنەی کە بڕیار دەدا من هیچم پێم ناکردرێ جا دەنگی من بە چ کەڵک دێ، و دەچێ دەنگ دەدا بە دژی خۆشکەکەی خۆی هەمان خۆشکی کە منداڵەکەی بە دەستی ئەو ڕێژیمە کوژراوە دەتوانین بڵێن هاوکاری لەگەڵ ئەو ڕێژیمە دەکا بۆ کڕینی ئەو گوللەیە کە ئەولادی خۆشکەکەی دەکوژێ خوێن دەڕژێ و بۆ هەموو ئەو دایکانەی کە جەرگیان دەسووتێ جۆرێک نائاگاهی سیاسی، بێ باوەڕی، نائۆمێدی، هۆکارهای ئابووری، و بڕێک مەسایل دەتوانێ ببنە هۆکار کە ئەو ژنە بێ ئەوەیکە بزانێ ببێتە داردەستی ڕێژیمێکی یا مۆهرەی شانۆیەک بۆ ئەو ڕێژیمە کە ئەو ڕێژیمە پێی زیندوو دەمێنێتەوە و بە عێبارەتێکی پێ لە سەر ئەو هەموو خوێنانە دادەندرێ کە تا ئێستا ڕژاون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠٢٤

## فاتمە عوسمانی: ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بەشداری کردن لە بازنەی سیاسەتدا لە چوارچێوەی یاساکانی کۆمار ئیسلامی ئیراندا



**دیمانە: شاماران**

**دەمانەوێ ئاورێک لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەینەوە و بزانین کە مافەکانی ژنان و رۆڵ و پێگەیان چۆن پێناسە کراوە و چەندە ژنان دەرفەتی مافی بەشداری یەکسانیان هەیە بەتایبەت لە کاروباری سیاسەتدا و ئایا دەتوانن لە ناوەندەکانی بڕیاردانـدا جێ بگـرن، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو فاتمە عوسمانی سکێرتری پێشووی یەکیەتیی ژنان و ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ.**

**شاماران:** وەک دەزانین ژنان لە ئێراندا هەر لە حکوومەتی دیکتاتۆری شاهەنشاهی و دوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی دیکتاتۆری ئیسلامی ئێراندا بەردەوام پەراوێز خراون و هیچ کات مافی بەشداری یەکسانیان بەتایبەت لە کاروباری سیاسەت و دەسەڵاتدا نەبووە، هەر بۆیە لە سەرەتادا ئەمەوێ بەو پرسیارەوە دەست پێبکەم، دۆخی بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسی لە ئێران بە گشتی لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا لە بەراورد بە قۆناغی پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی چۆن بووە؟



سەرچاوە
Serchawe

چ گۆرانکارییەکی بە سەردا هاتووە؟

**فاتمە عوسمانی**: بەراورد کردنی ئەو دوو قۆناغە زۆر زەحمەتە چوونکە لە باری زەمانی زۆر جیاوازن ئێمە دەزانین ٤٤ ساڵ بە سەر هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێ چوار دەیە کاتێکی زۆرە کە وڵاتێک لە هەر بوارێکدا پێش بکەوێ و کاتێکی باشە بۆ ژنانی وڵاتێک لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا پێگەی خۆیان بە ئاستی دڵخواز بگەیێنن. بە هەر شێوەیەک لێکیبدەینەوە دەبوایە ژنانی ئێران لە باشترین پێگەدا بواییێن بەڵام کاتێک ئەو لێکدانەوانە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی سیستمێکی دەسەڵاتداری وەک کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ کە لە وەها سیستمێکدا بەرەوپێشچوون و وەرگرتنی پێگەی ئینسانی بۆ ژنان زۆر ئەستەمە. چوونکە ڕێگاکانی پێشکەوتنەکانی ژنان بە یاسا دادەخرێ. ئەوە ڕوونە ئەگەر پشتیوانی یاسا نەبێ هیوایەکیش بە بەرەوپێش چوونی دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا نابێ. لە هەموو وڵاتێک یەکەمین هەوڵەکانی ژنان بە یاسایی کردنی مافە ئینسانیەکانیانە واتا یەکەمین دەرگا کە بە ڕووی ژنان دا دەکرێتەوە بۆ بەشداریان لە کۆمەڵگادا. بۆیە دۆخی ژنان لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا نەک بەرەو پێش نەچووە بەڵکو بۆ دواوە گەڕاوەتەوە ئەگەر لە بوارێکیش دا پێشکەوتنێک بۆ ژنان هەبووە بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان خۆیان بووە. چوونکە کۆماری ئیسلامی هیچ کات نە لە بەرنامەی دابووە نە ویستوویەتی ژنان لە بواری سیاسی دا بەشدار بن و کاریگەرییان هەبێ. بە دڵنیاییەوە بەشداری سیاسی ژنان پێش هەموو شتێک دەبێتە هۆی گەشەی فەرهەنگی و بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە ئەوەی کە لەگەڵ تەواویەتی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتی دایە. بۆیە ئەو سیستمە بە یاسا بەشداری سیاسی ژنان بەرتەسک دەکا.

**شاماران**: ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بەشداری کردن لە بازنەی سیاسەت لە ئێراندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**فاتمە عوسمانی**: هەر وەک لە وڵامی پرسیاری پێشتر دا باسم کرد ژنان لە نواندنی ڕۆڵی سیاسی لە ئاستی بەرزدا لە کۆماری ئیسلامی بە یاسا بێبەش کراون لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی گرینگترین بەشداری سیاسی ژنان دەنگ دانە. ئەویش دەنگ دان بەو پاڵێوراوانەی کە بە فیلتەرەکانی خۆیان دا تێپەڕیوون واتا ئەو کەسانەی کە لە کۆتایی دا هیچ کاریگەرییەکیان لە سەر دۆخی ژنان نییە. کۆماری ئیسلامی ئەوە دەزانێ هەر بەشدارییەکی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی دەتوانێ هاوکێشەکان بگۆڕێ بۆیە بە ڕاستی لەو بەشدارییە دەترسێ. دەبینین لە شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوودا بەشداری و بە دەستەوەگرتنی گۆڕەپانی خۆپێشاندانەکان لەلایەن ژنان چەندە کاریگەری لە سەر ئەو کەشە سیاسییە هەبووە کە هەتا ئێستاش بە سەر بیر و ڕای گشتی ئێران دا زاڵە.فەزای سیاسی کۆمەڵگە بە شێوەیەک گۆڕاوە کە زەحمەتە بۆ دواوە بگەڕێتەوە. بەشداری ژنان لە شۆڕشی ژن ،ژیان، ئازادی و کاریگەر بوونی ئەو بەشدارییە بناغەی فەرهەنگی بە کەم گرتن و وەبەرچاو نەگرتنی ژنانی کردە ئامانج و بیروڕای گشتی کۆمەڵگە بۆ پشتیوانی لەو بەشداریە بۆ لای خۆی ڕاکێشا و هێزێکی دیکەی وەبەر گۆڕانکاریەکانی داهاتووی کۆمەڵگە هێناوە و هیوای زیاتری بۆ یەکسانی مرۆڤی لە ئێران دا درووست

کردووە.

**شاماران:** ئەگەر بمانەوێ ئاوڕێک لە یاساکانای کۆماری ئیسلامی ئێران بدەینەوە دەبێ یەکەم جار بزانین کە ئەساسەن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا مافەکانی ژنان  بە گشتی جێگیر کراون؟ ژنان خودی مافن لەو یاسایانەدا؟ بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی ژنان تا چ ڕادەیەک توانیویانە بێنە نێو گۆڕەپانی سیاسەتدا؟

**فاتمە عوسمانی:** یەکسانی و دادپەروەری لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دا جێگای نابێتەوە. کاتێک ژنان بە یاسا لە مافە ئینسانییەکانیان بێ بەش دەکرێن دەبێ چ دۆخێکیان هەبێ لە نێو ئەو هەمووە یاسا چەوسێنەرەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژنان، کە بە هەموو شێوەیەک ژن پەراوێز دەخا چ گۆرەپانێک ماوە کە ژنان  تێایدا بەشدار بن و مانۆڕی تێدا بدەن بۆ گۆڕانکاری. بەشداری سیاسی ژنان لە سیاسەتدا بە بوونی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک ڕەوایی دانە بە چەوسانەوە و پەراوێز خرانی خۆیان. بۆیە ئەگەر ژنان بیانهەوێ گۆڕان درووست بکەن و لە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا بەشدار بن تەنها یەک ڕێگایان لە بەردەم دایە ئەویش بەرەنگاربوونەوەی ئەو یاسایانە و گۆڕینی بنەڕەتی ئەو سیستمە لە ئێران دایە. چوونکە چوار دەیە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە هیوایەک بە بەشداری درووستی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی لە ئێران نییە کە بە گشتی کاریگەری لە سەر دۆخی ژنان هەبێ.

**شاماران:** پێمخۆشە ئەم پرسیارەش بکەم کە ژنان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانن بۆ هەموو پۆستێک خۆیان کاندید بکەن؟ بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کارایان لە سیاسەتدا هەبێ؟

**فاتمە عوسمانی:** یەکەم ئەوەی کە بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی کاندیدا بوونی ژنان بۆ هەموو پۆستە سیاسیەکان بەربەستی بۆ درووست کراوە و ناتوانن ئەو پۆستانە وەربگرن. دووەم ئەوەی کە ئەو سیستمە کە بەو شێوەیە باسی دەکەین، ژنان چۆن ڕۆڵی کاریگەریان دەبێ ئەگەر لە خزمەت ئامانجە سیاسیەکانی ئەو سیستمە نەبێ؟ چوونکە ئازادیەک بۆ چالاکی ژنان و کردنەوەی درگایەک بۆ گفتوگۆی کۆمەڵایەتی نییە کە ژنان بتوانن بیروڕای خۆیان لە سەر بەشداریان لە سیاسەت و بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە بیروڕای گشتی بگەیێنن. بۆیە ناتوانین بڵێن کە بە بوونی کۆماری ئیسلامی ئەگەر بەشداری سیاسی ژنان بەو شێوەیەی باسمان کرد کارایی دەبێ.

**شاماران:** ئایا ژنان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانن لە ناوەندەکانی بڕیاردان دا جێ بگرن؟

**فاتمە عوسمانی:** هەر وەک باسم کرد لە سیستمێکی نادێموکڕاتیکی وەک کۆماری ئیسلامی ئەگەر ژنان لە ناوەندەکانی

بڕیاردانیش دابن ناتوانن کاریگەر بن چوونکە دەبێ لە خزمەت ئەو سیستمە دابن.بۆیە ڕای جیاوازی ژنان جێگای نابێتەوە و ڕێگای پێنادرێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ.

**شاماران**: ئەمەوێ کۆتا پرسیارم بکەم، پێتانوایە بۆچی کۆماری ئیسلامی بە یاسا مافی بەشداری سیاسی ژنان زەوت دەکات و ڕێگری یاسایی درووست دەکات؟ بۆچی ڕێ نادات ژنان بەشداری کارایان لە هەموو جوومگەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی لەسیاسەتدا هەبێ؟

**فاتمە عوسمانی**: هۆشیاری و بەشداری ژنان لە کۆمەڵگەدا بە جۆرێک کە کاریگەری لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگە هەبێ، هەمیشە یەکێک لە فۆبیاکانی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە.هەرچەندە لەو بارەدا بە هەڵە نەچوون چوونکە دەبینین کە شۆڕشی ژن، ژیان ،ئازادی ڕۆڵی کارای ژنان لەو شۆڕشەدا چۆن پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەلەرزە خست. بۆیە بە زەوت کردنی مافەکانی ژنان دەیانهەوێ ڕێگەی ئەو ڕۆڵە کاریگەریەی ژنان لە سەر گۆڕانکارییە سیاسیەکان لە ئێران بگرن بەو شێوەیە بە کردەوە زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی وڵات لە مەیدان دەر کراوە.

**شاماران**: زۆر سپاس خاتوو فاتمە عوسمانی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشداری لەو دیمانەیە

**فاتمە عوسمانی**: سپاس بۆ ئێوە و بۆ گۆڤاری «ژنان»یش

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠٢٤

## یاسای گەڵاڵەی نور وسەپاندنی زیاتری حیجابی زۆرەملی لە دژی ژنان




**دیمانە: شاماران**

**دەمانەوێ باسێک لە سەر یاسای «گەڵاڵەی نور» بکەین کە بزانین خۆدی گەڵاڵەی نور چیە و شێوازی جێبەجێکردنی یاساکانی چۆنە و هەروەها بۆچی بەتایبەتی دوای بزۆتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی مەسەلەی حیجابی زۆرەملێ لە دژی ژنان دیسان ئەوەنە بە تۆندی هاتووتە ئاراوە ، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ؛**

**– خاتوو شلێر مەحمودی یاسازان و ئەندامی ڕێبەری حیزب و یەکییەتی ژنانی دێموکرات**
**– و هەروەها لەگەڵ زانیار حوسێنی فەوقی لیسانس لە بواری یاسا و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دەبێ.**

**شامەران: دەمەوێ لە پێشدا بەم پرسیارە دەستپێبکەم کە ئایا یاسای «گەڵاڵەی نور» چیە؟ شێوازی جێبەجێکردنی یاساکانی چۆنن؟**

**شلێر مەحموودی:**

**گەڵاڵەی نوور گەڵاڵەیەکە کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرچووە لە ٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ بۆ پێشگیری لە بێ حیجابی وە بەرخورد لەگەڵ لایەنەکان وە ژنانێک کە حیجاب نین یاخود بە دڵی ئەوان پۆشتە نین.**



سەرچاوە
Serchawe

فەرماندەی گشتی هێزەکانی پۆلیس «ئەحمەد ڕەزا ڕادان» دەڵێت ئەم یاسایە بە پاڵپشتی پەرلەمان ،دەوڵەت و دەسەلاتی دادوەری و هاوڕێیەتی خەڵک، بەهێز و وردبینی و زیرەکیەوە درێژە بە جێبەجێکردنی گەلاڵەی نوور دەدەین. ئەم گەلاڵەیە لەسەر داوای ئاشکرای عەلی خامەنەیی بۆ توندکردنەوەی توندووتیژی دژی ژنان دەستی پێکرد، عەلی خامنەیی بێحیجابی بە حەرامێکی شەرعی و سیاسی وەسف کرد وە لە لێدوانی جەژنی ڕەمەزان دا ڕێگەی دا بە (امران به معروف) بە بەرەنگار بوونەوەی بێ حیجابی و ئەو کەسانەی بەها شکێنی ئاینی دەکەن. تەنها چەند ڕۆژ لە قسەکانی خامنەیی گەلاڵەی نوور جێبەجی کرا.

«پرۆژەی نور» کە بە واتای باشترکردنی بارودۆخی حیجابی ژنان پلانێکە کە دەستی پۆلیس و هێزە پەیوەندیدارەکانی بەڕووی ژناندا کراوەتر کردووە بۆ توندوتیژیی سەر شەقام و داگیرکردنی تایبەتمەندی و ئاسایشی ژنان لە پێدانی کەرامەتی خۆیان لە شەقام و شوێنە گشتییەکان گەیاندووەتە لوتکە.

## زانیار حسێنی

سەرەتا لە دەسپێکدا پێم باشە باسێکی کورت لەسەر گەلاڵەی پاکیزەیی و حیجاب بکەین کە بەهاتنە ناوی گەلاڵەی نوور، هێندیک لە زێهنەکاندا کەمڕەنگ بۆتەوە و لە نووسراوە و لێدوانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، کەمتر باسی لێوە دەکرێ و پێموایە بە بێ باسکردن لە گەلاڵەی پاکیزەیی و حیجاب، ناکرێ بەتەواوی و ڕوونی باس لە گەلاڵەی نور بکەین.

گەلاڵەی پاکیزەیی و حیجاب لەدوای وەستانی کاری گەشتی ڕێنوێنیکەر یان هەمان ئیرشاد، ڕێک لە جەنگەی ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی لەلایەن دەسەلاتی دادەوە داڕێژرا و دەوڵەتی ئیبراهیم رەئیسی بۆ دەسەلاتی یاسادانەری نارد لەمەڕ هەڵسەنگاندن و پەسند کردنی؛ ئەو گەلاڵەیە ئەو کاتە گەیشتە پارلەمانی ئەم دەسەلاتە کە هێندێک شاری گەورە و بچووکی ئێران و زۆرینەی شارەکانی کوردستان لە ژێر ئاگری تووڕەیی خەڵکی وەزاڵەهاتوو دابوو. یەک لەم خاڵە بەرچاوانەی کە لە ناو ئەم گەلاڵەیەدا هەیە، هەوڵدانە بۆ پێشگرتن لە توندوتیژی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسا و ڕێسایانەی کە بۆ ڕێکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەلایەن دەسەلاتەوە بەکار دەهێنرێ؛ بەم واتایە کە وەستاندنی کاری گەشتی ڕێنوێنیکەر بەم مەبەستە بووە کە ئەم سیاسەتە بە یاسایی بکردرێ و پشتئەستووری حقووقی هەبێ و ئەوکاتی ئەو توندوتیژیانە حاڵەتی یاسایی لەخۆوە دەگرێ و ئەوەش ڕێک لە کاتی کووشتنی بە ئانقەستی ژینا ئەمینی هاتە ئاراوە. لەم گەلاڵەیەدا لەبەرچاونەگرتنی جۆری حیجاب و پۆششی دیاریکراو بە وشەی بێرەهێنگی یان هەمان ڕووتی لە قەڵەم دراوە و ناوی هێنراوە و هەوڵدراوە کە کۆمەڵگە بە ڕواڵەت و ڕوکەشێکی یاسایی، یەکدەست و ڕێک بکرێ و هەمان کارێکە کە لەکاتی خۆیدا ڕەزا پەهلەوی، دەیهەویست بە پێچەوانەکەی ئەنجامی بدات؛ لە نیزامە دیکتاتۆر و

تۆتالیتێرەکاندا، ڕێککردنی کۆمەڵگە لەبواری ڕواڵەت و زاهیرییەوە، یەکێکە لە ئامرازەکانی خۆسەپاندنی ئایدیای زۆردار بەسەر خەڵک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا.

ئەگەر بچینە ناوەرۆکی ئەم گەڵاڵەیە پاکیزەیی و حیجابە، مادده بە ماددەی جێی سەرنج و سەرسووڕمانە. بۆ نموونە ماددەی ٣ی پەسندکراوی دەڵێ کە لەم دەورە و ڕاهێنانانەی کە ساڵانە بۆ کارمەندەکان دادەنرێن، شێوەی ژیانی ئیسلامی و کەلتووری پاکیزەیی و حیجابی بگوونجێنن و هەموو ساڵێش ئەمجۆرە بەرنامانە بەڕێوەی بەرن. یان ماددەی ٨ی هەر لە پێناو پێکانی ئەو ئامانجانەی یاسادانەر، ڕێوشوێن بۆ دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی و سازمانی ڕێکلامی ئیسلامی دیاری دەکات و لە ماددەی ١٠دا بۆ وەزارەتی پەروەردە و هتد ڕێوشوێنی تایبەتی دیاری کردوە کە لە وانەکانی قووتابخانەدا بیگونجێنن و دەورەیان بۆ دابنێن. ئەگەر چاو لەم گەڵاڵەیە دەکەین، ئەوەی دێتە بەر زێهن و دیدەمان زیاتر لە گەڵاڵەیەکە و زۆرتر لە یەک چوارچێوەی تەواو و کامڵ دەچێ کە بۆ پازێلی ژیان دارێژراوە؛ چوون لەم پرۆژە گەورەیەدا کە بە گەڵاڵەی پاکیزەیی و حیجاب ناودێرکراوە، هەموو ڕەهەند و بوارەکانی ژیانی تاک و بەکۆمەڵ کەوتوونەتە بەر کووتکی ئاڵوگۆڕ و هەڵوەشاندنەوەی یاسادانەر و سەرلەنوێ دارشتن و بونیاتنانەوەی خەڵک لەسەر بنەما و بناغەیەکی فکری تەک ڕەهەندی و دیار و هەڵبژێردراو. بواری کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابووری و تەنانەت چۆنیەتی بیرکردنەوەش، ئامانجی تا ڕادەیەک نهێنی و شاراوەی ئەو پرۆژەیەیە کە چۆنیەتی جل و بەرگ پۆشین، تەنیا یەک ڕووکەشی سادە و ڕواڵەتییە و بچووکترین داواکاری ئەم کەیسەیە. هەمان پرۆژە و پلان و کارێکە کە دەسەڵاتە فاشیستەکان، دیکتاتۆرەکان و ئیدئۆلۆژیکەکان لەسەر بنەمای بیر و باوەڕەکانیان بۆ مانەوەی خۆیان کردوویانە و دەیکەن و ئاکام و لێکەوتەکانیشی لە مێژوودا زۆرن و دیارن.

ئەم گەڵاڵەی پاکیزەیی و حیجاب هەر وەک باسم لێوە کرد لە جەنگەی ڕاپەڕینی ژینادا درا بە پارلەمانی ئێران، لە بازنەی زەمەنی تاڵیادی کووشتنی بەئانقەستی ژینادا پەسند کرا و بۆ ماوەی سێ ساڵان بە شێوەی تاقیکاری، خراوەتە گەڕ و بواری جێبەجێکردنەوە؛ بەکوردی و بەکورتی یانی دەسەڵاتی ویلایی کەوتۆتە پەلەپەل بۆ قایمکردنەوەی جێ پێی خۆی لەباتی گوێدانە ویست و خواستی خەڵک و ئەوەش نەریتی هەمیشەیی ئەو دەسەڵاتە بووە هەتا ئێستا و هەر ئاواش دەمێنێ.

پلانی نوور کە لە زۆر شوێن و نووسراوە و بیستراوە بە گەڵاڵەیان نێو بردوە، لە ڕوانگەی منەوە پلانە؛ بەم واتایە کە بەشێکی بچووکە لە گەڵاڵەی پاکیزەیی و حیجاب و هیچ لەم گەڵاڵەیە جیاواز و جودا نییە.

پلانی نوور لە ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵەوە دەس پێ کراوە و لەلایەن پۆلیسی وڵات واتە نیروی ئینتزامی بەڕێوە دەچێ؛ لەم پلانەدا هەوڵ دراوە کە لە سێ بەشی ناو بازاڕ، ناو ماشێن و شوێنەگشتییەکان بەڕێوەی بەرن. بەم شێوەیە کە هاوکات

گوشار بخرێتە سەر کۆمەڵگە بە هەردووک شێوەی تاک و بەکۆمەڵ؛ لە دەستەواژەی نیزامیدا بە گوشاری دووجەمسەری و لەم شێوەیە دەگوترێ گازئەمبووری!

ئەو پلانە دەستئاوەڵەییەکی ڕەهای بە پۆلیس و هێزە نیزامییەکانی سەر بە فەراجا بەخشیوە و لە ڕاستیدا بێ ڕێزیکردنە بە یاسا؛ چوون پۆلیس لەم تەرحەدا لەباتی بەڕێوەبەری پرۆسەی یاسا بێ وەک جێبەجێکەری یاسا دەردەکەوێ. ئەوەش لەبواری یاساییەوە دژی ئەرک بەرپرسایەتی هێزەکانی پۆلیسە و لەڕاستیدا بێ یاساییەکە لە ناو هەناوی یاسای ئەم وڵاتەدا؛ چوون ئەرکی پۆلیس دەسبەسەرکردن و بردنی تاوانبارە بۆ بەردەم دادگا و دادوەر نەک جێبەجێکردنی سزاکان بە پێی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی.

پلانی نوور لە ئێستادا لە زۆربەی شارە گەورەکان و لەلایەن پۆلیسەوە بەڕێوە دەچێ و لە چەن بەشی دەنگدان، غەرامەکردن، دەسبەسەرکردن و دادگایی و هتد لەخۆ دەگرێ.

**شامەران**: دەرچوونی ئەم یاسایە بە ناوی گەڵاڵەی نور، پێتان وایە تا چەند گۆشار لەسەر ژنان زیاد دەکات و چەندە توندوتیژتر دەبن بەرامبەر بە ژنان بۆ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ؟

### شلێر مەحموودی

ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ مێژوو، کۆماری ئیسلامی ئیران هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە بۆ یەکەم جارکە توندوو تیژی ئەنجام دا بەرامبەر بە ژنان بوو، ئەوە بوو لە ١٧ی ڕەشەممەی ٥٧ بڕیاریدا کە ژنان دەبێ بە حیجابەوە بێنەوە سەر کارەکانیان ئەگەرنا بۆیان نیە بێنەوە سەرکار، ڕۆژی دواتر ڕێگە نەدرا ئەو ژنانەی حیجابیان نەپۆشیوە بچنەوە سەرکار و دواتر خۆپێشاندانی هەزاران ژنی لێکەوەتەوە و سەرەنجام بە سەرکەوت و توندووتیژی بۆ سەریان کۆتایی پێ هات. کەواتە کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتی خۆی بە هەموو شێواز و جۆرەها میکانیزمێک ژنان سەرکووت دەکات. بۆ نموونە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە بزوتنەوەی ژینادا لە ئیران چەندین ژن لە سێدارە دراون بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکان شەهید بوون ،زیندانی کراون ،ئەشکەنجە دراون و دەدرێن ..... بێگوومان ئەو گەڵاڵەیەش میکانزمێکی نوێیە و درێژەدەری پلانی» داوێن پاکی و حیجاب» ە کە بۆ سەرکوتی زیاتری ژنان دارێژراوە و بەیاساو هێزە سەرکوتکەرەکان بەسەریاندا دەسەپێ بێگوومان ئەو پرۆژەیە بەمەستی ڕێخۆشکردنی زیاتر و دەسوەردانی زیاتری ژیان و کەرامەت و ئەخلاقی خەڵکەو بەتایبەتیتر ژنان. ئەگەر بڕوانینە یاسای باری کەسی وڵاتانی دراوسێ یاخود دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەبینین بەیاسا خەڵک ڕادێنێ بۆ کەم کردنەوەی توندووتیژی، بەتایبەت چەند پرۆتۆکۆڵێکی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە سەبارەت بە

پاراستنی مافەکانی ژنان کە وڵاتان پێوەی پابەندن و سزای توندی لەبەرامبەر سەرپێچیکارانی داناوە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە پێچەوانەوە توندووتیژی بەیاسا ڕێکخراوە لە هەموو سێکتەرەکانی یاسای بنەڕەتی و یاسای باری کەسی و پەروەردە و تەنانەت دابونەریتی دژە ژن، بۆیە ئەو پرۆژانەی وەک ئەم گەڵاڵەیە نامۆ نین بەنسبەت ژنانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ سەرکوتی ژنان، ژنان لە ئێراندا زۆر ئازاییانە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە و بەئاشکرا داوی ڕوخانی دەکەن و پێی دەڵێن نا نا نا،ئەوەش دەرخەری ئەوە ڕاستیەیە کە کۆماری ئیسلامی لە هێز و پۆتانسێلی ژنان دەترسێت و نایهەوێ ببنە کاربەدەست چونکە دەزانێ یەکەم ئیشیان لابردنی سەرانی ئەو دەوڵەتەیە.

## زانیار حوسێنی

گەڵاڵە یان پلانی نوور بەر لە هەمووشت، دەرخەری ئاستی ناسەقامگیری یاسا و ڕێساکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەم سەردەمەی ئێستا دایە؛ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەر یاسایەک و هەر چوارچێوەیەکی دەستووری، سەردەم و کاتی هەیە. چوون یاساکان بە پێی زۆر پێوەر وەک خواستی خەڵک، داب و نەریت و کەلتوور و هتد دادەڕێژرێن و بەکار دەهێنرن؛ هەرکات ئەو حاڵەتە پێچەوانە بۆوە کێشەخووڵقێن دەبێت و ئاکامی پیچەوانەی دەبێت. لەکاتی ئاوادا یاسا لەباتی ئەوەی ببێتە هۆی سەقامگیری و ئاسایشی وڵات، خۆی دەبێتە بەردی بناغەی تێکچوون و هەڵوەشانەوەی سەقامگیری و ئارامی لە وڵاتدا. لە ئێستادا ئەو دیمەنە هەمیشەییەم دێتە بەر دیدە کە ئەو دەسەڵاتە، لە پێش هەمووشتدا بێ ڕێزی بە ڕۆحی یاسا دەکا؛ یاسا بە زمانێکی سادە پارێزەری گیان و ماڵ و ژیان و ئاسایشی خەڵکە و دەبێ ببێتە خووڵقێنەری بەستێنێکی لەبار بۆ پێشکەوتنی بوارە جیاواز و لێکگرێدراوەکانی ژیان و ئاسایشی خەڵک. بەڵام چوون ئەو پلانە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە هەموو بوارێکەوە دەخاتە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هێزە ڕاسپێردراوەکانی دەسەڵات و ئەوەش کاریگەرییەکی نەرێنی لە ڕادەبەدەری دەبێت بۆ سەر ژنان و تەنانەت بنەماڵە و پیاوەکانیش؛ ئەوەندەی ژن بە پێی ئەو پلان و گەڵاڵەیە ڕابگیردرێ، دەنگ بدرێ و لێپرسینەوەی لێ بکرێ بەهەمان ڕادەش کاریگەریی نەرێنی دەبێ لەسەر بنەماڵە و کەس و کاری ئەم ژنە. بەم واتایە کە دەسەڵات ویستوویەتی بە شێوەیەکی زۆر نەرم خەڵک بکاتە دوو بەش و بەرەوڕووی یەکدیان بکاتەوە و لەمەش زیاتر چووەتە پێش و بەم پلانە هەوڵ دەدات کە ژن بەرەوڕووی کەس و کار و ئەندامانی بنەماڵەیان بکاتەوە و گوشاری یاساییەکە بە کاتالیزۆری « با تووشی کێشە نەبین» لە پۆلیسەوە بگوازێتەوە بۆ کەس و کار و نیزیکەکانی ژن. بۆ نموونە کاتێک ژنێک کە تووشی ئەم پلانە نوورە بێ و ڕواڵەت و زاهیری ئەمجۆرە نەبێ کە لە پلانەکە باسی کراوە، تووشی دەنگدان و جەریمە دەبێ یان دەیبەن بۆ لێپرسینەوە و ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی سازبوونی ناخۆشی و ناکۆکی لە ناو بنەماڵەدا؛ یان کاتێک بە هۆی ئەوەی ژن یان چەن ژنێک جۆری جل و بەرگپۆشینیان لەبەرچاو نەگرن و بچنە شوێنێکی گشتی، ئەم شوێنە دەنگ دەدرێ و ڕەنگە تووشی پلۆمپ و داخران بێ. یانی لێکەوتەکانی

ئەو پلانە وەها ڕێکخراون کە وا نیشان بدرێ کە هەڵس و کەوت، جۆری جل و بەرگ پۆشینی ژن دەبێتە هۆکار؛ یانی گوشارێکی دوو جەمسەری ئاراستەی ژنان کراوە، هەم یاسایی و هەم کۆمەڵایەتی. لەم گوشارەدا بەدڵنیاییەوە بنەماڵە و کەسانی نیزیکی ژنانیش تووشی کێشە و گرفت دەبن و ئەلێرەدایە کە وشیاری خەڵک و بەتایبەتی پیاوان و بنەماڵەی ژنەکان دەرخەری چۆنیەتی و چەندەیی سەرکەوتوویی یان شکەستی ئەو پلانەیە.

جاران ئەگەر تەنیا گەشتێکی ڕێنوێنیکەر یان هەمان ئیرشاد بوو، دەبیندرا کە ژنان لە چوونە ئەو شوێنە گشتییانەی کە ئەم گەشتانە ڕاوەستابوون، خۆیان دەبوارد بەڵام لە ئێستادا کە پلانەکە لە درێژەی گەلاڵەی پاکیزەیی و حیجاب دایە و بە شێوەیەکە کە هەموو جۆری ژیانی ڕۆژانە دەگرێتەوە، تەنیا ڕێگە بەرگریکردن و کۆڵنەدانە کە بۆ ژنان ماوەتەوە. یانی دەسەڵات بە زمانی بێ زمانی، ژنانی بۆ شەڕکردن بانگهێشت کردوە و ئامادەیی خۆی بەم پلان و گەلاڵانە بەتەواوی دەربڕیوە؛ ئەوە شەڕێکی ئاشکرایە بە دژی ژن و مافی ژنان وەک هەموو مرۆڤی جیهان و دڵنیام کە گوشارەکان زۆر لەوە زیاتر دەبن کە لە ئێستادا هەن.

**شامەران**: کاردانەوەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی نیسبەت بەم گەڵالەیە چیە؟ پێتان وایە بۆچی بەتایبەتی دوای بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی مەسەلەی حیجابی زۆرەملێ دیسان ئەوەندە بە تۆندی هاتووتە ئاراوە

**شلێر مەحموودی**:

کاردانەوە و نارەزایەتییەکان زۆرن بەتایبەت لە نێوخۆ و بەتایبەتی تریش لەلایەن سەرانی دەوڵەت و یاساناسان و خەڵکیش کە دەڵێن جێبەجێ کردنی ئەو گەڵاڵەیە ئیشی پۆلیس نیە و پۆلیس ناتوانێ خەڵک بگرێ و ئاراستەی دەسەڵاتی دادوەری بکا ،ئیشی پۆلیس پاراستنی سەرو ماڵ و کەرامەتی هاوڵاتیانە نەک تەداخول کردن لە پاراستنی ئەخلاق و گەرانەوەی کەرامەت بۆ کەسەکان.

محسن برهانی، پارێزەر و ئەندامی فاکەڵتی یاسای زانکۆی تاران، دەڵێت ئەو کارەی پۆلیس بە تاوان دەزانێت و دەڵێت، پۆلیس مافی ئەوەی نییە کەسێک بگوازێتەوە بۆ دەستبەسەرکردن، بارەگا، بنکە، یان کەمپ، نە بیبات پابەندبوونێک لەلایەن خەڵکەوە. پۆلیس تەنها دەتوانێت کەسی دەستگیرکراو ڕاستەوخۆ بباتە دادگا (و نەک داواکاری گشتی) بۆ ئەوەی دادوەر بتوانێت کەفالەت وەربگرێت. ئەو درێژەی پێدەدات کە دیارە هەندێک لە بڕیاردەرەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە کارێکی لەو شێوەیە نایاساییە ئەنجام بدەن، بۆیە پێشنیار دەکرێت دادوەرێک بێت بۆ ڕوونکردنەوەی تۆمەتەکان و کۆکردنەوەی ئاسایش لە بارەگای ئێستای دا. ئەم فەقێیە دەڵێت ئەوە پلانە بۆ پووچەڵکردنی سیستەمی دادوەری و



سەرچاوە Serchawe

دادوەرەکان، کەرامەتی دادوەر ئەوەیە کە لە دادگا ئامادە بێت و فەرمانبەران و داواکاران بێنە خزمەت دادوەر، نەک ئەوەی لە بنکەی پۆلیس جێگیر بێت بە سەیرکردنی دادوەری دادگا وەک ئامرازێک.

وە هەروەها مستەفا تاجزادە، زیندانیی سیاسی، لەم پێوەندییەدا، لە یاداشتێکدا لە زیندانی ئەوینەوە، بە توندی ڕەخنەی لە گەڕانەوەی دەوریبە «نایاساییەکانی» ئیرشاد لە شێوەی «پرۆژەی نور» گرت و جەختی لەوە کردەوە کە «نابێت کەس ناونیشانی هەڵە بدات». و بیرکردنەوەکان لابدەن» کە ئەم کارە «بە فەرمانی خامنەیی یان بە ڕەزامەندی و مۆڵەتی ئەو ئەنجامدراوە». «جگە لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، هیچ بەرپرسێکی دیکە ناتوانێت ئەرک بە پۆلیس بسپێرێت.

کۆماری ئیسلامی بەبێ پشتیوانی یاسایی و داواکردن لە خەڵک - بە تایبەت گەنجان و لاوان کە خوازیاری ئازادی و بڕیاردانن لە شێوازی ژیانیاندا - بە فشار و زۆرەملێ و سەرکوت و سووکایەتیکردن و لێدانی ژنان و جل و بەرگیان لێ بکەنەوە. هەر یەک لەو پلانانە کەلێنی نێوان خەڵک و ئەم دەسەڵاتە زیاتر دەکات و وەک بۆمبێکی کاتی مامەڵە دەکات. شارەزایان لە یاساکەدا ئەوەیە کە بڕیاردان و جێبەجێکردنی پلانەکانی وەک ئەم پلانە لەدەرەوەی دەسەڵاتی پۆلیسە، پۆلیسیش تەنانەت ڕێگەی پێنادرێت هۆشداریی زارەکیش بدات. پۆلیس ژیان و ماڵ و شەرەفی خەڵکی کۆمەڵگا دەپارێزێت و ناتوانێ بە شێوەیەکی نایاسایی دەستدرێژی بکاتە سەر ژیانی تایبەتی خەڵک. کۆماری ئیسلامی بەردەوام لەلایەن دەوڵەتانەوە سەرکۆنە دەکرێ لەسەر پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتیش مافەکانی ژنان،ئەوەتا لەسەر ئەکارە نارەوایانەی لە کۆمسیۆنی پێگەی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەرکرا هەرچەندە وەرگرتنیشی نارەوا بوو، وەبەردەوام سزای دەخرێتەسەر و بە تیرۆست پەروەر ناوی دەبەن و دەیناسێنن بەڵام لەبەر ئەوەی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ هێزێکی گەورەی ئیجبار کەری لە پشت نیە ناتوانن ئێران ئیجبار بکەن بۆ جێبەجێکرنی دەقی یاساکان. بۆیە ئێران زۆر بێ شەرمانە و بەکەیفی خۆی یاسا و گەڵاڵە دادەرێژێ بۆ سەرکوتی زیاتری ژنان بەتایبەت دوای بزوتنەوەی ژینا چونکە هەروەک لەسەرەتاوە وتم ئێران هەمیشە لە توانا و هێزی ژنان ترساوە بۆیە هەردەم هەوڵی سەرکوتیان دەدات و بەردەوامیش میکانیزمی نوێ دێنێتە گۆڕێ، کۆماریٰ ئیسلامی لە دوو ساڵی ڕابردوودا دیتی ژنان دەوڵەتەکەی دێننە لەرزە و داوی ڕوخانی دەکەن و هەڵکرنی سەرپۆشەکانیان بەدارێکەوە کردە هێمای بزوتنەوەکەیان وە هەروەها بینی کە ژنان لە پێناو وەدەست هێنانی مافەکانیان گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی و سڵ لە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی ناکەنەوە بۆیە ئێران هەمیشە لە ڕێگای نوێ دەگەڕێ بۆ سەرکوتیان.

**زانیار حوسێنی:**

کاردانەوەکانی ناوخۆ هەتا ئێستا پۆزەتیڤ بووە بەڵام دیسان کەمە؛ ئەگەر چاو لێ بکەین هەر جار نا جارێک لە

زانکۆیەک، لە ناوچەیەکی شارە گەورەکان وەک تاران یان شوێنە ئیدارییەکان، شەپۆلێکی توونـد بەرێـوە دەبەن و چـاوەڕێی کاردانەوەی خەڵک دەبن. بەم مانایە کە ئەوان بە پێی کاردانەوە و وڵامدانەوەی خەڵک پلانەکانیان ڕێک دەخەن و جێبەجێ دەکەن و بەرەو پێشـێی دەبەن؛ هەمـوو هەوڵیـان ئەوەیە بە کەمتـرین تێچـوو و بە زووتـرین کـات و مەودا لە نـاو دڵـی شەقامەکاندا دەسەڵاتی تەواو بۆخۆیان بگەڕێننەوە و مسۆگەری بکەن. چوون کاربەدەستانی تـاران لەدوای ڕاپەڕینی ژینا بە کۆدی ژن، ژیـان، ئـازادی بەتەواوی مەترسی ڕووخانیـان لـێ نیشت و لە ڕوانگەی ئەوانەوە، کوردستان هێما و نموونەیەکی خراپە بـۆ سەرانسـەری ئێران؛ بـۆیە بە پەلە و بە بـێ فەوتانـدنی کـات، ئەو گەڵاڵەیەی پـاکیزەیی و حیجابیـان داڕشت، پەسندیان کرد و بە پۆلێنبەندی و پلانەوە، خستوویانەتە بواری جێبەجێکردنەوە. دەسەڵاتی تـاران تەنیـا لایەنگرانی خـۆی بۆ گرینگە و جگە لە لایەنگران و ئەنـدامانی سیستەمی دەسـەڵاتداری خۆی، کەسی تـر نـابینێ و هەر بـۆیە هەتـا بـازنەی لایەنگـران و ئەنـدامانی بچـووکتر دەبێـتەوە، زیـاتر دەسـت دەداتە پووانـدان پێیـان. ئەم پـووان و ئیمتیـازانەش بە پـارە بەخشینەوە، لێخۆشبوونی ئیداری، زیاتربەشداری پێکردنیان لە دەسەڵات و پەسندکردنی یاسا و ڕێسـا لە پێنـاو دابینکردنـی خـۆراکی دەروونـی، فکـری و ئەمنـی و مەیـدانی ئەوانە؛ بـۆیە گـرینگە کە خەڵـک بە شـێوەی گشـتی و بەکـۆمەڵ بەرامـبەر چکۆلەترین هەنگاوەکانی پۆلیس و جێبەجێکەرانی ئەم گەڵاڵە و پلانانە بوەستن و بۆیەش وشەی خەڵکم هێنا کایەوە چوون هەر وەک کووتم پێموایە پیاوانیش بە هەمان ڕادەی ژنانەوە دەبێ هەست بە مەترسی بکەن و وێڕای ژنـان و لەپەنـا ئەوان بەرەوڕووی ئەمجۆرە گەڵاڵە و پیلانانە ببنەوە.

بەڵام لە ڕوانـگەی دەرەوە دەتـوانم بڵێـم کە دەرەوە هەر وەک پێشـوو و هەر وەک سـاڵانی ڕابـردوو و بەتـایبەتی هەر وەک ڕاپەڕینـی ژینـای، چـاو لە خەڵـک دەکـات و دەڕوانێـتە خەڵـک؛ هەرچەنـد لە کـایەی سیاسی و ئـابووریدا، کۆمـاری ئیسلامی ئامادەیە هەموو تێچوویەک بـدات بـۆ ئەوەی بتـوانێ دنیـا بەتـایبەتی ڕۆژاوا بێـدەنگ یـان لانیکەم وەک چـاودێر و بێلایەن ڕاگرێ. بەڵام لە شوێنێک و لە جێیەک و لە کاتێکدا ئیتر، بیـروڕای گشـتی خەڵکی خۆیـان لێیـان قبـووڵ نـاکەن و لەبەر ئەوانیش بێ بەناچـار دەبـێ ودەنـگ بـێن؛ هەر وەک لە شۆڕشـی ژینـادا وەدەنـگ هـاتن و هەرچەنـد لە بـواری کـردارییەوە زۆر لاواز دەرکەوتن بەڵام هێندێک هەنگاوی جیدییان هەڵێنایەوە. بۆیە دەبێ ئەوەمـان لەبەرچـاو بـێ کە هیچکـات، هیچ وڵات و هیچ نەتەوەیەک، لەخۆمان زیاتر خەمخۆری خۆمان نییە و ئیمە کاتێک دەبێ چاوەڕێی گۆڕین یان گۆڕانی بیروڕای وڵاتـان لە ئاستی نێودەوڵەتی و زۆر بەربڵاودا ببین کە قوورسایی ویستی سیاسی ئێمە، لانیکەم هاوتەریب لەگەڵ قوورسـایی ویسـتی ئابووری و توجاری ئەوان بێتەوە. بەم مانەیە کە ناچار بن داهاتووی ئەمجۆرە وڵاتـانە و ئەمجۆرە میللەت و مرۆڤـانە لەبەر چاو بگرن و بە ڕوونی بۆیان شی بکرێتەوە کە چاوداخستن و بێدەنگبوون بە شێوەی کرداریش ئاست و چوارچێوەیەکی هەیە.

**شـامەران:** وەک کۆتـا پرسـیار دەمەوێ ئەوەش بـزانم کە کاردانەوەکـانی خـۆدی ژنـان بەرامـبەر بەم گەڵالەیە چـۆنە؟ چـۆن بەروڕووی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبنەوە؟

**شلێر مەحموودی:**

ژنان لە ئێران و بەتایبەت ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەمیشە ئامادە ولەسەرپێن بۆ ڕووبەڕروو بوونەوەی هەر پەرچەکردارێکی کۆماری ئیسلامی، نەک ئەوە گەلاڵەیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی دەیان گەلاڵەی هاوشێوە دەربکا ناتوانێ حەزی سەربەستی و وەدەستهێنانی مافەکان لە ژنان دا بکوژێ بەڵکو لەگەڵ دەرکردنی هەر یاساو گەلاڵەیەک ژنان بە گوڕو تینێکی زیاتر دژی دەجەنگن و بەرهەڵستی دەکەن .کۆماری ئیسلامیش باش ئەو ڕاستیە دەزانێ، وە لە بزوتنەوەی ژنیـا دا ئەوەی بە باشترین شێوە بۆڕوون بۆتەوە چونکە ژنان ڕێبەر و پێشەنگی خۆپێشاندانەکان بوون و دەنگی خۆیان بەدونیا گەیاند تا وەرگرتنی خەلاتی ساخارۆف و خەلاتی ئاشتی نۆبڵ کە دوو خەلاتی جیهانین. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ژنانی ئێران و کوردستان شایانی باشترین خەلاتی جیهانن وە قوربانی زۆریان لە پێناو بەدەستهێنانیان دا دراوە و دەدرێ.

لەکۆتایی دا دەڵێم ژنانی ئێران و کوردستان چاوەڕێی دەرفەتن و لە هەر دەرفەتێکدا وەکوو بۆمبێک بە ڕووی کۆماری ئیسلامیدا دەتەقنەوە . بۆیە هیواخوازم خەباتە ڕەواکەیان هاوشێوەی ولاتانی پێشکەوتوو بە پشیوانی هەموو لایەک سەرکەوێ.

**زانیار حوسێنی:**

پێموایە ئەم پرسیارە وەک ڕاپرسییەکی گشتی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و میدیاکانی بەردەست دەبێ ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی بتوانین بە پێوەر و ڕادەیەکی دروست و گونجاو، کاردانەوەی ژنان بەرامبەر بەم گەلاڵە و پلانانەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی تاران ڕوون کەینەوە و بیخەینە بەرچاو؛ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوەی بتوانین کاردانەوەی کۆمەڵگە یان نیوەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کردەوە و بڕیارێک هەڵبسەنگێنین، پێویستیمان بە هێندێک کەرەستەیە کە یەک لەوان ڕاپرسی و کۆکردنەوەی بیروڕای گشتییە لە هەمبەر بابەت و پرسەکان بە تایبەتی پرسی ئاوا هەستیار و ناسک. لە ئێستادا بە هۆی فیلتەرینگی بەهێزی سەر میدیاکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن تارانەوە، بەداخەوە لە بەکارهێنانی تەواو و دروستی ئەو کەرەستەیە بێبەشین بەڵام دەکرێ پشت بە پێوەر و کەرەستەی تر وەک ڕابردوو ببەستین و چاو لەو بەشە لە مێژووی تێکۆشانی ژنان بکەین کە لە حاڵەت و دۆخی ئاوا نیزیکە؛ بەخۆشییەوە لەبواری بەڵگەمەندبوونەوە، دۆخی ئاوا لە ئەم جوگرافیایەدا کەم نەبوە و دەکرێ کەڵکی لێ وەرگیرن و لە هەمانکاتیشدا دەبێ بڵێم بەداخەوە کە حاڵەت و دۆخی ئاوا زۆر بوون لەم جوگرافیایەدا و بەم حاڵەشەوە دەسەڵاتی ڕووخاوی پەهلەوی هەتا کۆتا هەناسەکانیشی وانەیان لێ وەرنەگرت و دەسەڵاتی ئێستای کۆماری ئیسلامیش هەروا.



سەرچاوە
Serchawe

ژنـان لە درێـژەی لانیکەم سـەد سـاڵی ڕابـردوودا بە شێوازی جۆراوجـۆر تووشـی ئـازار و پیلان و توونـدوتیژی بـوون لەلایەن دەسـەڵاتی تـارانەوە و لە زۆربەی ئەم بەرەوڕووبوونەوانەشدا، کـاردانەوەی ژنـان بە شـێوەی بەرگریکـردن، وڵامـنەدانەوە و ڕەچەشـکێنی و هێنـدێکجاریش ڕووبەڕووبـوونەوەی ڕاسـتەوخۆ بـووە و هەتـا ئەو جێـیەی بۆیـان کرابـێ و بۆیـان لـوابێ، پاشەکشـەیان نەکـردوە و دەسـتیان لە هەڵبژاردنەکانیـان بـۆ هەمـوو بەشـەکانی ژیانیـان بەشـێوەی ڕۆژانە و درێژخـایەن هەڵنەگرتـوە. لە تەمەنـی چل و چەن سـاڵەی دەسـەڵاتی ئەمجـارەی تـارانیش، بەڕوونـی دەبیـنین و ئاشکرایە کە ژنان بە شێوازی جۆراوجـۆر و لەڕێگەی جیـاوازەوە، هەموو هەوڵ و توانـای خۆیـان داوە کە سیاسـەتەکانی ڕژێـم سـەرکەوتوو نەبـێ و تووشی شکەست یان تەنگ و چەڵەمەی زۆر ببێتەوە. شۆڕشی ژینا دەرخەی لووتکەی ئیرادەی ژنان بەتـایبەتی ژنـی کـورد بـوو لە هەمبەر سیاسەتە دژەمرۆیی و دژەژنـی کۆمـاری ئیسلامی و ئەوەی لە ئێسـتادا کۆمـاری ئیسلامی بە هەڕەشە بـۆ سـەر خـۆی دەزانـێ، نە کەلتـووری ڕۆژاواییەکـانە و نە میـدیاکانی دژبەر بەڵکـوو ئەو ژنـانەن کە لە نێوخـۆی وڵات دەژیـن و دایکـن و خووشکن و کچن و لە بازاڕ دان و کار دەکەن یان لە ماڵەوەن و خانەدارن؛ پرچی ژن لە دەسەڵاتدارانی تـاران بـۆتە مۆتکە و شەوانە خەونی پێوە دەبینن کە وەک پەتی سێدارە لە ملی دەسەڵاتیان هاڵاوە و خەریکە دەیانخنکێنێ. بە لەبەرچـاوگرتنی دەستپێکی ئەو پیلان و گەڵاڵانە لە بواری جێبەجێکردنەوە کە لە کۆتـاییەکانی خاکەلێوەی ئەمساڵەوە دەستی پێ کـردوە، من پێموانییە ئەمجارەش دەسەڵاتی تاران بتوانێ، ویست و خواستی خۆی بسەپێنێ و ژنان لەم بەشەشدا بە خـۆڕاگری ئەو ویست و خواستە تۆتـالیتێرانەی دەسەڵات تێکدەشکێنێن و لای دەدەن. هەروەک دەبینـین لە ئێسـتادا، جـۆری جل و بەرگ پۆشینی ژنـان لەگەڵ بەر لە ڕاپەرینـی ژینـا بەتەواوی جیـاواز بـوە و ئەم جیـاوازییە گەیشـتۆتە ئاسـتی تەواو پێچەوانەی سیاسـەتە کۆمەڵایەتـی و کەلتوورییەکانی دەسەڵاتـی تـاران.

ئەوە گـرینگە کە زۆرجـار لەم مـاوەیەدا دیتـراوە کە ژنانێـک لە بـواری بیرکـردنەوە هەتـا ڕادەیەک لە دەسـەڵات نیـزیکن بەتـایبەتی لەبواری ئـایینزاییەوە، بەتووندی ڕەخنە لەم هەڵس و کەوت و پلانـانەی ڕژێـم دەگرن و دەڵێن کە ژنـانیش وەک پیـاوان و وەک مـرۆڤ، مـافی ئەوەیـان هەیە خۆیـان هەڵبژێـرن کە چـۆن لە کـۆمەڵگە و لە دەرەوەی مـاڵێ دەرکەون؛ ئەوە خـاڵێکی زۆر بەهێـز و گرینگـی تێـدایە کە نە سیسـتەمی ڕووخـاوی پەهـلەوی تێیگەیشـت و نە سیسـتەمی زۆرداری ئێسـتا تێیدەگا.

ژنـان نە حیجابیـان دەوێ نە بـێ حیجـابی؛ ژنـان وەک مـرۆڤ ئـازادی و مـافی هەڵبژاردنـی سەربەسـتانەیان دەوێ لە بـوارە جیاوازەکانی ژیانیاندا. ئەوەندەی کە مێژووش شایەتی دەدات بۆ ئەم مافەیان زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان شەڕیان کردوە و لە بەرامبەر دەسەڵاتی زۆرداردا وەستان؛ هەر ئێستا بە دەیان ژن کە چالاکی سیاسین، چالاکی مەدەنی و کـۆمەڵایەتین ئەوە لە بەنـدیخانەکانی ڕژێـم دان و زۆر ژنـی دیکەش ڕۆژانە بەرەوڕووی هەڕەشە و تۆقانـدن و ئـازاری هێـزە سـەرکوتکەرەکانی دەسـەڵات دەبێـتەوە. بەڵام ئەوەی کە دیـار و بەرچـاوە، بەرزبـوونەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژەی زیـاتری ئەمجـۆرە ژنـانەن لە نـاو

کۆمەڵگەدا و ئەوەش بەم مانایەیە کە ژنان لە بەرامبەر سەرکووت و ئازار و ئەشکەنجە و ویستە ناڕەواکانی دەسەڵاتی تاران ملکەچ و بێدەنگ نابن و لەبەرامبەردا بە هەموو تواناوە و لە ڕێگەی جۆراوجۆر، بە شێوەی ڕۆژانە و چۆنی بۆیان بلویَ، هەوڵ دەدەن کە ویست و خواستە ڕەوا و مرۆییانەی خۆیان جێگیر بکەن؛ هیوادارم لەم ڕێگەیەدا بابەکان، براکان و هاوژینەکانیان زیاتر لە جاران شان بە شانی ئەوان لە مەیدانی بەربەرەکانی و تێکۆشان دابن و نەهێڵن بە زەوتکردنی هەرچی زیاتری مافی نیوەی کۆمەڵگە، زیاتر لە ڕابردوو مافەکانی ئەوانیش بکەوێتە ژێر پۆتینی پاسدارەکان.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢٤**

## گوڵان هیجری: ڕوانگەی د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو سەبارەت بە مافی ژنان و بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەتدا




**دیمانە: شاماران**

**دەمانەوێ ئاورێک لە ڕوانگەی شەهیدی نەمر د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو بدەینەوە کە ئایا بیر و هزرییان سەبارەت بە مافی ژنان چۆن بووە و تا چەند کاری بۆ یەکسانی رەگەزی دەکرد و هەروەها ژنان تا چەند توانیویانە لەناو چواچێوەی کاری حیزبیدا لە ناوەندی بڕیارداندا خۆیان ببینەوە و تا چەند دەرفەتیان بۆ رەخسێنراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو گوڵان هیجری ئەندامی لەمێژینەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ.**

**شاماران: بیروهزری شەهیدی نەمر د. عەبدولڕەحمان قاسملو لەسەر ژنان بەگشتی چۆن بوو؟**
**ئایا کاری بۆ یەکسانی ڕەگەزی دەکرد؟**

**گوڵان هیجری**: شەهیدی نەمر د. قاسملو باوەڕی وابوو کە یەکسانی ڕەگەزی بەشێکی بنچینەیی کۆمەڵگای دێموکراسییە. پێی وابوو کە سیستەمێکی دێموکراتیک، کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک بەرهەم دێنێت و ژنانیش وەک بەشێک لەو کۆمەڵگایە بە ماف

و ئازادییەکانیان دەگەن و دەور و ڕۆڵی خۆیان لە سەرجەم بوارەکاندا بەرجەستە دەکەن. باوەڕی قوڵی شەهید دکتور قاسملوو بە دێموکراسی و هاندان و پشتیگیری ژنان وەک بەشێک لە کۆمەڵگا و بۆ بەرەودان بە یەکسانی ڕەگەزی و بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکانیان لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە و ئەمەش شتێک نییە کە هەر لە چوارچێوەی تئیوری و وتار و قسەدا قەتیس مابێ، بەڵکوو بە کردەوە ئەوە سەلمێندراوە. وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێک هەنگاوی پێشکەوتوانە و سەردەمییانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین وەک هەڵوەشاندنەوەی ژن بە ژنە و گەورە بە بچووک و مارەکردن و بەشوودانی زۆرەملێ و شیربایی و بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم ئەو دیاردە ناشایست و دواکەوتوانەی کە لە کوردستان سەردەمانێک باو بوون و داوێنگیری کۆمەڵگا و ژنان ببوون و هاوکات بەرچاوڕوونی و ئاشناکردنی ژنان بە ماف و ئازادییەکانیان لە ڕێگەی یەکێتی ژنانەوە، بێگومان کاریگەری و شوێنپەنجەی شەهیدی نەمر دکتور قاسملووی پێوە دیار بووە کە ئەمەش زادە و دەرهاویشتەی هەمان ڕوانگەی پێشکەوتنخوازانە و بەرگریکارانەی ئەو ڕێبەرە مەزنە بووە. لە لایەکی دیکەشەوە هاندانی ژنان بۆ خەبات و تێکۆشان و ڕەنگدانەوەی لە وتار و بابەت و وتوێژ و لێدوانەکانیدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاستییەن و باوەڕی قووڵی بەوە بووە کە دەبێ ژنان هەمان ماف و دەرفەتی پیاوانیان لە ژیانی گشتی و تایبەتیدا هەبێت و لەناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشدا چالاکانە کاری بۆ یەکسانی ڕەگەزی لە نێو سیستمی کاری حیزبیدا کردووە کە "بێگومان ئەمەش ئەرکێکی قورس بووە."

شەهیدی نەمر گرنگییەکی زۆری بە بەشی پەروەردە بە گشتی و پەروەردەی ژنان بە تایبەتی داوە. لەو ڕاستایەدا پشتیوانی لە پەروەردەی ژنان دەکرد و باوەڕی وابوو کە پەروەردە کلیلی ئازادی و سەربەخۆییە. هانی ژنانی دەدا بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن و بەشداری چالاکانە لە بوارە ئاکادیمی و پیشەییەکاندا.

**شاماران**: دەتوانن ڕوانگەی د. قاسملوو سەبارەت بە بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەت و ناوەندی بڕیارداندا بخەنەڕوو؟

**گوڵان هیجری**: ئاماژەمان بەوە دا کە شەهید قاسملو بڕوای وابوو کە یەکسانی ڕەگەزی بەشێکی بنچینەیی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکە و ژنان دەبێ هەمان ماف و دەرفەتی پیاوانیان هەبێ لە کۆمەڵگەدا. کەواتە شەهیدی نەمر وەک کەسی یەکەمی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات بە کردە کاری بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان کردووە و بە تایبەت ژنانی پێشمەرگەی هان داوە بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە پرۆسەی سیاسی و بڕیارداندا و هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی ژنان تواناکانی خۆیانی تێدا بسەلمێنن.

هەرلەوپێناوەشدا شەهیدی نەمر هەوڵی داوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژنان و لابردنی لەمپەر و ئاستەنگەکانی

بەردەم پێشکەوتنی ژنـان لە ئێـران بە گشـتی و کوردسـتان بە تـایبەتی، هەر بـۆیە هەڵوێـستەکانی بـووەتە هانـدەر بـۆ زۆر کەس لە پێناو یەکسانی و دادپەروەریدا.

ئەو پێی وابوو هەر کاتێک یەکسانی لە نێو کۆمەڵگادا دەستەبەر کرا، بەشداربوونی ژنان لە سیاسەت و ناوەنـدی بڕیاردانـدا ئاسانتر پراکتیزە دەکرێت، بۆیە لە ڕوانگەی شەهیدەوە ژنان ئەرکی قورسیان لە پێش بـووە بـۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیـان. مامۆستای زانـا، بەپێی ئەو تێگەیشتنانەی لە کۆمەڵگای کوردستان و بەتـایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیبـووە، هەوڵـی داوە بۆ کارکردن لەسەر هەموو بوارەکان. بۆیە چاکسازی کۆمەلایەتی یەکێک لە ئەرکە گرنگەکـانی بـووە لە کـاری سیاسـی حیزبـی دێموکراتدا. کەواتە بیر وهزری شەهیدی نەمر هێزێکی پاڵنەر بووە بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی کە پێگەی ژنان لە کۆمەڵگەدا باشتر بکـات. هەمیشە دژی جیاکـاری و توندوتیژی دژ بە ژنـان بـووە و پشـتگیری ئەو یاسـایانەی کـردووە کە مـافی ژنـان دەپارێزن.

لە پەیام و کۆڕ و کۆبوونەوەکانـدا زۆر بە ڕوونـی باسـی لەسەر گرنگـی سـەربەخۆیی ئـابووری ژنـان کـردووە و پشـتیوانی لەو ڕێوشوێنانە کردووە کە دەتوانن باری ئابووری ژنان باشتر بکەن و هانیان بدات بۆ سەربەخۆبوون لە کارکردن و بڕیاردانـدا.

**شاماران**: وەک کۆتـا پرسیار دەمهەوێ ئەوەش بپرسم کە ئایا پێتان وایە ژنان توانیویانە لە نـاو چوارچێـوەی کـاری حیزبیـدا خۆیان لە ناوەندی بڕیارداندا ببیننەوە؟ واتە ئەم دەرفەتە لە لایەن خودی حیزبەوە دراوە؟

**گوڵان هیجری**: بەبڕوای من بەڵێ ئەم دەرفەتە دراوە. هەروەک لە پرسیاری پێشووتر ئاماژەمـان پـێ دا، حیزبـی دێمـوکرات بەردەوام کـاری بـۆ بەرەوپێشـبردنی پرسـی ژنـان کـردووە و بـاوەری بە یەکسـانی ڕەگەزی و سـەرجەم ویسـتە مرۆیـی و ڕەگەزییەکانی ژنان هەبووە.

ژنان ئەرکی قورس و جۆراوجۆری حیزبییـان وەئەستۆ گرتـووە و لە ناوەنـدی بڕیـار و ڕێبەری ئەو حیزبەدا هەبـوون و هەن، بەڵام من وەک خـۆم لە ئاست گەورەیـی و پێگەی جەمـاوەری و ئەو چاوەڕوانییـانەی کە لەم حیـزبەم هەیە، ئەو ڕێـژەیە لە ژنـان لە ڕێبەری و بەرپرسـایەتیدا بە کەم دەزانـم و پـێم وایە ژنـان پێویسـتە دەرفەتـی زیاتریـان پـێ بـدرێت بـۆ ئەوەی تواناکـانی خۆیـان زیـاتر دەربخەن. هەر ئەو ژنـانەی کە گەیشتوونە ئاسـتی بڕیـاردان، نمـوونەن بـۆ ئەوەی کە ژن دەتـوانێ بگـاتە ئاسـتی ڕێبەرایەتـی هەرچەنـد تووشـی زۆر ئاسـتەنگیش ببێـتەوە. کەواتە ئەو دەرفەتـانەی کە بە پیـاو دراوە و ئەو بـوارانەی کە بۆیـان ڕەخسـاوە،بە ژنـیش دراوە بـۆ ئەوەی خـۆی پێبگەیەنێـت و پەلە تەشـکیلاتییەکان ببڕێـت و ئەرک و بەرپرسایەتییە قورسە تەشکیلاتی و ڕێکخراوەییەکان بەڕێوە ببات، بەڵام لە بیریشمان نەچێت کە ڕێژەی ئەندامی ژن لە



سەرچاوە
Serchawe

حیزبدا وەک تاک، کەمترە لە ئی پیاو، کە ئەمەش باسێکی تایبەت بە خۆی دەوێ کە بۆچی وایە.

هەمووشمان شاهیدی ئەوەین و ئەو راستییە دەزانین کە لەم چەند ساڵەی دواییدا، رێژەی ژنان لە حیزبی دێموکراتدا روو لە زیادبوونە و لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب و تەنانەت بەشی نیزامیشدا ئەوە بەرچاو دەکەوێ شان بە شانی پیاوان ئەرکەکان رادەپەڕێنن و شوێنپەنجەیان لە خەبات و تێکۆشان و کارە حیزبییەکاندا دیارە.

کۆتا قسەم ئەوەیە کە ئێمەی ژن دەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان و سڕینەوەی هەڵاواردن و جیاکاری پشت بەتواناکانی خۆمان ببەستین و لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرین کە حیزب بۆمان دەڕەخسێنێ و لە راستای خۆپێگەیاندن و خۆتەیارکردن بە چەکی زانست و زانیاری هەنگاو هەڵبگرین و بەهرە و تواناکانی خۆمان بخەینە خزمەت نەتەوە و کۆمەڵگاکەمان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانمان. پێم خۆشە ئەوەش بڵێم کە پێویستە یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لێبڕاوانەتر لە جاران، بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ژنان پلان و پرۆژەی نوێی خۆی هەبێ و هەوڵ بدات ژنان بەرەو پێگە و جێگەی شیاوی خۆیان یارمەتی بدات.

**هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ ئێوە ژنانی چالاک و بوێر و ئەرکوەخۆگر دەخوازم و سوپاس بۆ زەحمەت و ماندووبوونەکانتان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٢٤**

## سەرگوڵ ئیبراهیم نەژاد: دووهەمین ساڵوەگەری بزۆتنەوەی ژن ژیان ئازادی و بەشداری ژنان لەم بزۆتنەوەیەدا



**شاماران**

**بە هەڵکەوتی دووهەمین ساڵوەگەری قەتڵی حکومەتی ژینا ئەمینی و دووهەمین ساڵوەگەری بزۆتنەوەی ژن ژیان ئازادی دەمانەوێ لە زاری ژنێک کە بەخۆی لە شەقامەکانی کوردستان بەشداری خۆپێشاندانەکان کردووە، بپرسین کە خۆی چۆن بووە کە بڕیاری داوە بێتە سەر شەقام و نەرەزایەتی لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕێ و هەروەها بەشداری ژنان بە گشتی لەم بزۆتنەوەیەدا چۆن هەڵدەسەنگێنێ، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری "ژنان"ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو سەرگوڵ ئیبراهیم نەژاد پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەک لە بەشداربووانی بزۆتنەوەی ژینا دەبێ.**

**شاماران: وەک دەزانین بەرەو دوهەمین ساڵوەگەری قەتڵی حکومەتی "ژینا ئەمینی" دەچین کە بزۆتنەوەیەکی گشتگیر لە تەواو کوردستان و ئێران بەدوای خۆی دا هێنا کە بە شۆرشی "ژن ژیان ئازادی" لە تەواو جیهان دەنگدانەوەی هەبوو، پێم خۆشە لە پێشدا کە جنابت یەک لە خۆپێشاندەران بۆیت و لە شەقامەکانی کوردستان نارەزایەتیت دربڕیوە بۆم باسێکی گشتی ئەم بزۆتنەوەیە بکەیت؟**

**سەرگوڵ ئیبراهیم نەژاد**: ئەم بزووتنەوەیە کە یەکەم جار لەبەر کوشتنی کچێکی کورد بە ناحەق و تەنیا لەبەر ئەوەی حیجابەکەی بەدڵی کۆماری ئیسلامی نەبووە و لەبەر ئەو هەموو زوڵم و ستەمە کە لەو خەڵکە دەکرێ و کراوە لەلایەن خەڵکەوە دەستی پێکرد کە دەرئەنجام تەقیەوە شۆرش دەستییپێکرد، خەڵکی کوردستان و ئێران هەمیشە بە درێژایی مێژوو چاوڕێی دەرفەتیان دەکرد تا دژی ئەم ڕێژیمە بێنە سەرشەقام و هەوڵ بۆ ڕوخاندنی بدەن و لە داهاتوش دا ئەگەر دیسان دەرفەتێک بێتە پێش دیسان خەڵک ئامادەیە واتە خەڵک لە ئامادە باشیدایە. شۆرشی ژینا لە ژنانەوە بۆ بە شۆرشێکی نەتەوایەتیش لەبەر ئەوەی مافی ژنان و مافی نەتەوەکان وەک بڵێی پێکەوە گرێدراون و زۆرترین زوڵمیان لێ دەکرێ. خەڵک شۆرشی ژینایان قۆستەوە بۆ تەواوی ماف و داواکاریەکانیان. ئەم بزووتنەوەیە توانی چەند قات نەتەوەی ئێران بەرەو سەرتر ببات و دەنگی ئەم بزووتنەوەیە و هاتنە سەرشەقامەکانی خەڵک وای کرد دەنگیان بە تەواوی جیهان بگا و دەنگدانەوەیەکی لە تەواوی جیهاندا هەبێت بەتایبەت بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تریش وەک بەلووچەکان کە وانیش وەک کورد، نەتەوەیەکی مافخوراو و بەشخوراون، زوڵملێکراون. ڕۆژ نییە لێیان نەکوژرێ، ڕۆژ نییە لێیان لەسێدارە نەدرێ.

هەڵبەت دیارە زیاترین خەسار لەو شۆڕشەدا لە کورد و بەلووچ کەوت بەڵام نەتەوکانی دیکەی وەک ئازەری و فارسیش بەشداری بزووتنەوەکەیان کرد، ئەوانیش هاتنە سەر شەقام و بە دژی دەوڵەت درووشمیان دا بەڵام ئەوەی کە پۆلیس لە کوردستان بە زەربی تاپڕ و کەڵەشینکۆف ڕووبەڕووی خەڵک دەبووە و چکی قورسی دەبردە شارە کوردییەکان و لە تاران و شارە فارسەکان بە ئاوپاش و باتۆم دەیترساندن دەریدەخست کە چەندە قین لە دڵن بە نیسبەت کورد و خەڵکی کوردستان. هەڵبەت بزووتنەوەی ژینا وای کرد کە ئەو دەوڵەتە باشتر بە خەڵک بناسێ و حیسابی خۆی بێتە دەستی و تەنانەت دەوڵەتە زلهێزەکان خۆیان لە بارابەری ئەو ڕوداوانەی کە لە ئێران و بە تایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات گێل کرد دەنا جوان بۆیان مەعلووم بوو کە کۆماری ئیسلامی چ دڕندەیەکە و چ جوورە سیستمێکی هەیە و چ جۆرە دەوڵەتێک بەڕێوە دەبات، وە خەڵکەکەی چەندە لێی وەزاڵە هاتوون.

ئێمە دیتمان لەو بزووتنەوەیەدا بە دۆشکا لە شاری جوانرۆ بەرانبەر بە خۆپیشاندەران تەقەیان دەکرد، کە ناخۆشترین شت بوو. ئێمە ئەو کاتەی لەسەر شەقام بووین.

**شاماران**: چۆن بۆ کە بەخۆت بریارت دا بێتە سەر شەقام و نارازایەتی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران دەرببڕی؟

**سەرگوڵ ئیبراهیم نەژاد**: من خۆم ماوەی چەند ڕۆژێکی بە سەردا تێپەڕی جا هاتمە سەرشەقام ئەوەش لە یەکەمدا بە هۆی هەستی نەتەوایەتی بوو و دواتریش کە دیتمان کچێک بەبێ گوناح کوژراوە.

هەموو جەماعەتەکە لە ڕاستیدا یەکەم جار باسی وەیان دەکرد کە چۆن ژینا کچەکوردێک بێ گوناح کوژراوە و هۆکارەکەشی کورد بوونی بوو بۆیە وا ئەو زوڵمەی لێ کراوە ئێمەش کە دیتمان ژینا بەو شێوەیە کوژرا و دوایەش بانگەشەی حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات، لەو کاتەدا بانگەشیەکی زۆر بۆ ئەو ئەوە دەکرا کە خەبات درێژە بدرێ.

لە خۆپیشاندانەکاندا چەند دیمەنێکم بینی، یەکێک لەو ئەو دیمەنانە ئەوە بوو کە کچێک لە بەرچاوی خۆم گیرا ئەو کات لە خۆپیشـانـدانەکاندا نەبـووم بەڵام لەنێـو شـار بـووم قوتابیـانی مەدرەسـە کە دەهـاتنەوە لە خزمەکانمـان لە ئاشنایەکانمانچەندێکیان بریندار بووبوون، چەندێکیان گیرابوون و چەند شتێکم بۆ باس کرا کە بینیم گوتم دەبێ بە هـاوار و بانگی یەکەوە بچین و هەمووان یەکدەست بین، بیە چوومە سەر شەقام.

یەکێک لەوانە بوو کە باسیان کرد لە زمانی چەند شایەتحاڵێکەوە کە جێگای باوەڕ و متمانە بوون کە کوتی چەنـد خانمێک بریندار بوون بەڵام بەداخەوە نەمانتوانیوە بیبەینە نەخۆشخانە برینەکانیـان زۆر تونـد بـووە و هەر لە مـاڵێن و بە خـاتری ئەوەی کە گیانیان بریندارە هەر جلی ڕەشیشیـان لەبەردایە تـا برینەکانیـان بشـارنەوە و کـاتی خوێن بەربـوون و کولانەوەی برینەکانیان جلەکانیان سوور نەبێ. بەو هۆکارانە هاتمە سەر شەقام و بڕیـارم دا لەگەڵ جەمـاعەت لە خۆپیشـاندانەکاندا بەشدار بم

**شاماران:** وەک دەزانین ژنان پێشەنگی ئەم بزۆتنەوەی بوون هەر بۆیە دەمەوێ لە زاری جنابت کە بەخۆشت ژنی و بەشداری ئەم بزۆتنەوەیە بۆیت، بەشداری ژنان بەگشتی لەم بزۆتنەوەیەدا چۆن هەڵدەسنگێنی؟

**سەرگوڵ ئیبراهیم نەژاد:** بەشداریی ژنان وەکوو هیمایەکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی بوو و دیفاع لە مافی خۆیان.

مافەکانی خۆیان کە چووکەترین مافە، لێی بێبەشن و کە ئەوان ئەوەیـان کرد و بۆ وەدەستهێنانی ئەو مـافە کە دەوڵەتێکی داگیـرکەرەوە چەنـدین سـاڵە پێشێلی دەکـا و بەزۆری هەم مـافی نەتەوایەتـی و هەم مـافی ئینسـانی بێـبەش کـردووە لە چووکەترین مافەکانی خۆیان بێبەشن و یەکێکیش لەوانەوە بـوو کە ژنـان وایـان خۆیـان نیشـان دا دەتـوانن بـۆ مـافی خۆیـان بجەنگن بەبێ هیچ پاڵپشتێک.

ئەوان تەنیا بە یەکبوون و یەکگرتوویی و یەکدەنگی بەڕاستی یەکبـوون و یەکـدەنگی و یەکگرتـوویی ئەوان، ئەوەی سەلماند کە دەتوانن بۆ مافی خۆیان بجەنگن و پێویست ناکا مەسەلەن وەک هەر جارێک پیاوان ئەوان هـان بـدن کە بـۆ مـافی خۆیـان بجەنگن و یان کەسێکی لەپشت بێ یان کەسێکی پاڵپشتیان بکا ئەوان بۆخۆیان هاتنە سەر شەقام و بەبێ پاڵپشتیی هیچ

کەسێک و تەنانەت ڕێبەرایەتی ئەو بزووتنەوەیەشیان دەکرد. نموونەکەی دایکی شەهید پەیمان مینبەری لە سنە کە گوتی "من سەرەخۆشیم ناوێ درێژە بە شۆڕش بدەن" و دایکی شەهید میلاد لە بۆکان کە گوتی "کچی کورد نەبم ئەگەر تۆڵەت نەستێنم میلاد گیان" ئەو ژنانە و دەیان ژنی ئاوا وەک دایکی شەهید کاروان و هاوژینی شەهید شەماڵ و دایکی شەهید سمکۆ و هاوژینی شەهید شۆڕش نیکنام بوونە ڕێبەری ئەو بزووتنەوەیە.

ئێمە کە ئەوانمان دەبینی کە بەبێ هیچ وانەکیەک بەبێ هیچ پاڵپشتێک دەهاتنە سەر شەقام و بەبێ ئەوەی کە کەس پاڵپشتییان لێ بکا وە لە هەمووی گرینگتر دەرسی باشیان بە کۆماری بەناو ئیسلامی دا و ئەوانی توانییان هەم لە کۆمەڵگادا هەنگاوێکی دیکە بنێن و هەم لە تەواوی جیهانیشدا دەنگدانەوەیەکی زۆری بوو. لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە ئێراندا بەگشتی ژنان توانییان ڕۆڵێکی باش بگێڕن و دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو و توانیان بە سەرکەوتنێکی باش بگەن لە کۆمەڵگەشدا چەند هەنگاو بڕۆنە پێشتر کە بەڕاستی ئەگەر ئەو خۆپیشاندانانە نەبایە بەشداریکردنی خەڵک نەبا نەیاندەتوانی ئەو شۆڕش یان بزووتنەوەیە لەو ماوە کەمەدا ئەوەندە بچنە پێشێ.

**شاماران:** وەک کۆتا پرسیار دەمهەوێ ئەوە بپرسم کە ئایا جنابت لەم بزۆتنەوەیە بریندار کراویت؟ یا خۆد هیچ هاورێت و کەسی دیکە بووە کە لە پێش چاوی جنابت بریندار بووبێ یان شەهید کراوبێ؟ هەروەها چ جۆرە چەکێک هێزە دڕندەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە ئێوە خۆپێشاندەران بەکار ئەهێنا؟

**سەرگوڵ ئیبراهیم نەژاد:** من خۆم خۆشبەختانە بریندار نەکراوم بەڵام، هاورێم لەلا بریندار بووە کە ئێمە ناتوانم بڵێم خۆشبەختانە یان بەداخەوە هیچ شناختێکمان لەسەر یەکتری نەبوو بۆ برینداركردن و ئەو شتانە لە شوێنێکیش ئاماژەم پێ کردبوو کە بۆ بریندارکردنەکان هیچ شناسێکمان لەسەر یەک نەبوو بەڵام شتێک کە من لێرەدا لەبیرم چوو باسی بکەم ئەویش ئەوە بوو کە ئێمە ئەو کاتەی لەو خۆپیشاندانانەدا بووین

ئەکسەرەن لیباسەکانمان ڕەش بوو لەبەر خاتری برینداربوون

ئەو هاوڕێیانەی کە بریندار دەکران بەداخەوە نەیاندەتوانی دەنگێ بکەن.

ئەگەر کەسێک برینداریش بایە نەیدەتوانی هاواریش بکا لەبەر خاتری ئەوەی کە ئاشکرا نەبێ. هیچ لەونێوانەدا متمانەی بە کەس نەبوو چونکە لەنێو خۆپیشاندەران بە داخەوە کەسانی کاربەدەستی ڕێژیم و ئیتلاعاتی تێدا بوو.
بەداخەوە ئەوە بۆ ئێمە زۆر کێشەیەکی گەورە بوو



سەرچاوە
Serchawe

کەس ئەوە نەبوو ئیتمینان بە کەس بکا برینداریش بووبایە دەنگی بکا یان هاوارێک بکا کە بە شێوازێک بزانین کە بریندارە. بەتایبەت ئێمە کە لە شەودا زیاتر خۆپیشاندانەکانمان هەبوو بە شەودا هیچمان نەدەبینی و زیاتر لە شوێنە تاریکەکان بووین خوێن یا ئەوە کە بلێ بزانین هاورێییەکەمان بریندارە مەگە ئەو هاورێیانەی کە شناسمان لەسەری هەبا.

هەر وەک پێشێش ئاماژەم پێ کرد بەڵێ هاوڕێم بینیوە کە دەسگیر کراوە بەداخەوە. کچێک بوو کە شناسم لەسەری نەبوو وەک بزانم کێیە و ئەوانە بەڵام ئافرەتێک بوو دەسگیر کرا. کاتێک نیرووی گەشتی ئێرشاد هات لە ماشێنی هاویشت پیاوێک هات قۆڵی گرت گوتی "قۆڵم مەگرە خۆم دەڕۆم من بە شانازییەوە هاتوومەتە دەرێ و خۆپیشاندان دەکەم و بە شانازیشەوە خۆم دەچمە نێو ماشێنەکە، پێویست ناکا تۆ قۆڵم بگری" بە شێوەیەک پیاوەکەی ڕاپسکاند و دەستی بەر دا خۆی چوو نێو ماشێنەکە.

ئەوە یانی یەکەم خۆمیشاندانەکان بوو کە لەنێو شاری بۆکان بوو ڕووی دا. بەداخەوە لەکن پۆستبانکی کشاوەرزی لە خیابانی وەحدەت بوو ئەلەوێ ئەو خاتوونە دەزگیر کرا و هەروەها هاورێیەکی دیکەمان بریندار کرابوو کە چل ڕۆژ لە تەزاوەڕات بوو ٧٠ یان ٨٠ ساچمەی لە دەستیدا بوو دەستی زۆر زۆر بریندار بوو کە خۆی نەیدەتوانی بچێتە دوکتوربەس بە پەرۆیەکی ڕەشیش بەستبووی بۆوەی کە دیار نەبێت

زۆر بە شێوازێک کە ئەو هاورێیە بەداخەوە ئێمەش نەماندەتوانی بیبەینە نەخۆشخانە بۆخۆشم چەند ساچمەیەکم بە مووکێش بۆ دەرهێناوەتەوە. هاورێیەکی دیکە بوو کە ناتوانم ناوەکەی بێنم، ئەو هاورێیەش کە بریندار بوو لە خۆپێشاندانەکاندا چەند کەسێکی دیکەش کەسێکی نزیکی خۆشم کە بریندار بووە هاورێیەک بوو کە چەند ساچمەیەک بەداخەوە کە بریندار بوو هەر هاواریشی نەکربوو کە بلێ وێمکەوتۆ زۆربەی کەسەکان کە وێیان دەکەوت نەیاندەتوانی یەکەم شەو بوو کە کەس نەیدەبینی، دووهەم کە بە خاتری ئەوەی کە نەماندەتوانی کەس لە کەس موتمەئین نەبوو بەخاتری ئەوەی زۆربەی هاورێیانیش کە بریندار دەبوون نەماندەزانی کەسێکی خۆشم کە بریندار بوو، ساچمەکانم بۆم دەرهێناوەتەوە.

هەروەها زیاتر فیشەکمان دەدیت، تەنانەت فیشەکی کەلاشمان دەدیت، بەڵام وەک هاورێیان هیچیان نەدیوە بە فیشەک بریندار بوون، بەڵام بە ساچمەی تاپڕ بریندار نەبوون، زۆریش. بەداخەوە سەر، چاو، پشت، زگ، لە هیچکۆ درێغیان نەدەکرد، کە ئەوانەمان بینی هاورێم هەیە کە چاوی بریندار بووە، بەڵام لەکن کەس دەنگ نەکراوە، بەخاتری وەی کە ئاشکرا نەبن، کەس پێیان نەزانێت، بەڵام خۆشبەختانە هاورێم نەبووە لەکن من شەهید بێ، چونکە ئەگەر هاورێیان برینداریش بووبن لەو کاتەدا برینەکەیان وا نەبووە کە جێی خەتر بێ، یان ماوەی خوێنڕێژی زۆر بێ خۆشبەختانە هاورێم

لەکن من شەهید نەبووبێ.

هاوڕێیەکی جێگای متمانە کە بەداخەوە ئەلان لە ژیاندا نەماوە، لە سەرەتای شۆڕشی ژینادا دەستی پێ کردبوو، ماوەی سێ ڕۆژ، ٢٧، ٢٨ ڕۆژێک دەبوو شۆڕش دەستی پێ کردبوو بەداخەوە سێ هاوڕێ لە شاری سەقز شەهید کران، کە شەو بوو لێیان درابوو کە شەهید کران تەرمەکانیان کەوتبووە دەستی، کۆماری ئیسلامی، بەداخەوە ئەمە نازانین ئەو کاتەی کە لێیان دابوو یەکسەر شەهید کرابوون.

بەو شەوە بنەماڵەی هەر سێ شەهیدیان بانگ کردبوو، پێشنیاری پووڵیان پێ کردبوون، لە ئیتلاعات، کە نابێ لەکن کەس دەنگێ بکەن کە ڕۆڵەکانیان شەهیدکراون و کوژراون و ئەوان قەبووڵیان نەکردبوو.

کاتێک دایکی یەکێک لە کوڕەکان زۆری داوای بینینی تەرمی کوڕەکەی کردبوو، ئیجازەیان نەدابوو و هەتا سێی بەرەبەیان لەوێ قسەیان بۆ کردبوون، ئەوانیش داوای تەرمی منداڵەکانیان کردبۆوە، بەداخەوە نەیاندابوونەوە بەو حاڵەش بەزەییان پێیاندا نەهات و هەر بەو شەوە بە جەروسەقیل لەولای شاری سەقز لەژێر خاکیان نابوون.

لەلایان هاوڕێی متمانە پێکراوەوە کە خۆی ئەو شتەی بینیبوو

و ئەو کات لە پادگانی سەقز سەرباز بوو گوتی ئەو کاتەی کە ئەو شتە ڕووی دا، نیگەهبانەکان و سەربازەکانیان هەموو لابردبوو، نیگەهبانەکان لە ئی خۆیان بوون بە شێوەیەکی ڕێکەوت بەسەریاندا چووبوو کە ئەو شتەی بینیبوو دوایە هەموو ئەو شتانە دیکەیکە گوێی لێ بوو، دەنا نیگەهبانەکانیان لەخۆیان بوون بەداخەوە هەر بۆی سەبارەت بە ناسنامەی ئەو کەسانە هیچ نازانم.

**شاماران**: سپاس

سپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## د. لەیلا مرەوتی: بزووتنەوەی ژینا هاوسەنگیی هێزی تا ڕادەیەک لە بەرژەوەندیی کوردستان گۆڕی



شەهرام سوبحانی:

### ئاماژە:

خەباتی مەدەنی لە سیستمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکاندا هەمیشە جێی مشتومڕ بووە و پێوەندیدار بە پرسی کورد و خەباتی نەتەوایەتیی ئەم گەلە دژی کۆماری ئیسلامی لە زۆر ڕەهەندەوە باسهەڵگر بووە. دوای نیزیک بە سەدەیەک خەباتی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیاری جەوهەری ئەوەیە کلیلەکانی سەرکەوتنی ئەم خەباتە چین؟ ئایا خەباتی پێشمەرگانەیە، یان خەباتی مەدەنی و جەماوەری، خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی؟ ئەم باسە تەوەری سەرەکیی دیمانەیەکی "کوردستان"ە لەگەڵ د. لەیلا مروەتی، شرۆڤەکاری سیاسی.

**شەهرام سوبحانی: د. لەیلا با هەر لەو پێشەکییەوە بچینە نێو باسەکە کە ئێوە کلیلەکانی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لەچیدا دەبینن؟ لە کام ڕەهەندی خەباتدا؟**

**د. لەیلا مرەوتی**: لەپێشدا پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە خەباتی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان هەتا ئێستا سەرکوتوو بووە؟ یا شکستی خواردووە؟ یا نە، بەردەوام ئەو خەباتە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا درێژەی هەیە؟ من پێم وایە کە ئەو خەباتە بەردەوام درێژەی هەیە، بەڵام بە نیسبەتی ئەوەیکە ئێمە لەو خەباتە هەم خەباتی چەکداریی پێشمەرگە ئەبینین، هەم جموجۆڵی مەدەنیی خەڵکی کوردستان ئەبینین بە شێوەی گشتی و هەم مێژووییەک دەبینین کە لە کۆتاییدا بەو ئاکامە ئەگەین ئەم خەباتە بەشێک لەو خەباتانە بووە کە ساڵیانێکی ساڵ بەسەردا تێپەڕ بووە بەڵام لە واقعیەتا بە نیسبەتی ئەو مێژووە ئەو شەڕەی کە پێشمەرگە ئەنجامی داوە، بە نیسبەتی ئەوەیکە خەڵکی کوردستان زۆر کات پاڵپشتی حیزبەکان بوون، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە بە بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی بگات. ئەوە بەو مانایە نییە کە شکستی خواردووە بەو مانایەیە کە هێشتا ئەو بەربەرەکانێی بەینی حکوومەت و ئەو شەڕ و فشارەی حکوومەت بەسەر خەڵکی کوردستان بە سەر پێشمەرگە و ئەو خەباتەی ئەهێنێ زۆرە، یانێ بەشێک لە کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردنی ئەو خەباتە و ئەوەیکە حکوومەت لە تەواوی هێزی خۆی کەڵک وەردەگرێت کە ئەو خەباتە سەرکوت بکات. ئەڵبەتە ئەمە تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە. ئەوینین کە لە مێژووییەکی هەشتا ساڵەدا چ لە دەورەی پەهلەوییەکان و چ لە دەورەی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام ئەو دوو ڕێژیمە خەباتی کوردستانیان سەرکوت کردوە، بەڵام نەیانتوانیوە لە بەینی بەرن و لە هەمان کاتتدا خۆدی کوردیش نەیتوانیوە بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی بگات. بۆ نموونە: ئایا دوای ٨٠ ساڵ کورد توانیویەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بێت؟ نە، ئایا کورد توانیویەتی بە فیدراڵیزم بگات؟ نە، ئایا کورد توانیویەتی بە خودمۆختاری بگات؟ نە، ئایا کورد توانیویەتی بە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بگات؟ نە، ئایا ڕێژیم توانیویەتی هەموو خەباتی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان لە زمانی خەڵک لە دڵی خەڵک و کە لەگەڵ پێشمەرگە هاوڕا بوونە لەبەینی ببا؟ نە، و ئەو خەباتە بەردەوام درێژەی هەیە یانێ ئێمە لێرە لەگەڵ دوو مەسەلە ڕووبەڕووین. یەکەم فشاری کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتایی هاتنە سەرکارییەوە بە سەر خەڵکی کوردستانی هێنا ئێوە دەزانن هەر لەو کاتا کە خۆمەینی هاتنەسەرکاریەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە تەحریمی ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی کە وەکوو نێوەرۆکی مەشروعییەتی خۆی دەیناسی نیشانیان دا کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نین و ئێمە دەشبینین کە سپای خۆمەینی هێرشیان کردە سەر خاکی کوردستان و ئەو شەڕەیان بە سەر خەڵکی کوردستانا داسەپاند. خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە وەکوو دوو هێزی بنەڕەتی لە کوردستان ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی مانەوە و لە گەڵیا شەڕیان کرد بەردەوام ئەوە درێژەی هەبوو بەڵام ئەوە لە عەینی حاڵدا کە ئەو مێژووە لێی دەکۆڵینەوە دەگەینە ئەم دەورە ئەوینین کە نە کۆماری ئیسلامی لە کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی کورد سەرکەوتوو بوو، نە بزووتنەوەی کورد توانیویەتی بە مانای واقعی بە ئامانجەکانی بگات. یانێ ئێمە لە جۆرێک هاوسەنگی هێز لە بەینی ئەو دوو تەرەفەین و لەو هاوسەنگییەدا هیچکام نەیتوانیوە ئەوەی دیکە لە بەین ببات و لە عینی حاڵیشدا خۆشی نەیتوانیوە سەرکەتوو بێ.

بابەتێکی گرینگ ئەوەیە لە دوای بزووتنەوەی ژینا ئەو بالانس و هاوسەنگی هێزە لە بەینی کۆماری ئیسلامی و کورد بەگشتی تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی پەیدا کردوە، بە تایبەت لایەنی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و قورسایەتی قسە و

کرداری زۆرتر بوو هەرچەند سەرکوت لە کوردستانا زۆرتر بووە. بەتایبەت لە دوای بزووتنەوەی ژینا بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ و هیزێکی ڕادیکاڵ هاتە نێو مەیدان کە هاوسەنگیی هێزی تا حەدێک بە نەفعی خەڵکی کوردستان گۆڕی.

**شەهرام سوبحانی:** چۆن چاو لە دۆخی بزووتنەوەی مەدنی چ لە کوردستان یان لە ئاستی ئێرانیشدا لە دوای سەرکوتی بزووتنەوەی ژینا دەکەن؟

بێگومان بزووتنەوەی ژینا ئەزموونێکی تایبەت بوو بۆ خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی چونکێ بۆ یەکەمجار کوردستان کە خۆی وەک حاشیە وابوو و پەراوێز خرابوو بۆ خۆی ئەبێ بە ناوەندی جموجۆڵێکی ڕادیکاڵی ئینقلابی یا بزووتنەوەیەکی ئینقلابی کە لە نێوخۆیدا پۆتانسییەلی ئینقلابی بوونی هەیە یانێ لە هەلومەرجی پیشا ئینقلاببوون قەراری گرتووە و ئەوە شتێکی تایبەتە لە بزووتنەوەی کورددا. بەڵام ئەوەیکە ئەو بزووتنەوە کە سەرکوت کرا، ئایا خەباتی مەدەنی گۆڕانی پەیا کرد لە کوردستان یا بەگشتی لە ئێران دیارە خەباتی مەدەنی لە کوردستان هەرواکە لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێ کرد لەبەین نەچوو، بەڵکوو خەباتی مەدەنی شکڵی جیاوازی بە خۆی گرت.

بۆ نموونە: ئێمە ئەزانین مەراسمێک وەکوو نەورۆز هەمیشە بۆ کورد نەورۆز جۆرێک هێمای سیاسی و نیشتمانی و لەنێو خەڵکی کوردستاندا ئەرزش و بایەخێکی زۆری هەبووە و هەیە. بەڵام لە دوای بزووتنەوەی ژینا بینیمان کە لە کوردستان هەڵپەڕکێ نەورۆز ئەو جوغرافیاییە گەورەتر بووە و هەر لە خۆی و ماکۆ هەتا ئابدانان و ئیلام و خوارەوەتر کە ئێمە شتێک بەناوی مەراسمی نەورۆز دەبینین هەڵپەڕکێ نەورۆز و ئاگر و لیباس و ڕەنگی جۆراوجۆر دەبینین هێما گەلی کوردی دەبینین ئیعترازێکی زۆر تایبەت دەبینین کە یەکدەنگە، یەکڕەنگە بە هەڵپەڕکێ کوردی کە بۆ خۆیی نەمادێک لە یەکڕەنگی و یەکدەنگی لە کوردستانە. ئەوە بەشێک لەو خەباتی مەدەنییەیە کە لە دوای بزووتنەوەی ژینا بەهێزتر ئەوێ، چ لە باری جوغرافیایی و چ لە باری حەشیمەتەوە. مەسەلەیەکی تریش لە بەحسی خەباتی مەدەنیدا ئەوەیە کە ڕێکخراوە مەدەنی لەناو کوردستانا بەهێزتر و بەهێزتر ئەبن هەرچەند حکوومەت گەرەکیەتی هەموویان پەراوێز بخات، بە تایبەت فشارێکی زۆر دەخاتە سەریان کە زۆریان مەحدوود بکاتەوە و زۆریان کۆنترۆڵ بکات و کەسانێک کە لەو ڕێکخراوانەدا هەن دەستبەسەر دەکرێن، بە تایبەت ژینگەپارێزان. بەڵام ئەوانیش نە تەنیا لاواز نەبوون بەڵکوو بەهێزتر و بەهێزتر ئەبن.

**شەهرام سوبحانی:** بە سەرنجدان بە ئاماری گرتن و بەندکردن و حوکمدانەکان، ڕێژیم ئەو هەمووە تێچووە قورسە بۆ بەسەر بزووتنەوەی مەدەنی و جەماوەریدا دەسەپێنێت؟

ڕێژیم بە چەند هۆکار ئەو کۆمەڵگەیە سەرکوت دەکات. هۆکارێکی ئەوەیە گەرەکیە نەهێڵێت دووبارە شتێکی وەک بزووتنەوەی ژینا شکڵ بگرێت. بەشی دووهەمیشی ترسی ڕێژیمە کە دەبێتە هۆی ئەوەیکە سەرکوتکردنەکان زۆرتر بکات بۆ

ئەوەی کە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و پێشگیرییەک بکات لە دۆخی ئینقلابی لە ئێران بە تایبەت لە کوردستانا. ئەڵبەت دەتوانم بڵێم هۆکاری دیکەشی هەیە ئەویش ئەوەیە هەروا کە پێشتر باسم کرد کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران زۆر لاواز عەمەڵ دەکات و هەرچەند لە وەختێکا لە شەرایەتێکدا ئەو کۆمەڵگە ئەیتوانی ئاڵوگۆڕێکی ئینقلابی لە پێوەندی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ حکوومەت دروست بکات. بەڵام ئەنجامی نەدا بە هۆی ترس بە هۆی ئەوە بوو کە ڕێکخراو نەبوو و حکوومەت بۆ ئەوەی کە دووبارە شۆڕشێکی دیکە بزووتنەوەی ژینایەکی تر لەدایک نەبێت. بۆیە حکوومەت ئاماری گرتن، کوشتن، و ئێعدامەکان دەباتە سەرێ و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش. هەرچەندێک کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران و نێوخۆیی ئێران ڕادیکاڵتر عەمەڵ بکات لە دەرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەوتیش بە نیسبەتی ڕێکخراوە و دۆخی نێوخۆیی ئێران ڕادیکاڵتر ئەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: لە تەنیشت بایەخدان بە خەبات و بزووتنەوەی مەدەنی، ئەو پرسیارەش هەمیشە دەکرێ کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە زەبری زۆر دەڕووخێن. پێتان وایە لە سەردەمی ئێستادا و بەپێی ئەزموونەکان لە ناوچە و دەوروبەرمان خەباتی مەدەنی سەرکەوتووترە یان خەباتی چەکداری؟

ئەم پرسیارە زۆر گرینگە چونکە ئێمە ئەباتە سەر دوو پرسی ئەساسی و تایبەتی، یەک ئایا ڕووخانی ڕێژیمەکان بە تایبەت ئەگەر باس لە ئینقلاب بکەین ئایا ئینقلابەکان دەبێ لەگەڵ شێوەیەک لە توندوتیژیی سیاسی تێکەڵ بن یا ئینقلابەکان بە ئارامی ئەتوانن ڕوو بدەن؟ وەکوو ئەو شتەی کە بە ناوی ئینقلابی مەخمەڵی لە وڵاتەکانی ئورووپای شەرقی ئەیناسین، دوو، ئایا بۆ ڕێژیمێکی تۆتالیتر وەکوو کۆماری ئیسلامی شەڕی چەکداری ئەتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی ئەم حکوومەتە؟ یا خەباتی مەدەنی ئەتوانێ لە کۆتاییدا حکوومەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ؟ وڵات گەلێک کە ئینقلابی مەخمەڵی و ڕەنگینیان ئەزموون کردوە کە لە ئورووپای شەرقی بوون لە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت زۆر جیاواز بوو و ئەساسەن بۆ وڵاتێکی وەکوو ئێران ئەوەیکە ئایا ئینقلابێکی مەخمەڵی یا ڕەنگی وەڵام بداتەوە زۆر باس و قسەی هەیە کە ئێستا باسی ئێمە نییە، چون ئەوە بابەتی خاسی خۆی گەرەکە، بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی بە نەرمی و بە ئارامی دەڕووخێ یا شەڕی چەکداری؟ یەک مەسەلە گرینگە، کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی لە زاتی خۆی لەو ڕێژیمگەلەیە کە دەتوانین پێی بڵێن ڕێژیمهایەکی خۆدنابوودساز، ڕێژیم گەلێک کە خۆیان لە نێو خۆیاندا خۆیان دەڕووخێنن و هەڵدەتەکن. ئەڵبەتە ئەمە بەو واتا نییە کە کۆماری ئیسلامی خۆی خۆی دەڕووخێنێ و ئیتر هیچ کارێک نابێ بکرێت. نا، مەبەست ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی پۆتانسییەلی تایبەتی بۆ ڕووخان هەیە. بە نیسبەت شەڕی چەکداری دەتوانم بڵێم ئیمڕۆ شەڕی چەکداری، شەڕی دەورەی ١٩٥٠ - ١٩٧٠ نییە. دەورەی شەڕگەلێ چریکی نییە، لە قەرنی ٢١دا شێوازوجۆری شەڕەکان زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. چۆن ئەساسەن تەسلیحاتی نیزامی ئیتر ئەو تەسیلحاتەی پێشوو نین ئێمە دەبینین شەڕ زۆرتر لەوەی کە شەڕێکی کلاسیک بێت ئێستا زیاتر شەڕی دنیای ئێلکترۆنیکە. شەڕی نوێیە. بەپێی ئەو پێشکەوتنانەی کە ئیمڕۆ



سەرچاوە
Serchawe

لە حەوزەی تەسلیحاتا لە دنیا هەیە هەموو جۆرە شەڕێکمان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت شەڕی سایبێری ئەبینین، توانایی ئینسانی ئەبینین و زاڵبوونی ئینسان لە ڕێگەی ژیریی دەستکرد بە سەر ئەو شتانە ئەبینین. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بەشێک لەو توانا نیزامییەی هەیە و لێرەدا ئەو پرسیارە بۆ ئێمە پێش دێ، ئایا بە نسیبەتی ئەو هێز و توانا سەربازییەی کۆماری ئیسلامی هەیەتی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەگشتی ئۆپۆزیسیۆنەکان توانایی ئەوەیان هەیە لەبەرانبەر ئەو نیزامە کە ئەو هەموو ئیمکاناتەی لە ئێختیار دایە بەرنگاری ببنەوە؟ ئایا لە باری جوغرافیایی و دۆخی ژئۆپۆلۆتیک ئەو ئیمکانەیان هەیە کە بتوانن شەڕێکی درێژخایەن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن؟ ئایا هاوکات لە شەڕی چەکداری بە مەفهوومی مۆدێرن ئەتوانن کەڵک وەربگرن؟ ئایا ئەوندەیان هێز و قابلییەت هەیە کە هاوکات شەڕی چەکداریان دژ بە کۆماری ئیسلامی بێت؟ ئەمە لە ئەسڵدا کێ دەبێ وڵامدەر بێت؟ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە شەڕی چەکداری هەیە و هێزی چەکداریان هەیە یانێ لە بەراوەردی هێزی خۆیان و کۆماری ئیسلامی پێیان وایە کە ئەو هێزە چەکدارییەیان هەیە و ئەو هێزەی ئەوان ئەتوانێ لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بێت. کە ئەگەر ئەو هێزە بوونی بێت بە پێی بەراوەردێکە لە بەحسی شەڕهای چریکی بە پێی ئەو بەراوەردێکی کەن بۆ خۆیان ئەتوانن وڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە و ئەوەی کە ئایا بەو هێزە ئەتوانن کۆماری ئیسلامی برووخێنن یا نە؟ جابۆیە هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد بە نیسبەتی دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێژیمە زەمینەی رووخانی هەیە بە هۆی ئەو دۆخە ئێقلیمی و جوغرافیایی و گەندەڵییەی کە هەیەتی هەروەها هێزی مەدەنیش بۆ خۆی ئەتوانێ بە شێوەیەک ئەو حکوومەتە بڕووخێنێ.

**شەهرام سوبحانی:** دوورەدیمەنی خەبات و نارەزایەتییەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی چۆن دەبینن؟

دیارە لە عیلمی سیاسەتدا پێشبینییەک بە نیسبەتی دۆخی داهاتووی وڵاتەکان ناکرێت یانێ ئەوەی کە بڵێن داهاتووی وڵاتێکی غەیرە دێموکراتیک چۆن دەبینین ئەبێ بە دەوڵەتێکی دێموکراتیک یا بە پێچەوانەوە ئایا دەوڵەتێکی دێموکراتیک ئیمکانی هەیە برووخێت و ببێتە دەوڵەتێکی بێ سۆباتی غیرە دێموکراتیک؟ لە واقعیەتی دنیای سیاسەتدا هەر ئاڵوگۆڕێک دەتوانێ ڕوو بدات بەڵام بە پێی دۆخی کۆماری ئیسلامی هەروا کە گوتم زۆرتر ساختاری لە ڕێژیمێکی خۆدنابوودسازە وەک ئەو ڕێژیمانەی کە خۆیان لەناو خۆیاندا یەکتری لەبەین دەبەن مەگەر ئەوەیکە ئەوە ڕێژیمە بێت ئاڵوگۆڕێکی کامڵ و بنەڕەتی لەنێو خۆیدا، لە حاکمیەت و یاسای بنەڕەتی، لە شێوازی پێوەندی لەگەڵ خۆی و خەڵک، لە سیاسەتی نێوخۆیدا ئاڵوگۆڕێکی تایبەت لە پێوەندی خۆی لەگەڵ دنیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە باسکەکانی ئیجرایی و سیاسەتەکانی دەرەکی وەکوو ئەوانەی کە بەناو گرووپە نیابەتییەکانی ناسیاون، ئەبێت ئاڵوگۆڕێکی زۆر تایبەت پێک بێنێت و هەرچی شتە لە نوێ دروست بکاتەوە، ئەو شتەی کە زۆرێک پێی دەڵێن ئیسلاح و ڕیفۆرم. بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئەو ئەسڵاح و ڕیفۆرمە لە ساختاری کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەو شەرایەتەی کە هەیەتی و هەروا هەر ئەو واقعیەتی ساختاری ئیدئۆلۆژیکەی باوەڕێکە بۆ خۆی لە چوارچێوەی فکری ئیسلامی سیاسی هەیەتی و ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ئابووریی ڕانتی نەوتییە ناکرێت. ئەوەی کە بەناوی ئیسڵاحات لە ماوەی ساڵیانی ساڵ تەحوێڵی خەڵکیان دا بێجگە لە درۆ هیچ شتێک نەبوو و ئەساسەن لە ساختارێک وەکوو کۆماری ئیسلامی شتێک بە ناوی ئیسڵاحات هەڵەیەکی گەورەیە و درۆ و فریوێکی گەورە بوو کە هەر لە ئەوەڵەوە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتی خۆی کردویەتە سەری خەڵک و بەو درۆانە زۆر کەسی فریو دا و ئەو ئیسڵاحاتە یانی ڕووخان یانی ئاڵوگۆڕ و تەنیا لە ڕووخاندا دەستەبەر دەبێت. یانێ کۆماری ئیسلامی ناتوانێ یاسای بنەڕەتی بگۆڕێ و نەڕووخێ. لە نەهایەتدا من پێم وایە بەو دۆخەی کە کۆماری ئیسلامی دەچێتە پێشەوە ئەگەری ڕووخانی هەیە بەڵام ناتوانین کات و زەمانی بۆ دیاری بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## د.ئارەزوو نەستانی: شەڕ و لێکەوتە دەروونی و توندوتیژیەکانیدژی ژنان و منداڵان




**دیمانە: شاماران**

لەو هەموو شەڕە وێرانکەرەی کە بەرۆکی جیهانی گرتووەوە دەمانەوێ لەسەر هندێ پرسی گرنگ ڕابوەستین و پێکەوە تـاوتوێ بکەیـن، بـزانین ئـاخۆ ئەو هەمـوو شـەرەی کە لە مێـژوودا روویـداوە چ قـازانج و دەسـتکەوتێکی لە مێـژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە، دەمانەوێ بزانین کە ئەو توندوتیژیانەی کە لە لەکاتی شەردا بەرامبەر بە ژنان و منداڵن ئەنجام دەدرێ چـین لەبەر ئەوەی کە قوربـانی سـەرەکی شـەڕەکان ژنـان و منـداڵانن، هەوەرهـا هەڵـسـەنگاندنی ئەو لـێکەوتە کۆمەڵایەتیە و دەروونیەی کە شەڕ بەدوای خۆیدائەهێنێ ، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو ئارەزوو نستانی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و مامۆستای زانکۆ دەبێ.

**د.ئارەزوو نەستانی: تا ئەوکاتەی عەقڵییەتی دانوستان نەبێ، جەنگ بەردەوامە**

**دیمانە:**

لەم دیمانەدا خاتوو د.ئارەزوو نەستانی لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە باسی جەنگ دەکا و سـەرنج دەخاتەسەر جۆرەکانی جەنگ و باسی ڕەوابوون و نەبوونی دەکا و ئاوڕێک لە جەنگی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش دەداتەوە.

د.نەستانی باسی ئەو ستەم و پێشێلکارییانەش دەکات کە لە جەنگدا ڕووبەڕووی کچان و ژنان دەبێتەوە و ئەو دەڵێت لە جەنگدا «گەشەی کۆمەڵگە جێگەی خۆی دەداتە داڕمانی کۆمەڵگە» و باسی ڕەهەندە زیانبەخش و وێرانکارییەکانی جەنگ دەکات.

**شاماران:** کاتێک باسی شەڕ دەکرێ مرۆڤ ناڕاستەوخۆ دیمەنی وێرانی و ئاوارەیی و برسیەتی و کوشتن و بڕین و خوێن دێتە بەرچاوی، پێناسەی شەڕ چییەو بەسەرنجدان بەوەی زۆربەی کات لایەنەکانی شەڕ بۆ پاساودان پشت بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی دەبەستن، ئایا شەڕ دەتوانێ ڕەوایی هەبێ؟

**د.ئارەزوو نەستانی:** لەوەتەی مرۆڤ خولقاوە پەنای بۆ جەنگ بردووە وەک ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی ویستەکانی و گەیشتن بە ئامانجەکانی. هەر مرۆڤێک، هەر بنەماڵەیەک و هەر کۆمەڵگەیەک کۆمەڵێک بەرژەوەندی و کۆمەڵێک بەهای تایبەت بەخۆی هەیە کە هەوڵی پاراستنیان دەدا. کاتێک ئەو بەرژەوەندییانە لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەوانیتر دژ دەوەستن، دوو ڕێگە دەکەوێتە بەردەم مرۆڤەکان یان کۆمەڵە مرۆییەکان و دەبێ ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر سنوور و چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیان یاخود پەنا بۆ جەنگ بەرن بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانیان. بە واتایەکی دیکە کۆتایی دیپلۆماسی دەبێتە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگ. ئەوەی لە پرسیارەکەدا سەبارەت بە پێناسەی جەنگ کراوە، لە ڕاستیدا جەنگیش وەک هەر دیاردەیەکی مرۆیی و لە چوارچێوەی زانستە مرۆییەکاندا پێناسەیەکی یەکگرتووی نییە و ناتوانین بە دیاریکراوی سنوورەکانی بکێشینەوە. هەندێ لە زانا و فەیلسووفەکان پێیانوایە جەنگ بەشێکە لە سرووشتی مرۆڤ و هەندێکیتر لە گۆشەنیگای یاساییەوە دەڕواننە جەنگ. ئەفلاتوون پێیوایە مرۆڤەکان بەشێوەی سرووشتی خۆشەویستی دەنوێنن بەرامبەر بە کەسانی نێزیکیان و لەهەمانکاتدا دوژمنایەتی کەسانی ئەغیار یان بێگانە دەکەن. یاساییەکان زیاتر گرینگی بە دەرەنجام دەدەن و گۆڕان لە دۆخی یاسایی دوای جەنگ، ماکی سەرەکیی پێناسەکەیانە. لە ڕوانگەی یاساییەکانەوە جەنگ هەوڵێکە بۆ گۆڕان لەو نەزمی یاساییەی لە پەیوەندیی نێوان وڵاتاندا لەئارادایە. بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین جەنگ پەنابردنی دوو یان چەند دەوڵەت یان یەکەی سیاسییە بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز لە نێوانیاندا. بەدەربڕینێکیتر جەنگ بریتییە لە سەپاندنی هەژمۆنی لایەنی بەهێز بەسەر لایەنی لاوازدا، ئەو کاتەی لایەنی بەهێز پابەند نییە بە بنەما ئەخلاقی، مرۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

تا ئەوکاتەی جیهان شاهیدی ناعەداڵەتی بێ لە دابەشکردنی سامان، تا ئەو کاتەی نەزمێکی جیهانیی عادڵانە کە ڕێز لە جیاوازییەکان و بەها مرۆییەکان لە سەر بنەمای جیاوازیی فەرهەنگ و زمان و داب و نەریتەکان نەگرێ، هەروەها تا ئەوکاتەی بڕیاردان لەسەر جەنگ و ئاشتی لە ڕێگەی دامەزراوە یاسایی و دێمۆکراتیکەکان نەدرێ، ئێمە شاهیدی جەنگ دەبین. مرۆڤەکان بەشێوەی سرووشتی زێدەخواز و هەڵپەرستن و لە نەبوونی سیستەمێکی دێمۆکراتیکدا کە ڕەنگدانەوەی ویست



سەرچاوە
Serchawe

و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە بێ، پەنابردن بۆ جەنگ وەک بژاردەیەک ئامادەیە. ئەوە بەو مانایە نییە کە جەنگ تەنیا لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا ڕوو دەدا بەڵکو دەتوانین بڵێین زۆربەی جەنگەکان بەرهەمی بڕیاری ڕێبەرە سەرەڕۆکان یان نوخبەی خۆسەپێنی کۆمەڵگەیە.

**شاماران:** پرسیارێک کە لێرەدا خۆ دەنوێنێ ئەوەیە ئایا جەنگ دەکرێ دەسکەوتی هەبێ؟ یان دروستتر ئەوەیە بڵێین دەکرێ باس لە جەنگی مەشرووع بکەین؟

**د.ئارەزوو نەستانی:** ئێمە لە یاسای نێودەوڵەتیدا جەنگی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانمان هەیە لەگەڵ فاشیزم. ئەوەی پەیوەندیی بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان هەیە دەتوانین بڵێین جەنگێکی ڕەوا و عادڵانەیە. کاتێک گەلانی ژێردەست ناتوانن مافە دانپێیانراوە نێودەوڵەتییەکانیان لە ڕێگەی ئاشتیخوازانە دابین بکەن، مافی پەنابردن بۆ چەکیان هەیە و ئەو جەنگە دەتوانێ یارمەتیی وەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ ئەو گەلانە دەستەبەر بکا. ئەو جەنگە لە پێناو سڕینەوەی ستەمێکی مێژوویی ئەنجام دەدرێ و ڕەوایی نێودەوڵەتی هەیە، لێرەدا لەگەڵ جەنگی ڕێگەپێدراو بەرەوڕووین کە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا دانی پێدا نراوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە لە یاسای نێودەوڵەتیدا سێ جۆر جەنگی ڕەوا و ڕێگەپێدراومان هەیە بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی لاسەنگییەکان. ئەو سێ حاڵەتە بریتین لە بەرگریی ڕەوا، کاتێک وڵاتێک بەرامبەر دەستدرێژیی وڵات یان وڵاتانی تر دەبێتەوە هەروەها دەستێوەردانی سەربازیی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە چوارچێوەی فەسڵی حەوتەمی پەیماننامەی ڕێکخراوەکە و حاڵەتی سێهەم بریتییە لە جەنگی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان کە ئاماژەم پێکرد.

**د.ئارەزوو نەستانی:** وەک دەزانین قوربانیانی شەڕ بەشی زۆری ژن و منداڵن هەر بۆیە پێم خۆشە بپرسم کە ئەو توندوتیژیانە کە ژنان و منداڵن لە شەڕەکانە بەرەوڕووی دەبنەوە چین؟

و: ژنان و منداڵان کەمترین دەوریان لە بڕیاردان لە جەنگدا هەیە، لە کاتێکدا بەتایبەت لە جەنگە کلاسیکییەکاندا زیاترین قوربانی دەدەن. هەرچەند لە کولتوورە جیاوازەکاندا و لە وڵاتە جیاوازەکاندا ئاستی بەشداریی ژنان لە بڕیاردانەدا جیاوازی هەیە بەڵام واقعییەت ئەوەیە تائێستاش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە سیستەمی نێرسالاریدا تێدەپەڕێ. بەواتایەکی دیکە ئەوە پیاوانن بڕیار دەدەن ژنان و منداڵان ببنە قوربانیی جەنگ. ئەو واقعیەتە تاڵەیە وایکردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیر لە کۆمەڵێک ڕێکاری یاسایی بکاتەوە بۆ پاراستنی ژنان و منداڵان لە جەنگەکاندا. دەبینین زۆربەی یاساکانی تایبەت بە ڕێکخستنی جەنگ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، گرینگییەکی زۆر بە پاراستنی ژنان و منداڵان لە



سەرچاوە Serchawe

جەنگەکاندا دەدەن. لە هەموو ئەو دەرکەوتە کارەساتبارانەی لە جەنگەکان دەکەوێتەوە وەک کوشتن، بریندار کردن، ئاوارە کردن، دەستدرێژی جنسی، برسیکردن و هتد، ئەوە ژنان و منداڵانن کە زیانمەندی سەرەکین. بەکورتی دەتوانم بڵێم ناعەداڵەتییەکی گەورە لەدابەشبوونی نەهامەتی هەیە لە جەنگەکاندا. ئەو دیمەنە کارەساتبار و ناخهەژێنانەی بۆ وێنە لە جەنگی نێوخۆی سووریا لە دەیەی ڕابردوودا یان لە جەنگی غەززە و ئیسرائیلدا لەمیدیاکاندا بڵاو دەبنەوە ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنن، لە کاتێکدا هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بڕیاردەرانی جەنگ نییە. ئەوە جۆرێکە لە ڕەواییدانی سیستەمی نێودەوڵەتی بەقوربانیکردنی ژنان و منداڵان. تەنانەت وەک ڕێگایەک بۆ یەکلاییکردنەوەی ئاکامی جەنگەکان لێی دەڕوانرێ. ئەگەر چاوێک بەو تاوانە نێودەوڵەتییانە بخشێنین کە بەپێی نیزامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بە تاوانی گەورە هەژمار کراون و زۆربەی وڵاتانی جیهان دانیان پێدا ناوە، ژنان و منداڵان قوربانییە سەرەکییەکانی ئەو تاوانەن. بەتایبەت لە هەریەک لە تاوانەکانی ژینۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتی ژنان و منداڵان پشکی شێریان لە کوشتن و بڕین و ئازاری جەستەیی و دەروونی بەردەکەوێ.

**شاماران:** ئەو وێرانییەی کە بەهۆی شەڕەوە دروست دەبێ: کۆمەڵایەتی، دەروونی، وێرانبوونی شارەکان و ژێرخانی ئابووری و... چەندە زیانی قەرەبوونەکراو دەگەیەنێتە ئەم وڵاتە و خەڵکەکەی؟ تاوانبارانی ئەو هەموو وێرانییە کێن؟

**د.نارەزوو نەستانی:** کاتێک باس لە جەنگ دەکەین سەرنجمان لە سەر دۆخێکە کە تێیدا کۆی ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگە بەرەو وێرانی و داڕمان دەڕوا. واتە گەشەی کۆمەڵگە جێگەی خۆی دەداتە داڕمانی کۆمەڵگە؛ چ لەڕووی ژێرخانی ئابووری، کۆمەڵایەتی یان دەروونی و چ لەڕووی ئەو کارەساتە ژینگەییانە بێ کە ڕوو دەدەن یان لەڕووی داڕووخانی ئەو متمانەیە بێ کە لە نێوان کۆمەڵگەکاندا پێویستە بۆ بەرەوپێشبردنی ژیان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. لەوانەیە ژێرخانی ئابووری قابیلی قەرەبووکردنەوە بێ بەڵام ئێمە چ لەو خەسارە ژینگەییانە بکەین کە قەرەبووکردنی ئەستەم یان ناءومکینە هەروەها چ لەو بێمتمانەییە بکەین کە لەوانەیە ژیانی چەندین نەوەی کۆمەڵگە بکاتە قوربانی. لەلایەکیترەوە ناتوانین هەموو جەنگەکان بەناڕەوا بزانین یان باشترە بڵێین ناتوانین هەموو لایەنەکانی جەنگ بەتاوانبار بزانین. هەر بەو هۆیەشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو کردەوانەی لە جەنگەکاندا ئەنجام دەدرێن و ئەو ئامرازانەی لە جەنگەکاندا بەکار دەبرێن یاسامەند کردوە. لە جەنگدا هەمیشە لانیکەم دوولایەنمان هەیەو هەرکامیان بە ئەنگیزە و هاندەری تایبەت بەشداری جەنگەکەن. بێگومان هەر دوولایەنیش دەست بۆ تاوان دەبەن لەبەر ئەوەی سرووشتی جەنگ ئەوەیە، تەنیا لەڕووی ئامانجی لایەنەکانەوە دەتوانین قەزاوەت لەسەر ڕادەی تاوانباربوونی هەرکام لەلایەنەکان بکەین.

**شاماران:** مەبەستتان چیە لەوەی دەڵێن جەنگ یاسامەند کراوە؟ لایەنەکانی جەنگ بە چ میکانیزمێک پابەند دەکرێن بەو ڕێوشوێنە یاساییانە؟

**د.ئارەزوو نەستانی:** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت دوای جەنگی جیهانیی دووەم دانی بەو واقعیەتەدا نا کە ناتوانێ پێش بە ڕوودانی جەنگەکان بگرێ. کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە مادام جەنگەکان ڕوو دەدەن چۆن دەکرێت زیانەکانی کەم بکرێنەوە. ئەوە فەلسەفەی دەرکردنی یاسای جەنگ بوو لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم ناویاننا یاسای نێودەوڵەتیی مرۆییان. ئەو یاسایە یان ئەو کۆمەڵە یاسایە کە دواتر پەرەی پێدرا و بابەتی جۆراوجۆری دیکەی تێدا جێکرایەوە، دەوڵەتان ئەرکدار دەکا بە پابەند بوون بە کۆمەڵێک ڕێوشوێن بۆ پاراستنی کەسانی مەدەنی، دیل و بریندارانی جەنگ و هەروەها شوێنە مەدەنییەکان و بابەتی تریش. کێشەکە لێرەدا وەک زۆربەی یاسا نێودەوڵەتییەکان جێبەجێکردنی یاساکەیە. لەڕاستیدا هیچ ئۆرگانێکی نێودەوڵەتی نییە بتوانێ جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو یاسایە زامن بکا. هەموو ئەو ئۆرگانە نێودەوڵەتییانەی یاساکان دەردەکەن یان ئەرکدار دەکرێن بەپابەندکردنی پێشێلکاران و لە ئەنجامدا هەموو ئەو ئەهرومە ئیجراییانەی پێشبینی کراون بۆ سزادانی تاوانبارانی جەنگەکان، لە دەوڵەتان پێک دێن. واتە ئەوە دەوڵەتانن کە هەم پەنا بۆ جەنگ و پێشێلکاریی مرۆیی دەبەن و هەمیش دەسەڵاتی سزادانی پێشێلکارانیان پێدراوە. ئەوەش پاڕادۆکسی یاسای نێودەوڵەتییە کە وایکردووە زەمانەتی ئیجڕایی ئەو پڕەنسیبانەی خۆیان دایانڕشتوە، ئەستەم بێ. بەکورتی دەتوانم بڵێم یاسای نێودەوڵەتی پێچەوانەی یاسا نێوخۆییەکان بەدەست کێشەی ساختارییەوە دەناڵێنێ. بۆیە تا ئێستا هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەری ئەو ناتەباییە بێئاکام بوون.

**شاماران:** وەک کۆتا پرسیار ڕۆژهەڵاتی نێوەراست زیاتر لە نێو جەرگەی ململانێ و شەڕ و تێکهەڵچووندایە و ئەگەری هەیە ئەم شەڕانە بەرفراوانتریش بن. پرسیارەکەم ئەوەیە کە جیاوازی نێوان جۆری توندوتیژی لەنێو شەڕ بەرامبەر بە ژنان و منداڵان، نموونە لە شەڕێکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەگەڵ شەڕێک کە لەناو جەرگەی ئەورووپادا وەک شەڕی ئوکراین و ڕووسیا چییە؟

**د.ئارەزوو نەستانی:** پێشتر باسی ئەوەم کرد کە زۆربەی جەنگەکان بەرهەمی تاکڕەویی ئەو ڕێبەرانەیە کە لە وڵاتانی دیکتاتۆڕدا بە میکانیزمگەلی نادیموکراتیک و خۆسەپێنانەدا گەیشتوونەتە دەسەڵات. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گیرۆدەی ئەو چەشنە حکوومەتانەیە. هەروەها لە ئەورووپاش وڵاتی نادێمۆکڕاتیکمان هەیە. ئێمە لە ڕووسیا، لە قەفقاز و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ئەو دیاردەیە دەبینین. لە هەموو ئەو ناوچانە کۆمەڵێک کێشەی چارەسەرنەکراو هەیە کە بەرهەمی زاڵبوونی فەرهەنگی دیکتاتۆڕییە یان باشترە بڵێین بێ فەرهەنگیی دیکتاتۆڕییە. بۆیە تا ئەوکاتەی عەقڵییەتی گفتوگۆ و دانوستان لە پەیوەندیی نێوان لایەنەکاندا زاڵ نەبێ، جەنگەکان بەردەوام دەبن تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکیش لە ژێر گوشاردا چەکەکانیان بێدەنگ بکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## دکتۆر فەوزیە: بوارە دەروونییەکانی کاتیسووڕی مانگانە لە ژنان و کچاندا




**دیمانە: جیهان بێتووشی**

**لەو دیمانەیەدا دەمانەوێ ئاوڕێک لە لایەنی دەروونی ژنان بدەینەوە لە کاتی سوڕی مانگانەدا ڕونکردنەوە بدەین لەسەر هەندێک پرسیار کە ئایا کێ بەرپرسیارە لە هۆشیارکردنەوەی کچان لە سەرەتای سوڕی مانگانە نیشانە دەرونیەکان چین؟ جیاوازی نیشانە دەرونیەکان لە سوڕی مانگانە و تەمەنی نائومێدیدا چیە؟**

**بۆ ئەو مەبەستەش دیمانەیەکمان لەگەڵ دکتۆر فەوزیە پسپۆری بواری کۆمەڵناسی و مامۆستای زانکۆ ئەنجامداوە**

**جیهان بێتووشی: ئایا پێویستە پێش گەیشتن بە ئەو تەمەنەی کچان توشی سوڕی مانگانە دەبن لە بواری دەرونی ئامادەکاری بکرێ؟ ئەوە ئەرکی چ کەسێک یان کەسانێکە؟**

**دکتۆر فەوزیە: بەڵێ دەبێت کچان پێش گەیشتن بەو تەمەن ئامادە بکرێن هەم لە لایەنی دەرونی هەم لە لایەنی جەستەیی بۆ ئەوەی بەدوربن لە خەمۆکی بەردەوام پێش ئەوەی کچان بگەن بە سوڕی مانگانە دەبێت ئامادەبکرێن لەلایەن**



سەرچاوە
Serchawe

خێزانەکانیانەوە بە پلەی یەکەوە بە تایبەتیش لە لایەن دایکانەوە چونکە کچ هەیە لە تەمەنێکی منداڵ واتە ٩ساڵی یان ١٢ ساڵی دەکەوێتە سورِی مانگانەوە بۆیە دەبێت کچان لەلایەن دایکیان یان یەکێک لە خانەوادەکەیان هۆشیار بکرێنەوە بۆیان ڕون بکرێتەوە کە پرۆسەکە چۆنە و نیشانەکانی چین تا کاتێک بۆ یەکەم جار خوێن دەبینێ هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ نەکا هەندێ جار دایکان یان خانەوادە ئەو هۆشیاریەیان نیە کە کچان ئاگادار بکەنەوە یان ڕونکردنەوەیان بۆ بکەن بۆیە ئەرکی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی ژنان رێکخراوە مەدەنیەکانە کە خول و دەورەی جیا جیا بۆ ئەو کچانە بکاتەوە کە نەکەوتونە سورِی مانگانەوە وشیاریان بکەنەوە و پرۆسەی سورِی مانگانەیان بۆ شیبکەنەوە لە ڕێگەی ڤیدۆ وێنەوە پشانیان بدرێت تا ترس و دڵەڕاوکێیان کەم ببێتەوە و پێیان بوترێ کە ئەو پرۆسەیە واتای باشی تەندروستی ئێوەیە.

**جیهان بێتووشی:** ئایا سورِی مانگانە کاریگەری هەیە لەسەر تێکچونی لایەنی دەرونی ؟

**دکتۆر فەوزیە:** لە کاتی سوری مانگانەدا تێکچونی هۆرمۆنەکان دەست پێدەکات کە ئەو تێکچونە هۆرمۆنانەش کاریگەری دەخەنە سەر لایەنی دەرونی چونکە تێکچونە دەرونیەکان و گۆرانکاری هۆرمۆنات دوو شتی پێکەوە گرێدراون بۆیە لە کاتی سورِی مانگانەدا هەندێ نیشانەی وەکو گریان و توڕە بوون و هەستکردن بە ماندووی هەست کردن بە تێکچونی پێست و ئازاری بەردەوام و حەزکردن بە مانەوە بە تەنیایی و مانەوە لە تاریکی نیشانەن بۆ تێکچونی دەروون.

**جیهان بێتووشی:** ئەو تێکچونە دەرونیانەی لە کاتی سورِی مانگانەدا دروست دەبن کاتین یان کاریگەری لەسەر ئافرەتەکە جێدەهێڵن؟

**دکتۆر فەوزیە:** وەڵامی ئەو پرسیارە بە ڕاشکاوانە دەبێت بڵێم دەکەوێتە سەر ئەو ژینگەیەی کە ژنەکە یان کچەکە تێیدا دەژی واتا تا چ ئاستێک خێزانەکەی یان دەوروبەرەکەی هەست بە ئازارو نارەحەتی ئەو ئافرەتە دەکەن.
دەبێت ژینگەیەکی بۆ دروست بکرێ کە سورِی مانگانە بە عەیبە سەیر نەکرێ و شتێکی ئاساییە و توڕە بوون و هاوارکردنی ئەو ژنانە بە ئاسای وەربگیرێ تا نەبێتە خەمۆکی و ژیانی دانەگرێت و نەبێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی، دوبارە دەکەوێتەوە سەر خانەوادە یان هاوسەری ژنەکە کە خۆی لەگەڵ نارەحەتی و بێتاقەتیەکانی ئەو چەند ڕۆژەی هاوسەرەکەی ڕابێنێت و هەوڵبدات ئارامی بکەتەوە خۆشەویستی بۆ دەرببڕێ تاکو حاڵەتە دەرونیەکان کاڵ ببنەوە و نەخۆش نەبن.

**جیهان بێتووشی:** ئایا تێکچونە دەرونیەکان لە کاتی سورِی مانگانەدا زیاترن یان لە کاتی وەستانی سورِی مانگانە لە ئافرەتانی سەروو ٤٠ ساڵی؟

**دکتۆر فەوزیە**: ڕاستە زۆر نیشانە تێکچونی دوروونی لەکاتی سوڕی مانگـانەدا وەدەردەکەون بەڵام زۆربەی کـات شتی ئـاساین و کپ دەبنەوە یان نامێنن چونکە ئەوە بە بەردەوامی هەموو مانگێک دووبـارە دەبێتەوە بەڵام تێکچونە دەرونییەکـان لەکـاتی وەستانی سوڕی مانگانە لە ئافرەتێکی سەرو ٤٠ ساڵی دەبێتە شتێکی بەردەوام واتە بەردەوام لەڕوی جەستەییەوە هەست بە ماندویی و نەخۆشی دەکات هەست بە نائارامی دەکات چونکە ئەو تەمەنە پێی دەوترێ تەمەنی نائومێدی و ڕۆیشتن بەرەو پیربوون ئەوەش وای لێدەکات هەمیشە هەست بە توڕەی و بێزاربوون دەکـات و هەروەهـا مومارەسـەی سێکسی لاواز دەبێت کە هەندێ جار ئەوەش لەلایەن پیاوانەوە دەکرێت بە کێشە و بەوەش ژنان هەست بە توڕەبونی خودی و بێزاربـوون لە دەوروبەر دەکەن بە پێی هەندێک لێکۆڵینەوەی سەرەتـایی زۆربەی ئەو ژنـانەی کە ژنی دوهەمیـان بەسـەردێت لەلایەن پیاوەکانیـانەوە لە سوڕی مانگانە وەستاونەوە بۆیە ژنان بەردەوام ترسیان لەو تەمەنی نائومێدیە هەیە.

**جیهان بێتووشی**: دکتۆر ئەگەر وەکو کۆتا پرسیار بڵێم ئایـا چارەسەر چیە بـۆ کەمکردنەوەی ئەو فشـارە دەرونیـانە ئێـوە چ ڕێنمایەکمان دەکەی؟

**دکتۆر فەوزیە**: لە کاتی سوڕی مانگانەدا تێکچونی دەرونی هەر هەست پێدەکرێ بەڵام دەتوانی کاڵتری بکەینەوە بەو چەنـد ڕێگایە؛

١- هۆشیـارکردنەوەی کچـان پـێش چـونە سـوڕی مانگـانە و ڕەخسـاندنی ژینگەیەکـی تەندروست لە کەوتـنە سـوڕی مانگـانەدا لەلایەن خانەوادە و کۆمەڵگە بە شتێکی عەیبە و ترسناک سەیر نەکرێ.

٢- ئامادەکـاری بکـرێ لە هەمـوو ئەو شـتانەی بـۆ ئـافرەتەکە پێویسـتە لە کـاتی سـوڕی مانگـانە وەک دەرمـان و کەرەستەی تایبەت و خواردنی باش و ڤیتامینات و کەشێکی ئارام .

٣- هەڵچونی ئافرەتەکە بە ئاسایی وەربگیرێ لە لایەنی دەوروبەرەکەیەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی ژنان - ڕێکەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠٢٥

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمەی ٢٧٢٤ی کوردی = مارچی ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ وەڵامدانەوە و ئامادەکارانی دیمانەکان.**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

